# داهاتووی عێراق لەچاوەڕوانی دەسپێشخەریەکەی بارزانیدا کۆبوونەوەی هەمووان لەسەر یەک مێز چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزێتەوە

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی هەشت مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی مارتی رابردوو، هەتا ئێستاش لایەنە عێراقییەکان نەیانتوانیوە بگەنە رێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و هەتا ئێســـتاش لایەنە عێراقییەکان نەیانتوانیوە لە دەوری مێزێك بۆ وتووێژ و گۆڕینەوەی بیرو بۆچوونەکانیان کۆببنەوە، لەم چوارچێوەیەدا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەریەکی ئاراستەی سەرجەم لایەنە عێراقییەکان کردووە بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە کۆببنەوەو پێکەوە چارەسەرێك بۆ کێشانەکانی ئێستای عێراق بدۆزنەوە، ئەم دەستپێشـــخەریەش بێجگە لەوەی لەســـر ئاستی ناوخۆی عێراق و لایەنە سیاســـییەکانەوە پێشوازی لێکراوە و چەندین کۆبوونەوەی سەرەتای بۆ ئەجیندای ئەو کۆبوونەوە هاوبەشە ئەنجامدراوە، لەهەمان کاتدا لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی بە تایبەتی کۆماری عەرەبی میســـر کە وەزارەتی دەرەوەی میســـر بۆ دەربڕینی پشتیوانی خۆیان بەیاننامەکیان دەرکردووە و تیایدا پشتگیری لە دەسپێشخەریەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی دەکەن، لەهەمانکاتدا لەسەر ئاستی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان و تورکیاشەوە پشتگیری لێکراوە و بە هەنگاوێك دادەنرێت بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکانی عێراق، سەبارەت بە گرنگی ناوەرۆکی ئەم و ئەو کۆبوونەوانەی لە هەفتەی رابردوو لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق گرێدراون، بۆ ئەم راپۆرتە نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و چەند پسپۆرێکی بیانی بەشداریان کردووین کە ئەمە پوختەی راو بۆچوونەکانیانە.



## د.فوئاد حوسێن وتەبێژی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم بۆ گوڵان:

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لەدەستپێشخەریەکەی سەرۆک بارزانی دەکات



- بەڕێز د.فوئاد حوسێن سەبارەت بەپشتگیری ئیدارەی ئەمریکا لە دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانی لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (بۆ پشتگیری لەدەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی، نەك هەر ئەمریکا بگرە دوێنێ(١٠/٢٧) میسر پشتگیری لێکرد، ئەمڕۆ (١٠/٢٨) تورکیاش پشتگیری خۆی راگەیاندو وڵاتانی تریش پشتگیری لێدەکەن، هەروەها رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیریی لێدەکەن، ئەم پشتگیری و هەڵوێستانە خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکە بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی جەنابی سەرۆك و سەرۆکی کوردستان و خەڵکی کوردستان، ئەمەش قورسایی کورد لەنێو عێراق و دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەدنیای دەرەوە نیشان دەدات، هەر لەسەرەتاشەوە کە جەنابی سەرۆکی هەرێم دەستپێشخەرییەکەی کرد، بۆ ئەوە بوو کەهەموو لایەك کۆبکاتەوەو لەسەر بنەمای بەرنامە گفتوگۆ بکرێت، چونکە تا ئێستا لایەنەکانی عێراقی بەچوار و پێنج قۆڵی یا شەش قۆڵی دانەنیشتبوون، هەر لایەك لەگەڵ لایەنێکی تر و زۆربەی جاریش سەرۆکەکانیان بەتەنیایی لەگەڵ یەکتر دادەنیشتن و گفتوگۆیان دەکرد و بەو شێوەیەش هاوپەیمانێتی دروست نابێت، هەتا ئەگەر هاوپەیمانیش دروست بێت، حکومەتی هاوپەیمانی بەمشێوەیە دروست نابێت، چونکە لەحکومەتی هاوپەیمانێتی باس لەبەرنامەو هەیکەلی حکومەتەکە دەکرێت، ئەگەر حکومەتێکی هاوپەیمانیش بێت هەموو لایەك پێکەوە دادەنیشتن. ئێستاش دانوستاندن و گفتوگۆ بەردەوامە رێگەیەکی دوور و درێژ لەبەردەمماندایە، رەنگە لەکۆتایی چارەسەرێکی تەوافوقی بێت، بەشێوەیەکی گشتی چارەسەرێکی تر نییە بۆ دەرچوون لەم کێشەی کە لەعێراق هەیە، جگە لەوەی پێکەوە دابنیشن لەژێر چەتری دەستپێشخەرییەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببنەوە)).

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا و سەبارەت بەو کۆبوونەوانەی کە هەفتەی رابردوو لە ئاکامی سەردانی لایەنە عێراقییەکان بۆ هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وتی: (ئەم مەسەلەیە چەند تەوەرێك لەخۆ دەگرێت؛ لایەك تایبەتە بەهاتنی سەرکردەی هێزە سیاسییەکانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەرێمی کوردستان پێگەی گرنگی هەیە، تەنانەت پێش یەك دوو ساڵ لەمەوبەر یەك دوو کەس لەو سەرکردە سیاسییانەی بەم دواییە هاتنە لای جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمیدیاکان باسی ئەوەیان دەکرد رۆڵی کورد لاواز بووەو وەك پێشان نەماوەو ناتوانێت مەسەلەکان یەکلایی بکاتەوە، بۆیە هاتنی ئەو هەموو سەرکردەیە ئەوە دەخاتە روو کە رۆڵی کورد کاریگەرە، هەر بۆیەش هەموویان هاتنە کوردستان. تەنانەت کەسانێك لەو سەرکردانە هاتنە لای جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە هزرو عەقڵ و سیاسەتیان دژی کورد بوون. بەڵام ئەم سەردانانە نەك تەنیا سەرکەوتن بوون بۆ کورد، بەڵکو بەگشتی بۆ هەموو عێراق، بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە باسی هەموو مەسەلەکان بکەن)).

دەربارەی ئەوەی ئایا ئەو کۆبوونەوانەی ئەنجامدراون ئاکامێکی ئیجابی ئەوتۆیان لێکەوتۆتەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا د.فوئاد حوسێن ئاماژەی بەوەکرد و وتی: ((ئەم کۆبوونەوانە کۆمەڵێك دەرئەنجامی لێدەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەی بنەمای گفتوگۆکردن و وتووێژەکان تایبەتە بەدامەزراندنەوەی حکومەتی نوێی عێراق و هاوپەیمانێتییەکان، لەلایەکی ترەوە هاتنی شاندی ئەمریکی بەسەرۆکایەتی ئەنتۆنیۆ بلینکن کە راوێژکاری نەتەوەیی جێگری سەرۆکی ئەمریکایەو دۆسێی عێراقی لەدەستدایە، کە رۆڵی کورد و سەرکردایەتی سیاسی کوردیان زۆر بە بەرزی نرخاند کەتێیدا رۆڵی جەنابی سەرۆکی هەرێم دیار و لەبەرچاوە، هەروەها باسی دەستپێشخەرییەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمیان کردو پاڵپشتیان لێکرد، دواتر دووپاتکردنەوەی ئیلتزاماتی ئیدارەی ئەمریکایە بۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتیکردن و پاراستنی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، چونکە شاندەکە کەبەناوی سەرۆك ئۆباماو جۆبایدنی جێگری سەرۆك قسەیان کرد، دووبارە ئەمریکییەکان ئیلتزاماتی خۆیان بەرامبەر گەلی کوردستان و ئیدارەکەی دووپاتکردەوە)).

**پشتگیریی کردن لە دەستپێشخەریەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی قورسایی کورد لەنێو عێراق و دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەدنیای دەرەوە نیشان دەدات**

**جگە لە دەستپێشخەرییەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی چارەسەرێکی تر نییە بۆ دەرچوون لەم کێشەیەی کە لەعێراقدا هەیە**

**ئەم سەردانانەی هێزە سیاسییەکان بۆ کوردستان نەک تەنیا سەرکەوتن بوون بۆ کورد، بەڵکو بەگشتی بۆ هەموو عێراق سەرکەوتنن**

## مارینا ئۆتاوای تۆژەری باڵا لە ئامۆژگای کارینجی بۆ گوڵان:

# بارزانی سەرۆکێکی ژیرە و لەمەسەلەکان تێدەگات و دەزانێت بەبێ حکومەتی شەراکەی نیشتمانی بارودۆخەکە سەقامگیر نابێت

پرۆفیسۆر مارینا ئوتاوای کە ئێستا تۆژەری باڵایە لە ئامۆژگای کارینجی و بەرێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراسەتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە لەهەمان ئامۆژگا، یەکێکە لە شرۆڤەکارە دیارەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا لەسەر ئاستی جیهان و خاتوو مارینا یەکێك بووە لەو پسپۆرانەی کەبەشداری لە نووسینەوەی راپۆرتی دیراسەتی عێراق(بیکەر-هامیلتۆن) کردووە و ئێستاش بەردەوامە لەسەر گرێدانی سیمینار و توێژینەوەی زانستی لەسەر باری سیاسی لە عێراقدا سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق، خاتوو ئۆتاوای لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربری و وتی: (بارودۆخی ئەمرۆی عێراق زۆر مەترسیدارە، وڵاتەکە ژمارەیەك کێشە و گرفتی هەیە و پێویستیی بە چارەسەرە، هاوکات تاکو ئەمرۆش کە ئەوە خەریکە دەبێت بە هەشت مانگ پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، بەڵام هێشتا حکومەت پێکنەهێنراوە. لەبەرئەوەی حکومەتی ئێستای عێراق دەسەڵاتەکانی بەسەر حکومەت لەمانگی کانوونی دووەم-دا ئێکسپایەر دەبێت، هاوکات وڵاتەکەش خەریکە دەبێت بە ساڵێك هێشتا خاوەن حکومەتێکی کارا و بەهێز نییە کە لەتوانایدا هەبێت بریار لەسەر لایەنە گرنگەکان بدات، هەربۆیە ئەم دۆخە زۆر مەترسیدارە).

سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکەی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عێراقدا ئۆتاوا ئەم دەستپێشخەرییەی بەگرنگ وەسف کرد و وتی: (بەرای من «بارزانی» سەرۆکێکی



زۆر ژیرە، لەبەرئەوەی تێروانینی هەیە و لە مەسەلەکان تێدەگات. هەموومان دەزانین کە ئەگەر کوردەکان بریاربدەن پاڵپشتیی لە»مالیکی»یش بکەن، و نوینەرانی سەدریش بەشداربن، ئەوا ناتوانن حکومەتێکی کارا پێکبهێنن لەبەرئەوەی پێکهێنانی حکومەتێك بەبێ نوێنەرایەتیی پێکهاتەی سوننەکان حکومەتێکی جێگیری لێ دەرناچێت. هەربۆیە پێموایە کە «بارزانی» هەنگاوێکی راست و دروستی هەڵگرتووە کە بانگەشە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی دەکات... گرنگی حکومەتی نیشتمانیش بۆ زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە بە دیاردەکانی توندوتیژی و پێکدادانەدا تێدەپەرن سوودێکی زۆری هەیە و یاردەدەر دەبێت لە بەرەوپێشەوەبردنی باری سەقامگیریی وڵاتەکە. پاش جەنگی جیهانیی دووەم زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان لە خولە سەرەتاییەکاندا هەڵسان بە پێکهێنانی حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی. پێموایە دوای تێپەرینی ماوەیەکی زۆر بەسەر بونیادی دیموکراتیدا، سیستەمی دیموکراسی پێویستیی بە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن دەبێت. بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان قۆناغی توندوتیژی و قۆناغی سەقامگیری، لەم چوارچێوەیەشدا بۆ ئێستای عێراق پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی زۆر باشە. بەڵام بەرای من پێداگرتنی «مالیکی» لەسەر مانەوەی وەك سەرۆك وەزیران، تاکە هۆکار نییە، بەڵام فاکتەرێکی سەرەکییە لە دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت. ئەگەر لەیادتان مابێت لەساڵی ٢٠٠٦دا «مالیکی» بەربەستەکانی شکاند کە رێگر بوون لەبەردەم پێکهێنانی حکومەت، ئەوەش بە هەڵبژاردنی «مالیکی» بوو وەك سەرۆك وەزیران و ئەوکات بەو چاوە سەیری «مالیکی» دەکرا وەك سەرۆك وەزیرانێکی لاواز. هەربۆیە، پێموایە کە ئەگەر بێت و سەرۆك وەزیرانێکی تری لاواز بوونی هەبێت، ئەوکات زۆر بەئاسانی دەتوانرێت رێککەوتن ئەنجام بدرێت لەسەر پێکهێنانی حکومەت. ئەمرۆ «مالیکی» پێی دادەگرێت لەسەر مانەوەی وەك سەرۆك وەزیران، ئەمەش وەکو هەرەشەیەکە بۆ پارت و لایەنەکانی تر. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم، ئەگەر هات و «مالیکی» دووبارە کرا بە سەرۆك وەزیران، ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لەو پۆستەدا بمێنێتەوە. بەواتایەکی تر، ئەگەر هات و «مالیکی» دووبارە کرا بە سەرۆك وەزیران، ئەوکات نەك تەنیا بۆ ٤ ساڵی داهاتوو، لەوەش دڵنیام کە پارتە سیاسییەکان لەم مەترسییەدا بەئاگان، کە پاش ٤ ساڵی داهاتوودا لادانی «مالیکی» لە پۆستی سەرۆك وەزیران زۆر زەحمەت دەبێت، لە ئێستا)).

بارزانی سەرۆکێکی زۆر ژیرە، لەبەرئەوەی تێڕوانینی هەیە و لە مەسەلەکان تێدەگات



سەبارەت بەرۆڵ و پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم پرۆسەیەشدا خاتوو مارینا وتی: (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخ بە چارەسەری کێشەکانی عێراق دەدات، لەبەرئەوەی ئەمریکا حەز ناکات ئێران دەسەڵاتێکی بەهێزی لە عێراقدا هەبێت. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا رادەیەکی زۆر کەم گرنگی بە سیاسەتی ناوخۆیی ئێران دەدات، بەڵام خوازیار نییە ئێران دەسەڵات بەسەر حکومەتی عێراق بسەپێنێت. هەربۆیە، کاتێك «موقتەدا سەدر» پشتگیریی بۆ «مالیکی» راگەیاند، کاربەدەستەکان لە «واشنتن» بەهیچ شێوەیەك دڵخۆش نەبوون بەو راگەیاندنە، لەبەرئەوەی ئەوان پێیانوایە کە هاوپەیمانێتییەك کە «مالیکی» و «موقتەدا سەدر»ی تێدا بێت، لە ئێران زۆر نزیکە. هەر بۆیە بەڕای هەموو لایەنە سیاسییەکان کە لە حکومەتی هاوبەش-دا بەشداردەبن، هەر یەکێکیان هەوڵدەدات لەپێناو گرەنتیکردنی وەڵامدانەوە بۆ خواست و داواکارییەکانیان، ئەمەش شتێکی رەوا و ئاساییە، بەڵام لەو بڕوایەدام کە هەندێ لە داواکاریی کوردەکان لەوانەیە جێبەجێ نەکرێت. ئەگەر هەڵە نەبم کورد داوای گرەنتیی کردووە و وتویەتی ئەگەر پشتگیریم لە حکومەت نەکرد و کشامەوە، دەبێت حکومەتەکە هەڵبوەشێندرێتەوە. ئەمە شتێکی نادەستووریە و داواکارییەك نییە کە بتوانرێت جێبەجێ بکرێت. ئەگەر نەتوانرێت زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمان وەدەستبهێنرێت، تەنیا ئەو کاتە حکومەتەکە دەڕووخێت و هەڵدەوەشێندرێتەوە. بەڵام ناکرێ بڕگەیەك یان مەرجێك دابنرێت و بڵێت: «حکومەت دەڕووخێت تەنیا لەبەر ئەوەی کوردەکان پشتگیریی خۆیان راکێشاوەتەوە.» هەربۆیە، بەڕای من پێویستە کوردەکان زۆر وریا و بەئاگابن و زۆر نەڕۆن لەمیانی پێشکەشکردنی داواکارییەکانیان. لێرەشدا بەپێویستی دەزانم بڵێم کە ئێستا زۆر پێویستە لەسەر هەموو لایەنەکان پابەندبن بە دەستوور. ئەمڕۆ عێراق دەستووری هەیە و هەڵبەتە دەستوور مایەی هەموارکردنە، ئەویش مانای ئەوەیە کە پێویستە پەرلەمان سەرلەنوێ دەست بکات بە ئەنجامدانی دانیشتنەکانی، بەڵام پێموایە کە ئەوە بارێکی زۆر مەترسیدارە کە سەرۆك وەزیران دەستوورەکە فەرامۆش بکات)).

بارزانی هەنگاوێکی راست و دروستی هەڵگرتووە کە بانگەشە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی دەکات

لەو بڕوایەدام کە هەندێ لە داواکاریی کوردەکان لەوانەیە جێبەجێ نەکرێت

بارزانی کەسایەتییەکە کە خەمخۆرە بۆ داهاتووی عێراق و بەرژەوەندییەکانی وڵات

## قاسم ئەعرەجی پەرلەمانتاری ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بۆ گوڵان:

# دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز «بارزانی» دەستپێشخەرییەکی باشە و هەڵوێستێکی پاکە و نیشانەی سۆزە بۆ ئەم وڵاتە

قاسم ئەعرەجی پەلەمانتاری عێراقی لەسەر لیستی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی بە هاوشێوەی دەستپێشخەرییەکەی سەماحەتی عەممار حەکیم لە قەڵەمدەدات و وەك هەوڵێکی نییەت پاکی و ئیرادەی خێری بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق وەسفی دەکات و لەمبارەوە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز «بارزانی» دەستپێشخەرییەکی باشە و هەڵوێستێکی پاکە و نیشانەی سۆزە بۆ ئەم وڵاتە، عێراقی ئازیز، هەروەها بوو بە تەواوکارێك بۆ دەستپێشخەرییەکەی سەماحەتی سەید «عەممار حەکیم»، کاتێك کە ماوەیەك بەر لە ئێستا بانگهێشتیکرد بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی «مێزی بازنەیی». ئێمەیش وەك ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەگەڵ بەڕێز «بارزانی» خاوەن چەندین خاڵ و لایەنی هاوبەش و لێکچووین، بەڕێز «بارزانی» کەسایەتییەکە کە خەمخۆرە بۆ داهاتووی عێراق و بەرژەوەندییەکانی وڵات. هەربۆیە، هیوا دەخوازین ئەم دەستپێشخەرییەی بەڕێز «بارزانی» سەرکەوتن بەدەست بێنێت و کۆتایی بە کێشەی پێکهێنانی حکومەت بێنێت. لەبەر ئەوەی دانیشتن لەسەر «مێزێکی بازنەیی» شتێکی باشە و هاندەرێکە بۆ نزیککردنەوەی بۆچوونەکان. هاوکات، ئەگەر لایەنەکانی تر خاوەن نییەتێکی باش و پاك و راستگۆ و دروست بن و ببنە مایەی سەرکەوتنی ئەم دەستپێشخەرییە، ئەوکات پێموایە کە ئەم دەستپێشخەرییە دەبێت بە مایەی دروستبوونی متمانەیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکان. لەلایەنێکی ترەوە، پێموایە کە هاوپەیمانی کوتلە کوردستانییەکان هەوێنی پرۆسەکەن (بیضە القبان) تەنانەت گەر حکومەتەکەش لەهەر لایەنێك بێت، کە لەگەڵ «ئیئتیلافی نیشتمانی» بێت یان لەگەڵ «لیستی عێراقییە»).



سەبارەت بە چۆنیەتی یەکلاییکردنەوەی سێ پۆستە سەروەرییەکە و مەزندەی بەڕێزیان بۆ چۆنیەتی رێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، ئەعرەجی بەمجۆرە مەزندەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (جگە لە بەڕێز «جەلال تاڵەبانی» هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەمان نییە بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، لەبەرئەوەی کەسایەتییەکی نیشتمانییە و پیاوێکی ژیرە، هەروەها سیاسەتوانێکی زۆر لێهاتووە و لەلایەن هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە پەسەندە و ئێمە بۆ ئەمڕۆمان پێویستیمان بە کەسایەتییەکی وەك ئەوە. لەلایەنێکی ترەوە وابزانم هەموو ئاڕاستەکان بەو رێگەیە دەڕوات کە بەڕێز «مالیکی» بکرێت بە سەرۆك وەزیران. هاوکات هیواداریین کەسێکی نیشتمان پەروەر و لێهاتوو دەستنیشان بکرێت بۆ پۆستی سەرۆك پەرلەمان و شیاو بێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نوێنەرایەتی و بە دڵسۆزانە و بەشێوەیەکی ئاکتیڤ و کارا ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. بەڵام نامانەوێ هیچ لایەنێك فەرامۆش بکرێت، هەروەك چۆن کە «هاوپەیمانی نیشتمانی» و «هاوپەیمانی کوردستانی» بەشداردەبن، پێویستە بەهەمان شێوە بەشداری هەبێت لەلایەن هەر یەك لە لیستی «عێراقیە» و «هاوپەیمانی ناوەند» کە بەم دواییانەدا پێکهێنرا لەنێوان «تەوافوق» و «یەکێتی عێراق»، پێویستە حکومەتەکە حکومەتێکی هاوبەش بێت. ئەمەش واتە لیستی ئەلعیراقیەش بەشدار بێت و لەو بڕوایەدا نیم کە ببن بە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەوان تاکو ئەمڕۆش پێدادەگرن لەسەر مەسەلەی «ئیستیحقاقی ئینتیخابی». هاوکات ئەوان ئامادەن ئەم بارە بگۆڕن لەڕێگەی سازشکردنەوە لە پۆستی سەرۆك وەزیران لەبەرامبەر بەخشینیان بە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار. بەڵام پێموایە کە روودانی ئەم داواکارییە زەحمەتە، ئەویش لەبەر پێکهاتەی کوردی، مەسەلەکە پێوەندیی بە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان نییە، بەڵکو ئەمڕۆ عێراق بریتییە لە چەند پێکهاتەیەك، سوننە و شیعە و کورد، ئەم سێگۆشەیە بریتییە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق و پێویستە بەشداربوونێکی راستەقینەیان هەبێت، هاوکات هەر وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا کە «هاوپەیمانی کوردستانی» بریتییە لە «هەوێنی پرۆسەکە»، ئەگەر روو لە هەر ئاڕاستەیەك بکەن حکومەت پێکدەهێنرێت، بەواتایەکی تر، بۆ نموونە ئەگەر بەرەو ئاڕاستەی «عێراقییە» بڕۆن حکومەت پێکدەهێنرێت، هەروەها ئەگەر بەرەو ئاڕاستەی «ئیئتیلافی نیشتمانی» بڕۆن هەمان شت روو دەدات و حکومەت پێکدەهێنرێت، بەڵام ئێمە حکومەتێکی کەموکورتمان ناوێ، نە لەلایەن «عێراقییە»وە کەموکورت بێت و نە لەلایەن «ئیئتیلاف»ـەوە. ئەمڕۆ عێراق بەرگەی ئەوە ناگرێت کە حکومەتەکەی کەموکورتیی هەبێت لە لایەنەکان، هەروەها مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن لە عێراق هێشتا پێنەگەیشتووە، لەبەرئەوەی ئەگەر پێشتر یان بۆ داهاتووش-دا، عێراق بەرگەی ئەوە ناگرێت کە حکومەتێکی کەموکورتی هەبێت و لەهەمان کاتیشدا ئۆپۆزسیۆن لەخۆ بگرێتەوە، بەڵکو ئەمڕۆ عێراق بەو چاوە تەماشای ئۆپۆزسیۆن دەکات وەکو دوژمنێك بۆ پرۆسەی سیاسی. بارودۆخی عێراق هێشتا پێنەگەیشتووە بۆئەوەی پێشوازی لە چەمکی ئۆپۆزسیۆن بکات)).

دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک بارزانی دەبێتە مایەی دروستبوونی متمانە لەنێوان لایەنە سیاسییەکان


جگە لە بەڕێز جەلال تاڵەبانی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەمان نییە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، لەبەرئەوەی کەسایەتییەکی نیشتمانییە و پیاوێکی ژیرە



## عەلی ئەدیب سەرکردەی دیاری دەوڵەتی یاسا بۆ گوڵان:

# کۆبوونەوەی نێوان سەرۆک لیستەکان بۆ دانانی دوو بەرنامەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی سێ پۆستە سەروەرییەکەیە

عەلی ئەدیب یەکێکە لەسەرکردەکانی لیستی دەوڵەتی یاسا و ئەندامی لیژنەی دانوستانەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، سەبارەت بە ڕەوشی سیاسیی ئێستای عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەت و هەڵوێستی لیستی یاسا، لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان باسی لەکۆبوونەوەکانی داهاتوو کرد و وتی: (ڕۆژی یەك شەمە (٢٠١٠/١٠/٣١) کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئامادەکاری دەست پێدەکات بۆ مەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەکەی نێوان سەرۆك لیستەکان. ئامانجی کۆبوونەوەکە بۆ مەبەستی دانانی ٢ مەنهەجە لەبارەی ٣ پۆستە سەرکردایەتییەکە، هەروەها لەگەڵ بەرنامەیەك بۆ مەبەستی دانانی مەنهەجێك لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی حکومەت لە داهاتوو. ڕێککەوتنەکە لەسەر ئەم خاڵانە بووە. بەڵام لەوانەیە هەندێ لە لایەنە سیاسییەکان بۆچوون و پێشنیاریان هەبێت. هەربۆیە، پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە بارەکە ڕێکبخات بەشێوەیەك کە بتوانێت بگاتە مەنهەجێکی کارا و پراکتیك و پوخت. لەبەرئەوەی ئەگەر قسەکان درێژەیان کێشا ئەوکات هیچ سوودێکی لێ ناکەوێتەوە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کەوتووینەتە ناو چوارچێوەی سەقفێکی کاتیی کورت کە بریتییە لە ١٠ ڕۆژ و دوا مۆڵەت ٢ هەفتەیە، ئەویش ئەو مۆڵەتەیە کە دادگای دەستووری



دەستنیشانی کردووە بۆ کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی نوێنەران. ئەگەر نەتوانین بگەینە ڕێککەوتنێکی دیاریکراو، ئەوکات کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانیش هیچ ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە).

سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی و کۆبوونەوەکانی نێوان هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان عەلی ئەدیب وتی: (دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی ئەوەی ڕاستی بێت باشە، دەبوایە ئەم دەستپێشخەرییە ببوایە بەمایەی جووڵانەوەی دۆخە سیاسییە سڕبووەکە. هەروەها دەبوایە ئەو دەستپێشخەرییە کورت و ڕوون و پوخت بوایە، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و بڕۆنە ناو وردەکارییەکان ئەوە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر و سەختتر دەبێت، بەتایبەتی لەبەرئەوەی هەندێ لایەن لەوانەی کە بەشدار دەبن خوازیارن بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت. هەربۆیە، پێویستە لەسەر بەڕێز «بارزانی» کە هەوڵبدات بۆ هەنگاونان بەرەو ئاراستەکانی گەیشتن بۆ چارەسەرێك، سەبارەت بە کۆبوونەوەکانیش لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی لەسەر زۆربەی خاڵەکان لێکتێگەیشتن هەیە، بەشێوەیەك کە لە ئاستێکی پۆزەتیڤ و چالاکە، وابزانم ئەو شتەش ڕەنگیداوەتەوە لە لێدوانەکانی براکانمان لە هاوپەیمانی کوردستانی. هەربۆیە، هیواداریین ئەم جۆرە هەماهەنگی و هاوپەیمانێتییەی کە هەیە، هەر هەمان هەڵوێست و ڕەنگدانەوەی هەبێت لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئامادەکاری و لە کۆبوونەوەکەی سەرۆك لیستەکان، یان کەمترین شت لێکچوون هەبێت لە بۆچوونەکان بۆئەوەی بتوانرێت لایەنەکانی تر بۆ ئەو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنە ڕاکێشین. ئێمە چاوەڕوانین لە براکانمان لە هاوپەیمانی کوردستانی، بەتایبەتی پاش کۆبوونەوەکان کە لە «بەغدا» ئەنجامدران، کە بۆچوونەکانیان پۆزەتیڤانە بوو لەبارەی سرووشتی دانوستانەکان، پاشان چەند دانیشتنێکیان لەگەڵ سەرکردایەتیی هاوپەیمانی کوردستانی ئەنجامدا سەبارەت بە ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکان. ئێمەیش چاوەڕوان بووین، بەڵام وادیارە پەلەیان نییە لە ڕاگەیاندنی هاوپەیمانێتییەکە بەبۆنەی ئەم دەستپێشخەرییە)).

**بەڕێز مسعود بارزانی دەستپێشخەرییەکی باشی کردووە، بەڵام پێویستە هەوڵبدات بۆ هەنگاونان بەرەو ئاراستەکانی گەیشتن بۆ چارەسەرێک**

**چاوەڕوانین لە براکانمان لە هاوپەیمانی کوردستانی، کە بۆچوونەکانیان پۆزەتیڤانە بوو لەبارەی سرووشتی دانوستانەکان**



هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی و هەوڵەکانی فراکسیۆنی کوردستانی دەستپێشخەرییەکی گرنگە و تەفەهومی ئەم هەوڵە دەکرێت

## تید گەلن کارپێنتەر تۆژەری باڵا لە ئامۆژگای کاتۆ بۆ گوڵان:


# دەبێت کورد بەشێوەیەکی کارا کارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن، ئەگەر هەڵوێستی دەوڵەتە دراوسێکان لەبەرچاو بگرین ئێستا لە پێگەیەکی ناسکدان

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر یەکێکە لە تۆژە باڵاکانی ئامۆژگای کاتۆ و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆسیێ عێراق، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو و وتی: (ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە بەرەوپێشچوونێکی زۆر لە ئارادانییە، ئەمەش کێشەکەیە. لەم میانەدا هەردوو بەرێزان عەلاوی و مالیکی هەوڵی کۆکردنەوەی پشتیوانی پێویست و رەزامەندی دەوڵەتە دراوسێ بەهێزەکان دەدەن، بەتایبەتی ئێران و عەرەبستانی سعودیە. بەڵام پێدەچێت هیچ یەکێك لەم دوو سەرکردەیە نەیانتوانیبێت لەڕووی ناوخۆییەوە هاوپەیمانێتی پێویست پێکبهێنێت و لەسەر ئاستی دەرەکی نەیانتوانیوە رەزامەندییەکی روونی دەوڵەتە دراوسێکان بەدەست بهێنن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش یارمەتیدەر نەبووە لەم ڕووەوە. ئەگەر مالیکی و عەللاوی لەسەر جۆرێك لە دابەشکردنی دەسەڵات رێکبکەون. ئێمە ئەم جۆرە تەرتیباتانەمان لە وڵاتانی دیکەشدا بینیوە، تەنانەت هەندێ جار لەو وڵاتانەشدا روویانداوە کە سیستمێکی دیموکراتی دێرینتر و پێگەیشتووتریان هەیە لە عێراق، بەڵام زۆر درێژەیان نەکێشاوە و نەیانتوانیوە دەستکەوتی زۆر بەدەست بهێنن، لەم روانگەیەوە پێموایە تەنانەت ئەگەر عەللاوی و مالیکی ئەو جۆرە هاوپەیمانێتییە پێکبهێنن، ئەوا بناغەیەکی پتەوی نابێت و رەنگە ناکاراش بێت).



سەبارەت بە هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی و هەوڵەکانی فراکسیۆنی کوردستانیش بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، پرۆفیسۆر کارپێنتەر ئەم دەستپێشخەرییەی بەهەنگاوێکی گرنگ لە قەڵەمدا، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاماژەی بە قووڵی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان کرد و وتی: (دەستپێشخەرییەکی گرنگە و تەفەهومی ئەم هەوڵە دەکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە بێتواناییی لە پێکهێنانی حکومەتدا رەنگدانەوەی ئەوەیە کە دابەشبوونە سیاسییەکان لە عێراقدا چەند قوڵن، تەنانەت گفتوگۆکردنیش لەگەڵ یەکدا بۆ ماوەیەکی زۆر نابێتەهۆی چارەسەرکردنی ئەو دابەشبوونانە، رەنگە بتوانرێت بۆ ماوەیەکی کەم بەسەر ئەم دابەشبوونانەدا زاڵبن و حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکبهێنن، بەڵام ئایا ئەمە چەند درێژە دەکێشێت، چەند مانگێك یاخود ساڵێك و ئایا دواتر هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێتەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئەو دابەشبوونانە بەم شێوە زەقە سەرهەڵبدەنەوە. لەم چوارچێوەیەدا دەستڕۆیشتوویی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە داکشاندایە و لەراستیدا دەتوانم ئەوەش بڵێم مومارەسەکردنی ئەمریکا بەو نفوزەی کەمەی لە عێراقدا ماوەیەتی یارمەتیدەر نییە لە چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو بۆتەهۆی ئاڵۆزترکردنی دژوارییەکان، کەواتە پێموایە دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بکشێتە دواوە و رێگەبدات عێراقییەکان کێشە سیاسییەکانیان چارەسەر بکەن بەو شێوەیەی دەتوانن، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت ئەنجامێکی دیاریکراو بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت، ئەمریکا ناتوانێت ئەمکارە بکات و مافی ئەوەشی نییە ئەم کارە بکات.. ئەوەی دەبێت بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەوەیە دەبێت کوردەکان بەشێوەیەکی کارا کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن کە لە ماوەی رابردودا بەم شێوەیە کاریان کردووە، کوردەکان لە پێگەیەکی ناسکدان، بە تایبەتی ئەگەر هەڵوێستی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق لەبەرچاو بگرین)).

ئەمریکا بەو نفوزەی کەمەی لە عێراقدا ماوەیەتی یارمەتیدەر نییە لە چارەسەرکردنی کێشەکان



سەلیم ئەلجبوری نوێنەری تەحالوفی وەسەت بۆ گوڵان:

# ئێمە وەک تەحالوفی وەسەت دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بە گواستنەوەیەکی نەوعیی دەژمێرین لە سرووشتی دانوستانەکان


دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بە گواستنەوەیەکی نەوعیی دەژمێرین لە سرووشتی دانوستانەکان و ئەمە خێراترین ڕێگەیە بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانەکە

پەرلەمانتار سەلیم ئەلجبوری لە تەحالوفی وەسەتی عێراقی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی وەك وەرچەرخانێکی نەوعی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دادەنێت و سەبارەت بەم هەوڵەی بەڕێزیان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گوڵان زیاتر جەختی لەم مەسەلەیە کردەوە و وتی: (ئێمە لە تەحالوفی وەسەت دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بەشێوەیەکی گشتی پۆزەتیڤانەیە و ئێمە بە گواستنەوەیەکی نەوعیی دەیژمێرین لە سرووشتی دانوستانەکان.
پێشتر کۆبوونەوەکان دووقۆڵی بوون و کۆتاییەکانی کەموکورت بوو، بەڵام ئەمڕۆ هەموو پارت و لایەنەکان ئامادەن و ئامادەییان هەیە، هەروەها هەموو لایەنێك راوبۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو بەشێوەیەك کە لەوانەیە لەگەڵ را و بۆچوونی ئامادەبووان بگونجێت، لەوانەشە دژەڕا بێت. هەرچەندە کە ئێمە، وەك «هاوپەیمانی ناوەند» قسە دەکەم، خوازیار بووین لەم کۆبوونەوانەدا ئامادەبین، بەڵام بەداخەوە بانگهێشتێکی فەرمی نەبوو، وێڕای ئەوەی کە لەوانەیە ئەم هاوپەیمانێتییە رۆڵێکی باشی بگێڕایە لەڕووی بیروبۆچوونەکانی و هەندێ لە تێبینییەکانمان کە ئێمە پێمانوابوو کە گرنگە و لەوانەیە لایەنەکانی تر سوودی لێ وەرگرن.



هەروەها لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا ئێمە هانمان دەدان، لەبەرئەوەی ئێمە پێمانوایە کە ئەمە خێراترین ڕێگەیە بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانەکە. بەتایبەتی لەبەرئەوەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت پێویستیی بە کارێکی جدیی زیاتر هەیە. ئەم دەستپێشخەرییە بووە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی دانوستانەکان بەرەو قۆناغێکی جدی. هەربۆیە، هیوادارین ببێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە)).
سەبارەت بە ئامادەنەبوونی د.ئەیاد عەللاوی سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە لە کۆبوونەوە ئامادەکارییەکانی سەرۆك لیستەکانیش د.سەلیم جبوری وتی: ((لەڕاستیدا ئەم دەرفەتە بۆ هەموو لایەنێك فەراهەمکراوە، ئامادەنەبوویش لەوانەیە ئاکامی نێگەتیڤانەی لێ بکەوێتەوە لەسەر ئەو لایەنە سیاسییەی کە ئەم دەرفەتە لەدەست دەدات بۆ دەربرینی راوبۆچوونەکانی. بەڕێز سەرۆکی لیستی «عێراقییە» خاوەن کێش و ڕێزێکی زۆرە لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی تر. لەراستیدا نازانم هۆکارەکانی ئامادەنەبوونی چی بوو. بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە بە ئامادەنەبوونی هیچ مەبەستێکی هەبووبێت یان ویستبووی پەیامێك بۆ لایەنەکانی تر بنێرێت. بەڵام دڵنیام لەوەی کە لایەنە سیاسییەکانی تر هەستێکیان لا دروستبووە و ئاستی کۆبوونەوەکە بەو شێوەیە نەبووە کە ئەوان وەکو تیمێکی سیاسی چاوەڕوانیان دەکرد. بەڵام لیستی «عێراقییە» ئێستاش ئامادەبوونی هەیە و تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە لە ئامادەبوون لە هەندێ لە دانیشتن و کۆبوونەوەکان کە لە «بەغدا» ئەنجام دەدرێت. هەروەها بەپێی ئەو زانیارییانەش کە پێمان گەیشتووە، لیستی «عێراقییە» ئامادەباشیی هەیە لە بەردەوامبوون لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکان و ئامادەیە لە کۆبوونەکەی «هەولێر» ئامادەبێت)).

ئەم دەستپێشخەرییە بووە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی دانوستانەکان بەرەو قۆناغێکی جدی



ئایەتوڵڵا بەشیر حسێن کوڕی صادق عەلی کوڕی محەمەد ئیبراهیم کوڕی عەبدوڵڵای لاهورییەو کە ئێستا بەشێخ بەشیر حوسێن نەجەفی ناسراوە، لەساڵی ١٩٤٢ زاینی بەرامبەر ١٣٦١ی کۆچی لەشاری جالندەری سەر بە ولایەتی بەنجاب لە هیندستان لەدایك بووەو دوای سەربەخۆیی هیندستان و جیابوونەوەی پاکستان لە هیندستان، خانەوادەی شێخ بەشیر نەجەفی کۆچیان کردووە بۆ پاکستان و لەشاری باتابور لەنزیك لاهور نیشتەجێ بوون، لەسەر دەستی باوکی و مامی زانستی ئیسلامی وەرگرتووەو لەساڵی ١٩٦٥ یشەوە، بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئیسلامی هاتۆتە نەجەفی ئەشرەف و لەلای ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد کازم تەوریزی و ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد حوسێن ئەسفەهانی زانستی ئیسلامی بووە و ئێستاش لەگەڵ ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی و ئایەتوڵڵا محەمەد ئیسحاق ئەلفەیاز و محەمەد سەعید حەکیم یەکێکە لە چوار مەرجەعە گەورەکەی حەوزەی عیلمی نەجەف، ئایەتوڵڵا بەشیر نەجەفی خاوەنی چوار کوڕە (نصیر الدین، محمد، علی، حیدر) و تائێستا ٣٧ کتێب و دیراسەتی نووسیووە، هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازین.

لەحەوزەی عیلمی نەجەفەوە بۆ خوێنەرانی گوڵان
پەیامی ئایەتوڵڵای عوزما بەشیر نەجەفی بۆ گەلی کوردستان:

# گەلی کورد مەینەتیەکی زۆری بەدەست رژێمی پێشووە بینیوە، سوپاس بۆ خوا رزگاری بوو، بۆ ئەمڕۆ پێویستە هەموومان پێکەوە بۆ بەرژەوەندی عێراق کاربکەین


بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سوپاس و ستایش بۆ خوداوەندی مەزن و سەڵاوات لە باشترین بوونەوەرەکانی پێغەمبەر «محمد» (د.خ) و ئەهلە پاکەکان. خودای میهرەبان دەڵێت: «إنما المؤمنون إخوة»، خودا دەفەرمێت: «وتعاونوا على البر والتقوى».

گەلی کوردی موسڵمانی خۆڕاگر لە دەستی رژێمی پێشوو دووچاری مەینەتی و نەهامەتی بوو، بەهیچ شێوەیەك بۆی نەڕەخسا بە خۆشگوزەرانی بژی و ژیانێکی ئاسوودەی هەبێت، ئەمڕۆش خودای گەورە هەموو گەلی عێراقی لەو خەونە ناخۆشەدا رزگارکردو گەلی کوردیش هاوشێوە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی تری عێراق بە پشتیوانی و بەخشندەیی خودا گەیشتە ئاواتی خۆی لە ئازادی و سەرفرازی. خودای گەورە فەرموویەتی: «لان شکرتم لایزیدنکم». باشترین شت لە سوپاس و ستایش ئەوەیە کە هەرگیز لە تاعەتی خوداوەندی گەورە دەرنەچین و هەرگیز ئازادی بەکارنەهێنن بۆ دەرچوون لە فرمانەکانی. پێویســـتە هەموومان پێکەوە کاربکەین لەپێناو بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراقی بەهەموو پێکهاتەکانی. پەنا بەخودا رەحم لە هەموومان بکات و هەرچی خراپە لێمانی دووربخاتەوە بۆ ئەمڕۆمان و ئایندەمان.



## ئایەتوڵڵای عوزما بەشیر نەجەفی لەرێگەی شێخ عەلی نەجەفیەوە بۆ گوڵان:

# پێوەندی نێوان گەلی کوردستان و حەوزەی عیلمی نەجەف بەگرنگ دەزانین



ئایەتوڵڵای گەورە شـێخ بەشیر نەجەفی یەکێکـە لەچوار مەرجەعـە گەورەکەی حەوزەی عیلمی نەجـەف، کە پێکهاتوون لە ئایەتوڵڵا سیستانی، ئایەتوڵڵا محەمەد سەعید حەکیم، ئایەتوڵڵا محەمەد ئیسحاق ئەلفیاز، ئایەتوڵڵا بەشیر نەجەفی، شێوازی ئەنجامدانی دیمانەی رۆژنامەوانی لەگەڵ ئەم مەرجەعیەتە گەورانەی نەجەف، دوای ئەوەی کە سـەماحەتی ئایەتوڵڵای عوزما لەسـەر سـازدانی دیمانە لەگـەڵ کەناڵی ناوبراو رەزامەندی پیشـاندەدا، ئەوجا کەسێك تەکلیف دەکرێت بۆ ئەوەی لەبری سەماحەتی ئایەتوڵـڵای عوزمـا وەڵامـی پرسـیاری رۆژنامەکە بداتەوە، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەمیانەی دیدار و چاوپێکەوتنە بەردەوامەکانمان بەردەوام هەوڵمانداوە کە سـەماحەتی ئایەتوڵڵا سیسـتانی بەرێگەی یەکێك لە نوێنەرەکانی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان بداتەوە، هۆکاری جەختکردنەوەشمان لەسەر سەماحەتی ئایەتوڵڵا سیسـتانی لەبـەر ئەوەبوو، ئێمـە پێمان وابوو مەرجەعیـەت بریتیە لەیەك کەس، بەڵام کاتێك نێردراومان لە نەجەفی پیرۆز ئاگاداری کردینەوە هەر کام لەم ئایەتوڵـڵا عوزما بەرێزانە بەناوی مەرجەعیەتی حەوزەی عیلمی نەجەفەوە قسـە بکات، ئەوا قسـەکانی تەعبیر لە هەڵوێسـتی هەموو مەرجەعیەت دەکات و دەربڕی هەڵوێستی حەوزەی عیلمی نەجەفە لەسەر باری سیاسی عێراق و تێڕوانینی مەرجەعیەت بۆ بەرەو پێشـەوە چوونەکانی عێراق، لەم چوارچێوەیەدا بە سوپاسـەوە حەوزەی عیلمی نەجەف داواکاری گۆڤاری گوڵانی بۆ سازدانی دیمانەیەك لەگەڵ مەرجەعییەت قبوڵ کردوو بەرێز شـێخ عەلی نەجەفی لوتفی کرد بە ناوی ئایەتوڵڵای عوزما شـێخ بەشیر نەجەفیەوە وەڵاممان بدەنەوە، بەسوپاسەوە ئەمە دەقی دیمانەکەی گوڵانە لەگەڵ ئایەتوڵڵای عوزما شیخ بەشیر نەجەفی کە شیخ عەلی نەجەفی وەڵامی داینەوە.

گوڵان – حەوزەی عیلمی نەجەف



**گوڵان:** لەهەموو ئەو بارودۆخانەی بەسەر وڵاتەکەماندا روودەدا، مەرجەعی ئایینی هەمیشە رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو لە رێکخستنەوەی ماڵی شیعە و کۆکردنەوەی عێراقییەکان، بەڵام ئەوە نزیکەی ٨ مانگە هەڵبژاردنەکان لە عێراق ئەنجامدراوەو تاکو ئەمڕۆ نەتوانراوە حکومەت پێکبهێنرێت. ئایا لەم لایەنەوە هەڵوێستی مەرجەعییەتی باڵای ئایینی چییە؟

**شیخ عەلی نەجەفی:** بسم الله الرحمن الرحیم . زۆر بەخێر بێن بۆ نەجەفی پیرۆزو پێش هەموو شت سڵاوی خۆمان لەرێگەی ئێوەوە بۆ براکانمان لە کوردستانی خۆشەویست دەنێرین...

مەرجەعی ئایینی هەموو کاتێك لە نزیکەوەو بە بایەخێکی زۆرەوە چاودێریی هەموو ئەو بارودۆخانە دەکات کە وڵاتمانی پێدا تێدەپەرێت، هەموو کاتیش رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە بۆ یەکریزی نێو ماڵی شیعە و یەکخستنی عێراقییەکان.

**گوڵان:** بەڵام ئەوە ماوەی ٨ مانگە هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە حکومەت پێکبهێنرێت، ئایا لەمبارەوە هەڵوێستی مەرجەعیەت چییە؟

**شیخ عەلی نەجەفی:** لەراستیدا مەرجەعیەتی ئایینی لەچاودێریکردنە لە نزیکەوەو بایەخێکی زۆر بە بارودۆخەکە دەدات، مەرجەعیەت رێچکەیەکی بۆ خۆی کێشاوەو لەسەر ئەو رێچکەیە هەر بەردەوام و پرانسیپێکی بۆ خۆی داناوە لە پێدانی راوێژو ئامۆژگاری بۆ ئەم گەلە لێقەوماوەو سەرکردە سیاسییەکان لەپێناو رزگاربوون لە دیکتاتۆرییەت و رزگاربوون لە داگیرکەر، لەگەڵ گەیشتن بە کەشوهەوایەکی ئارام و سەقامگیری و دیموکراسی و ئاشتی بۆ ئەم نەتەوە غەدرلێکراوە. هەربۆیە پێویستە ئەم مەسەلەیە قۆناخ بەقۆناخ بچێتە پێشەوە و تێپەڕێنرێت بۆئەوەی بەلایەنی کەمەوە بگەینە بارودۆخێکی باش. ئەمڕۆ لەبارەی کاری سیاسی دوچاری شکست بووین و بە قۆناغێکی زۆر ئەستەم و ئازاربەخش تێدەپەڕین، ئەویش بەهۆی پێداگرتنی هەندێ لە سیاسییەکانمان لەسەر بەرژەوەندیی کەسی و تایبەت و بەرژەوەندیی حزبی، دوور لە بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەم گەلە چەوساوە و بێبەشکراوە. هەر بۆیە مەرجەعییەت لە نزیك و بە بایەخێکی زۆرەوە بەدواداچوونی بارودۆخەکان دەکات و چاوەڕوانی کاتی دروستە بۆئەوەی دەستێوەردانی بارودۆخەکە بکات، ئەویش ئەگەر پێویستیی بە دەستێوەردان هەبوو، هیوادارین بە پشتیوانی خودای گەورە و میهرەبان بۆ رۆڵەکانی ئەم وڵاتە تابەزووترین کات بتوانرێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێن.

**گوڵان:** ئایا ئەم شکستە مایەی نیگەرانیی سەماحەتی شێخی نەجەفی نییە؟

**شیخ عەلی نەجەفی:** بێگومان. بەڵێ زۆریش نیگەرانە و لۆمەی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بەرپرسیارن لە دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت و پێی وایە کە ئەوان بەرپرسیارن بەرامبەر خوێنی

ئەمڕۆ لەبارەی کاری سیاسی دووچاری شکست بووین و بە قۆناغێکی زۆر ئەستەم و ئازاربەخش تێدەپەڕین، ئەویش بەهۆی پێداگرتنی هەندێ لە سیاسییەکانمان لەسەر بەرژەوەندیی کەسی و تایبەت و بەرژەوەندیی حزبی

مەرجەعییەت لە نزیک و بە بایەخێکی زۆرەوە بەدواداچوونی بارودۆخەکان دەکات و چاوەڕوانی کاتی دروستە بۆئەوەی دەستێوەردانی بارودۆخەکە بکات



**چوار مەرجەعیەتە گەورەکەی حەوزەی نەجەفی ئەشرەف.. لە راستەوە بۆ چەپ:**



**ئایەتوڵلا عوزما شێخ بەشیر نەجەفی و سەماحەتی عەمار حەکیم**



**بەشیر نەجەفی، محەمەد سەعید حەکیم، سیستانی، محەمەد ئیسحاق ئەلفیاز.**

ئەم گەلە کە ڕۆژانە لێیان دەکوژرێت و ئەو پارە زۆرەی کە بەفیڕۆدەدرێت، ئەوانە هەموویان بەهۆی ئەم دواکەوتنە لەبەردەم خودا و ئەم گەلە بەرپرسیارن.

**گوڵان:** سەماحەتی شێخ، ئێمەی کورد لەگەڵ مەرجەعییەتی ئایینی شیعە خاوەن پەیوەندییەکی درێژ و دێرینین، بەتایبەتی لەگەڵ مەرجەعەکانی نەجەفی پیرۆز، بەشێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ سەماحەتی شێخ ئایەتوڵڵا «محسن حەکیم»، کە بۆ چەندین جار و لە چەندین بۆنە بۆ بەرژەوەندیی کوردەکان فەتوای داوە. دەمانەوێ بزانین کە ئایا ئەمڕۆ هەڵوێستی مەرجەعییەتی ئایینی بەرامبەر بە کوردەکان چییە؟

**شێخ عەلی نەجەفی:** گەلی کورد گەلێکی موسڵمانە و وەکو عێراقی یەك خێزانین، بەشێکە کە لەم وڵاتەدا جیا ناکرێتەوە. هەروەها خاوەن ڕێزێکی بێ پایانن لەلایەن ئێمەوە و هەستی دوولایەنەمان هەیە لەبارەی خۆشەویستی و برایەتی و لەڕووەکانی پێوەندییە ئەخلاقی و نیشتیمانی و ئایینی کە ئێمە لەگەڵ برا کوردەکانمان لە کوردستان پێکەوە دەبەستێتەوە. هەربۆیە، ئێمە بە گرنگی دەزانین کە ئەم پەیوەندییە تایبەتە بەردەوام بێت لەنێوان حەوزەی علمی لە نەجەفی پیرۆز لەگەڵ براکانمان لە کوردستان.

**گوڵان:** هیواداریـن لەڕێگەی گۆڤاری «گوڵان»ەوە بەڕێز سەماحەتی شێخ ئایەتوڵڵا بەشیر نەجەفی پەیامێك ئاراستەی گەلی کوری بکات.

**شیخ عەلی نەجەفی:** پەیامی سەماحەتی مەرجەعی گەورە بۆ گەلی کوردستان بەمشێوەیەیە:


بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، سوپاس و ستایش بۆ خوداوەندی مەزن و سەڵاوات لە باشترین بوونەوەرەکانی پێغەمبەر «محمد» (د.خ) و ئەهلە پاکەکان.

خودای میهرەبان دەڵێت: «إنما المؤمنون إخوە»، خودا دەفەرمێت: «وتعاونوا علی البر والتقوی».

گەلی کوردی موسڵمانی خۆڕاگر لە دەستی ڕژێمی پێشوو دووچاری مەینەتی و نەهامەتی بوو، بەهیچ شێوەیەك بۆی نەڕەخسا بە گوزەرانی بژی و ژیانێکی ئاسوودەی هەبێت، ئەمڕۆش خودای گەورە هەموو گەلی عێراقی لەو خەونە ناخۆشەدا ڕزگارکردو گەلی کوردیش هاوشێوە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی تری عێراق بە پشتیوانی و بەخشندەیی خودا گەیشتە ئاواتی خۆی لە ئازادی و سەرفرازی. خودای گەورە فەرموویەتی: «لان شکرتم لایزیدنکم». باشترین شت لە سوپاس و ستایش ئەوەیە کە هەرگیز لە تاعەتی خوداوەندی گەورە دەرنەچین و هەرگیز ئازادی بەکارنەهێنن بۆ دەرچوون لە فرمانەکانی. پێویستە هەموومان پێکەوە کاربکەین لەپێناو بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراقی بەهەموو پێکهاتەکانی. پەنا بەخودا ڕەحم لە هەموومان بکات و هەرچی خراپە لێمانی دووربخاتەوە بۆ ئەمڕۆمان و ئایندەمان.

**سەماحەتی شێخی نەجەفی لۆمەی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بەرپرسیارن لە دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەت و ئەوانە لەبەردەم خودا و ئەم گەلە بەرپرسیار دەزانێت**

**گەلی کورد گەلێکی موسڵمانە و پەیوەندییە ئەخلاقی و نیشتیمانی و ئایینییەکان پێکەوەمان دەبەستێتەوە**



**ئایتوڵڵا عوزما شێخ بەشیر نەجەفی و د. عادل عەبدولمەهدی**

# ئەی فایلی گەندەڵی عێراقی؟



ڤینۆس فایەق

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کە بەم دواییە بڵاویکردۆتەوە، گوایا وڵاتی عێراق بە یەکێك لە چوار گەندەڵترین وڵات هاتووە لە جیهاندا. ئەو راپۆرتە کە عێراق تیایدا بە پلەی ١٧٥م وڵات هاتووە بۆ ساڵی ٢٠١٠ ئامادەکراوە. ئیدی بەپێی راپۆرتەکە عێراق پێش ئەفغانستان و میانمار و سۆماڵ دەکەوێت لە رووی تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵیەوە.

ئەوەی جێگەی لەبەراوەستان و لێوردبوونەوەیە ئەوەیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ئاڵۆزی قەیرانە سیاسیەکان ئاستی گەندەڵی بەرزدەبێتەوە. ئەم حاڵەتە زۆر سەیرەی کە ئەگەر لەگەڵ رابردوویەکی نزیك لەسایەی هەلومەرجی ئەوسا و ئیستای ئەو وڵاتە بەراوردی بکەین ئەوا بەپێی بیردۆزە زانستیەکان دەبوو لە ئیستایدا عێراق کەمترین حاڵەتەکانی گەندەڵی تیا دەرکەوتایە.

بەمدواییە لە کاتی دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق هەندێك لە لەلایەنەکان هەرەشەی کشانەوەیان دەکرد لە هاوپەیمانی کوردستان بە بیانووی ئەوەی لایەنەکانی تری ئەو هاوپەیمانیە جیددی نین لە مەسەلەی دارشتنی ستراتیژیەتێکی پتەو بۆ بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان. ئەم هەڵوێستەی کە لە رووی سیاسیەوە بە پۆزەتیڤ دەبینم، بەڵام لە کاتێکدایە کە لە وەرەقەی دانوستانەکەی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ لایەنە عێراقیەکاندا و لەناو ئەو نۆزدەی خاڵانەیاندا پێشنیاری یەك خاڵیشیان نەکردووە بۆ دانانی یاسایەکی پتەو و بێلایەن بۆ بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی لەدامودەزگای بەرز و نزمی ئەو عێراقەی کە بەپێی راپۆرتەکەی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بەیەکێك لە چوار گەندەڵترین وڵات لە جیهاندا ئەژمارکراوە. چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت کوردستان بەشێکە لە عێراق ئەگەر ئاڵاکەشمان جیاواز بێت و، ئەوەی لە کوردستاندایە عێراقیە.

لە وڵاتێکدا کە وەحشیترین و گەندەڵترین دەسەڵات بەڕێوەی دەبرد، کە پێناسەی دیاردەی گەندەڵی بکرابا، بەتەنها لەناو بازنەی دەسەڵاتی بەعس و بەتایبەت خێزانی حوکمدار ئەو پێناسەیە دەگیرسایەوە و، نەبوبووە دیاردەیەکی بەکۆمەڵی کۆمەڵگایەك و، ئەگەر رێکخراوێکی وەکوو رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بەدواداچوونێکی بکردابا، ئەو دەم دەسەڵاتی بەعس بە گەندەڵترین دەسەڵات رەنگە لەقەڵەم دەدرا، کەچی ئیستا دیاردەکە بوەتە دیاردەیەکی بەکۆمەڵ، کە لە بەرزترین ئاستی سیاسیەوە بۆ نزمترین ئاستی کۆمەڵایەتی مومارەسە دەکرێت، لە کاتێکدا میللەتی عێراق مێژوویەکی تاڵ و سەختی لەگەڵ ئەو دیاردەیە هەیە لەسەر دەستی شۆڤێنیترین دەسەڵات لە دونیادا.

هەڵبەتە ئەو جۆرە (ئازادی و بەناو دیموکراتیەتە)ی ئیستا لە عێراق لەگۆڕییە ئەو زەمینە بە پیتەی بۆ ئەو دیاردە ترسناکە سازداوە، کە نەك تەنها سیاسەتمەداران و، حزبەکان و پلە بەرزەکانی دامودەزگا حکومیەکان مومارەسەیەکی بەرچاوی گەندەڵی دەکەن، بەڵکو لە ئاستەکانی بنەوە و ناو خەڵکە سادەکەش ئاماژە زەقەکانی گەندەڵیەکی زۆر ترسناك دەبینرێتەوە.

هەبوونی یاسا شتێکە و رێگریکردن لە دیاردەی گەندەڵی بە یاسای تایبەت شتێکی تر، هەروەك هەبوونی لیژنەی نەزاهە وەکوو قاڵب شتێکە و هوشیاری پابەندبوون و پێداگرتن لەسەر زەروورەتی یاساکانی بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی شتێکی جیاوازە. بەدیوێکی تریشدا لەبەر ئەوەی داهاتی کوردستان بەشێکی باشی لە عێراقەوە دێت، دەبێت هەڵوێستەیەك هەبێت بەرانبەر بە دیاردەیەك کە بە پێی ئەو شەراکەتە نیشتیمانیەی کورد لەگەڵ عەرەب و رەنگەکانی تری عێراق حکومەتەکەی پێ پێکدێنن.

یاسایەکی لەو جۆرە دەبێتە زەمانەتێك بێت بۆ باش جێبەجێکردنی ماددەیەکی وەکوو ماددەی ١٤٠ و پرۆژەی یاسای داهاتە ئابووریەکان و پرۆژەی یاسای نەوت و گاز و یاسای پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) و زۆر یاسای تر کە چارنووسی کوردی پێوە بەستراوەتەوە. ئەگەرنا بەدیوەکەی تردا لێکدانەوەی ئەوەی بۆ دەکرێت کە نوێنەرەکانمان لە بەغدا سوودمەندن لەو گەندەڵیەی کە لە سەرتاسەری عێراق هەیە و، تەحسیل حاسڵ هەرگیز ئەو گەندەڵیەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بنبڕ نابێت.

# «سیاسەت» لەنێوان «گەمەی بەرژەوەندییەکان» و «هەڵچوونی هەرزەکارانەدا»

مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە پێناسەی زاراوەی «سیاسەت» و ڕوونکردنەوەی چەمکی نییە، بەڵکو مەبەستمانە باس لە هەڵوێستە سیاسییەکان و هۆکارەکانیان بکەین. هەڵوێستە سیاسییەکان، کە خۆی لە بۆچوون و لێدوان و کردارەکاندا دەبینێتەوە، هۆکارەکانیان جگە لە بەرژەوەندییەکان هیچ شتێکی تر ناگرێتەوە. هەڵوێستە سیاسییەکانی دەوڵەتان و هەرێمەکان و پارتە سیاسییەکان، بگرە تاکەکانیش، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان دادەڕێژرێت و ڕەچاوی ئەو بەرژەوەندیانە دەکات. لەم ڕوانگەوە دەکرێت بەدڵنیاییەوە بڵێن کە: «هەڵوێستە سیاسییەکانی دەوڵەتان جگە لەگەمەی نێوان بەرژەوەندییەکان و دژە بەرژەوەندییەکان هیچ شتێکی تر نییە».

بۆ ئەوەی هەڵوێستە سیاسییەکان ڕاست و دروست بن و ڕەنگدانەوەی داخواز و ئاواتەکانی جەماوەر بن و پەشیمانیان بەدوادا نەیەت، پێویستە لەکاتی وەرگرتنیاندا ڕەچاوی چەند خاڵێك بکرێت کە گرنگترینیان، بەبۆچوونی ئێمە، بریتین لە:


١– زاراوەی «بەرژەوەندییەکان» وەك هەموو زاراوەیەکی تر ڕێژەییە و بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت بۆیە، وەك هەنگاوی یەکەم، پێویستە بەوردی و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەرژەوەندییەکان، بەتایبەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتمان، دەستنیشان بکرێن و بەهێلی سور دابنرێن کە ناکرێت ببەزێنرێن لەلایەن هیچ لایەنێکەوە. بەباش دەزانرێت ئەو بەرژەوەندیانە لەلایەن پارتە سیاسییەکان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و پسپۆڕانی ئابووری و پسپۆڕانی سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەستنیشان و دیاری بکرێن. بە پێویست دەزانرێت کە نەك تەنیا سیاسەتمەداران، بەڵکو جەماوەریش ئاشنا بکرێت بەو بەرژەوەندیانە لەرێگەی میدیاکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و دەزگاکانی پارتە سیاسییەکان. ئاشنا بوونی هاووڵاتیان بەو بەرژەوندیانە، لەلایەك دەبێتە مایەی تێگەیشتن و پشتگیریکردن لەخودی هەڵوێستە سیاسییە ڕاست و دروستەکان و لەو لایەنانەی کە هەڵوێستەکە وەردەگرن، لەلایەکی تر ڕۆڵی جەماوەر، وەك چاودێریکی هوشیار، بەهێز دەکات.

٢ - دەبێت هەڵوێستە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە گشتییەکان، یان ڕاستر بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە بن، کە پێشتر دەستنیشان کراون. ئەو هەڵوێستانەی ئەم سیمایەی تیا بەدی ناکرێت، واتە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتمانن، هەڵوێستی زیانبەخشن دەبێت لێیان دووربکەوینەوە.

٣– ڕوودانی گۆڕانکاری، هەندێك جار گۆڕانکاری بنەڕەتیش، لە «بەرژەوەندییەکان» و «دژە بەرژەوەندییەکان»دا دیاردەیەکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە. «بەرژەوەندییەکان» و «دژە بەرژەوەندییەکان» سیمای داینمیکی، «بگۆڕ»یان هەیە، بۆیە دەبێت خوێندنەوەمان بۆ داهاتوو هەبێت و ئاسۆی گۆڕانکاریەکانمان لەبەرچاوبێت. ئەو هەڵوێستە سیاسییانە ڕاست و دروستن کە پێشبینی ڕاستیان هەیە بۆ گۆڕانکارییەکان لە «بەرژەوەندییەکان» و «دژە بەرژەوەندییەکان». کورد وتەنی دەبێت لەکاتی وەرگرتنی هەڵوێستدا سبەینێشمان لەبەرچاوبێت.

٤ - نابێت لەکاتی وەرگرتنی هەڵوێستە سیاسییەکان تەنیا ڕەچاوی بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆت بکەیت. پێویستە ئاگاداری بەرژەوەندییە، ڕەوا و نا ڕەواکانی، لایەنە پێوەندارەکانی تر بێت کە تا چەند کۆکن یان ناکۆکن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تۆ. دۆزینەوەی ژیرانەی خۆگونجاندنێك و هاوسەنگیەك لەنێوان بەرژەوەندییەکانت و بەرژەوەندییەکانی لایەنەکانی تر دوورت دەخاتەوە لەو هەڵوێستانەی کە لەوانەیە پەشیمانی بەدوادا بێت. لە سیاسەتدا پرنسیپی «یان هەمووشتێك یان هیچ شتێك» کارێکی ڕاست نییە. لە سیاسەتدا زۆرجار پەیڕەوی پرنسیپی «وەرگرە و بەدەستبێنە و داوا بکە و هەوڵ بدە بۆ وەرگرتن و بەدەستهێنانی زیاتر» دەکرێت.

٥ - دۆزینەوەی ژیرانەی خۆگونجاندنێك و هاوسەنگیەك لەنێوان بەرژەوەندییەکانت و بەرژەوەندییەکانی لایەنەکانی تر، کە لەبڕگەی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد، دەبێت پشت ببەستێت بە خوێندنەوەیەکی ڕاستی تەرازوی هێزی نێوان تۆ و لایەنەکانی تر. بۆ ئەوەی هەڵوێستە سیاسییەکانت پەشیمانی و پاشگەزبوونەوەی بەدوادا نەیەت، دەبێت خاڵە لاوازەکان و خاڵەکانی هێزی، (دیپلۆماسی، ئابووری، سەربازی ...تاد)، خۆت و لایەنکانی تر بێ کەمکردنەوە و بێ زێدەڕەوی دەستنیشان و دیاری بکەیت و پشت بەستن بەو دەستنیشانکردن و دیاریکردنە هەڵوێستی سیاسی خۆت وەرگریت.



**پروفیسۆر دکتور ئازاد نەقشبەندی**

٦– فاکتەری «کات» فاکتەرێکی یەکجار گرنگە کە پێویستە ڕەچاو بکرێت لەکاتی وەرگرتنی هەڵوێستی سیاسیدا. با باس لە ڕابردوو، واتە لە»دوێنی»، نەکەین ئەوەندە نەبێت کە وانەی لێ فێربین لێ وەرگرین، بەڵام دەڵێن: (ئەوی «ئەمڕۆ» دەتوانین بیکەین مەرج نییە کە «سبەینێ» بتوانین بیکەین)، دیارە پێچەوانەکەیشی ڕاستە واتە: (ئەوەی «ئەمڕۆ» ناتوانین ئەنجامی بدەین مەرج نییە کە «سبەینێ» نەتوانین ئەنجامی بدەین). ئەوەی کە گرنگە ڕەچاو بکرێت لەدەست نەدانی «دەرفەتە». دوو دڵی و دڵەڕاوکی و وەرنەگرتنی هەڵوێستی پێویست و گونجاو لەکاتی ڕەخسانی «دەرفەت»دا هەمیشە پەشیمانی بەدوادا دێت.

ئەو هەڵوێستانەی کە دەکەونە دەرەوەی ئەو خاڵانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن، بە بۆچوونی ئێمە دەکەونە خانەی «هەڵچوونی هەرزەکارانە»، کە سیما سەرەکیەکانیان بریتین لە: «هەڵوێستی ناسەقامگیر و کاتی، کە زۆر جار پەشیمانی و پاشگەزبوونەوەی بەدوادا دێت. هەڵوێستێکن کە زیاتر ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی تاك یان کۆمەڵێکن، و لە بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتماندا نین، گەر هەندێك جار سەرکەوتنی کاتیش بەدەست بێنێن و یان وا دەرکەوێت کە جۆرە گونجاندنێك هەیە لە نێوانیاندا و نێوان بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتماندا».



# بونیادی دیموکراتی لەناو حزبە سیاسییەکاندا

# حزبە سیاسییەکان تا نەتوانن لە کۆمەڵگەدا

**خاگاندرا پراسەی لە توێژینەوەیەکدا:**

سیستمی دیموکراتی فرەحزبی وەک سیستمێکی جەماوەری بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دیموکراتی بەهێز لە ململانێی تەندروستی حزبە سیاسییەکانەوە دەست پێدەکات، لەمەش گرنگتر هەموو چالاکییە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگە هەر لەوەرگرتنی دەسەڵاتەوە تا دەگاتە لێپرسینەوەی دەسەڵات، بەندە بەوەی حزبە سیاسییەکان چ رۆڵێک لەو چالاکییە سیاسیەدا دەگێڕێت.



**ئیڤان دوهرتی لە توێژینەوەیەکدا:**

لانی کەمی پێوەرە جیهانییەکان بۆکاری حزب بریتیە لە: (رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پرانسیپی هەڵبژاردن، پابەندبوون بە رێوشوێنی هەڵبژاردن، رێزگرتن لە حزبەکانی دیکە و ململانێی ئازاد، رێگرتن لە توندوتیژی، هاندان بۆ بەشداربوون لە ژیانی سیاسیدا، پیادەکردنی حوکمڕانی بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە).



**لوتی تین هاقۆ و ئەلڤارۆ پینتۆ لە توێژینەوەیەکی هاوبەشدا:**

ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتێکی فشۆڵ و لەرزۆک بگۆڕین بۆ دەوڵەتێکی ئاسایی و سەقامگیر و بەرپرسیار و خاوەنی حکومڕانییەکی دیموکراتی و دامەزراوەیی چەسپاو،ئەوا مێژوو پێمان دەڵێت ئەم کارە بەبێ سیاسەتێکی بەهێز و دامەزراوەی دەوڵەتی بەهێز دروست نابێت،بەبێ ئەم دوو فاکتەرە گرنگە پێکهاتەکانی دیکەی دیموکراتی وەک ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پرۆسەی ململانێی نێوان حزبە سیاسییەکان، توندوتیژی و ناسەقامگیری بەرهەم دەهێنێت.





# خۆیان دیموکراتی نەبن دیموکراتیەت پیادەبکەن

سەقامگیری کۆمەڵگە و سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت بەندە بە ئاستی ڕەفتاری حزبە سیاسییەکانی کۆمەڵگەو ئاستی بونیادی دیموکراتی لەناو حزبە سیاسییەکاندا

حزبە سیاسییەکان دەتوانن سیاسەتێکی بەهێز دروست بکەن و ببنە فاکتەری بونیادی دامەزراوەیی بەهێزی دەوڵەتی

ئەگەر حزبی سیاسی خۆی لە ناوخۆی خۆیدا دیموکراتی بونیاد نەنێت، ئەوا دەبێتە سەکۆی بونیادی ئیرادەی نادیموکراتیانە

لەو کۆمەڵگایانەی کە لە قۆناخە سەرەتاییەکانی پرۆسەی بونیادی دیموکراتیدان یان وڵاتانی دوای شەڕن و لە قۆناخی گواستنەوەدان لە تۆتالیتارییەوە بۆ دیموکراتی، دەبینین ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە بەنەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی بەخشەر کاتێك پرۆسەی یارمەتیدان و هاوکاری ئەو دەوڵەتانە دەست پێدەکەن و دەیانەوێت هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر بەرەو دیموکراتی هەڵبگرن، پشتگیری بەردەوامی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان و پەرەپێدانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنەکانی دیکەی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ئەو کۆمەڵگایانە دابین دەکەن، بەشێوەیەك لە شێوەکان پشتگیری بەردەوامیان بۆ پارتە سیاسییەکان فەرامۆش دەکەن، یان ئەو خول و ڕاهێنانەی بۆ کادیرانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کارمەندانی ماس میدیا و لایەنەکانی دیکە دەکەنەوە، دیسان دەبینین حزبە سیاسییەکان فەرامۆش کرابن، ئەم هەنگاوانەی ئاژانسەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەنانەت بانکی نێودەوڵەتیش، جۆرە تێڕوانینێك لەو کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووانە دروست دەکات، وەك ئەوەی حزبە سیاسییەکان بەشێك بن لە کێشەکانی کۆمەڵگە و کاری پێویستە و دەبێت ڕێکخراوەکانی دیکە جێگەی حزبە سیاسییەکان بگرنەوە، بەڵام توێژینەوەکانی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و ئەزموونی بونیادی دیموکراتی لەو وڵاتانەی پێیان دەوترێت ئەزموونی دیموکراتی دەوڵەتانی دوای کۆمونیست (Post Communist) یان ئەو دەوڵەتانەی دوای شەڕو تەنگژەکان دەستیان بەپرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوەو بونیادی دیموکراتی کردووەو پێیان دەڵێن دەوڵەتانی (Post War) یان (Post Conflict)، دەریخستووە سەقامگیری کۆمەڵگە و سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت (State Building) و سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی بەندە بە ئاستی ڕەفتاری حزبە سیاسییەکانی کۆمەڵگەو ئاستی بونیادی دیموکراتی لەناو حزبە سیاسییەکاندا، ئەمەش واتە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکرێت لە لەهەندێك کێشەی کۆمەڵگەدا حزبە سیاسییەکان بەشێکن لە کێشەکان، بەڵام بۆ ئەو کێشانە و تەواوی کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگە حزبە سیاسییەکان بەشێکن لە چارەسەرکردن و شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حزبەکان و جۆری ململانێی حزبە سیاسییەکان لە پرۆسەی ململانێی دیموکراتی و چۆنییەتی ڕەفتاری کادرو ئەندامانی هەرحزبێك لە کۆمەڵگە شێوازی سەقامگیری سیاسیی کۆمەڵگە و ئاستی سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان و مانای دیموکراتی لە وڵاتدا پیشاندەدەن، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونە هەردوو پرۆ فیسۆر لوتی تین هاڤۆ و ئەلڤارۆ پینتۆ لە ئامۆژگای هۆڵەندا بۆ دیموکراتی



دێڤید نیکرسۆن بۆ گوڵان:

**ئەولەویەتی ئافرەتان لە حزبەکاندا جیاوازە، بۆیە گرنگە کاتێک ئافرەت بەشدار دەبێت، نموونەی باڵای ئافرەتان بەشداربن بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوی گوڕ و تین بەخشین بۆ ئافرەتانی دیکە**

فرەیی پارتە سیاسییەکان (NIMD) و لە توێژینەوەیەکیاندا بەناونیشانی (هاریکاری دیموکراتی و پارتە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەکانی دوای تەنگژەکان) ئاماژە بەوە دەکەن و نووسیویانە (ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو بمانەوێت دەوڵەتێکی فشۆڵ و لەرزۆك بگۆڕین بۆ دەوڵەتێکی ئاسایی و سەقامگیرو بەرپرسیار و خاوەنی حکومڕانییەکی دیموکراتی و دامەزراوەیی چەسپاو، ئەوا مێژوو پێمان دەڵێت ئەم کارە بەبێ سیاسەتێکی بەهێزو دامەزراوەیی دەوڵەتی بەهێز دروست نابێت، بەبێ ئەم دوو فاکتەرە گرنگە ئەوا پێکهاتەکانی دیکەی دیموکراتی وەك ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پرۆسەی ململانێی نێوان حزبە سیاسییەکان، توندوتیژی و ناسەقامگیری بەرهەم دەهێنێت)، کەواتە ئەگەر وردتر لەسەر قسەکانی ئەو دوو توێژەرە هەڵوەستە بکەین و پرسیارێك بورووژێنین بەوەی ئایا کام پێکهاتەی ناو پرۆسەی دیموکراتی سیاسەتی بەهێزو دامەزراوەی دەوڵەتی بەهێز لە کۆمەڵگە بونیاد دەنێت؟ بێگومان وەڵامی ئەمە ئاسانە و حزبە سیاسییەکانن کە دەتوانن سیاسەتێکی بەهێز دروست بکەن و ببنە فاکتەری بونیادی دامەزراوەی بەهێزی دەوڵەتی و ئەمانەش هەموویان پێکەوە ببنە فاکتەری سەقامگیری و سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان لە کۆمەڵگەدا، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن حزبە سیاسییەکان دەتوانن ئەم ڕۆڵە گرنگە بگێڕن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش پرۆ فیسۆر خاگاندرا پراسەی لە زانکۆی باشوری فلۆریداو لە توێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی (دیموکراتی ناوخۆی حزبەکان - Inner Part Democracy)، نووسیویەتی: (سیستمی دیموکراتی فرەحزبی وەك سیستمێکی جەماوەری بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دیموکراتی بەهێز لە ململانێی تەندروستی حزبە سیاسییەکانەوە دەست پێدەکات، لەمەش گرنگتر هەموو چالاکییە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگە هەر لەوەرگرتنی دەسەڵاتەوە تا دەگاتە لێپرسینەوەی دەسەڵات، بەندە بەوەی حزبە سیاسییەکان چ ڕۆڵێك لەو چالاکییە سیاسیەدا دەگێڕێت) پرۆ فیسۆر پەراسەی ڕاشکاوانە دەست دەخاتە سەر ئەو خاڵە گرنگەی زۆربەی کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و پیادەکردنی پرۆسەی سەرکەوتووبن، ئەوا دەبێت ڕەفتاری حزبەکان بەتەواوەتی دیموکراتی بن، ڕەفتاری حزبە سیاسییەکانیش کاتێك دەبنە دیموکراتی کە لەناو خودی حزبەکانەوە دیموکراتی دەست پێبکات، لەم خاڵەدا پرۆ فیسۆر پەراسەی لەو مەترسیە ئاگادارمان دەکاتەوە چۆن ڕەفتاری ناتەندروستی حزبە سیاسییەکان ڕۆشنبیری دیموکراتی دەگۆڕێت بۆ ڕۆشنبیری خۆسەپێن و شمولی لەمبارەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو نووسیویەتی (زۆر لە مێژوودا بینیومانە حزبێکی سیاسی بە ڕێگەی هەڵبژاردن و سندوقی دەنگدان گەیشتۆتە دەسەڵات بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەفتاری حزبەکە

ديموكراتيانـــە نەبووە، دەبينين رۆشـــنبيری حوكمڕانی لە رۆشنبيرييەكی ديموكراتيانەوە گۆڕدراوە بۆ رۆشنبيری ئەســـۆريتاريانيزم يـــان رۆشـــنبيری تۆتاليتاريزمی، ئەمەش بۆتە هـــۆكاری ئەوەی رەفتاری تۆتاليتاری و ئەسۆريتاريان لەگەڵ پرۆسەی ديموكراتی و پرۆســـەی پەرەپێدانی وڵات بكرێت و بەرەو داكشـــان و خاوبوونـــەوە و لەباربردن بۆتەوە، لەم چوارچێوەيـــەدا و بۆ ئەوەی رێگری لەو وەرچەرخانە ســـلبيە بكرێت، ئاماژە بەچەند خاڵێك دەكەين كە بريتين لە:

١- حزبە سياسييەكان سەكۆی بونيادی ئيرادەو فۆرمەڵەكردنـــی هاندانـــی هاووڵاتيانن بۆ رەفتارەكانيان، هەر بۆيە ئەگەر حزبی سياسيی خۆی لە ناوخۆی خۆيدا بونيادی ديموكراتی نەنێت، ئەوا دەبێتە سەكۆی بونيادی ئيرادەی ناديموكراتيانـــە و فۆرمەڵەكردنـــی هاندانی هاووڵاتيـــان بـــۆ رەفتـــاری ناديموكراتيانە، گەلێك حزبی سياسيی لەبەر ئامانجی كورت مەودای خۆيان ســـەكۆی حزب لە سەكۆی بونيادی ئيرادەی ديموكراتييەوە دەگۆڕن بۆ سەكۆی بونيادی ئيرادەی غەيرە ديموكراتی، ئەم گۆڕانەش لەسەر ئاستی رەهەندی كورت مەودا سوودی بۆ حزبەكە دەبێت، بەڵام زيان بە پرۆســـە ديموكراتيەكە دەگەيەنێت تا ئەو ئاستەی كە زۆر جار لەباريشی دەبات.

٢- حزبـــە سياســـييەكان كەوەرچەرخانن بۆ ســـەكۆی بونيادی ئيرادەی ناديموكراتيانە، لەهەمانكاتـــدا دەبنـــە فاكتەرێـــك بـــۆ بەرهەمهێنانی كەڵچەری ســـەركوتكاری و خۆسەپاندن و دووركەوتنەوە لەبەرهەمهێنانی كەلچەری ديموكراتی و لێبوردەيی.

٣- حزبە سياسييەكان دەبێت بزانن ديموكراتی پرۆســـەيەكی ئۆتۆماتيكـــی نييـــە خۆی بكەوێتەكار، هەروەها پرانسيپ و فيكر نييە وەك ديكۆمێنێت بخرێتە ناو پەيڕەو پرۆگرامی حزبەكانەوەو خۆی بگۆڕێت بۆكرداروو رەفتاری ديموكراتيانە، بەڵكو پەيڕەوو پرۆگرامی حزب رەخساندنی هەل و خستنەڕووی بەرنامەيەكە بۆ بەردەمی ئەندامانـــی حزب بەتايبەتی و هاووڵاتيان بەتايبەتی، گۆڕينی ئەم بەرنامە و هەلە رەخســـاوە بۆ كـــردار و جێبەجێكردن بە پلەی يەكەم دەوەســـتێتە ســـەر لێهاتوويی ئەندامانی حزب و بە پلەی دووەم دەوەستێتە ســـەر لێهاتوويی هاووڵاتيـــان بۆ ئەوەی ئەو بەرنامە و هەلە رەخساوە بگۆڕدرێت بۆ كردار يان رەفتاری ديموكراتيانە.

٤- حزبە سياســـييەكان گرنگە لەو راســـتيە تێبگەن كـــە ديموكراتی تەنيا بريتی نييە لە هەڵبژاردنی سەركردەكانی حزب لە هەڵبژاردنە حزبيەكاندا، يان هەڵمەتی بەرپرســـانی حزب لە پرۆســـەی هەڵبژاردنە حزبيەكاندا، بەڵكو بريتيە لە كۆمەڵێك بەهای كۆمەڵايەتی، كە دەبێت ئەو بەهايانە لە رەفتاری ســـەركردەو كادرە حزبيەكاندا لـــە ناو كۆمەڵگە و حزبدا رەنگ بداتەوە.

## چۆن پرۆسەی ديموكراتی لەناو حزبە سياسييەكانەوە دەست پێدەكات؟

پێشتر ئاماژەمان بە گرنگی ديموكراتيزەكردنی ناوخۆيـــی حزبـــە سياســـييەكان كـــرد،



لويسا ديڤيدسۆن بۆ گوڵان:

## لە ئەڵمانيا، رێسايەک بۆ حزبە سياسييەكان هەيە دەڵێت: تۆ بۆت هەيە بەشداری لە هەڵبژاردنەكان بكەيت، بەڵام بە مەرجێک رێز بنوێنیت بەرامبەر بە سيستەمی ديموكراسيی دەستووری

جەختمان لەســـەر ئەوە كردەوە كە پرۆســـەی ديموكراتيزەكردنی ناوخۆيی حزبە سياسييەكان تا ئەوپەڕی گرنگە بۆ پرۆســـەی بونيادی ديموكراتی لە كۆمەڵگە، بەڵام پرسيار لێرەدا ئەوەيە ئايا پرۆســـەی بونيـــادی ديموكراتی لەناو خودی حزبە سياسييەكانەوە چۆن دەست پێدەكات؟ ســـەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسيارە جێگەی خۆيەتی ئامـــاژە بە توێژينەوەيەی پرۆفيسۆر ئيڤان دوهرتی بەڕێوەبەری ئێستای پرۆگرامی حزبە سياسييەكان لە ئامۆژگای نيشـــتمانی ديموكراتی (NDI) و سكرتێری پێشووی حزبی گەيل (Gale)ی ئيرلەندای باكوور بكەين كە بە ناونيشانی (لانی كەمی پێوەرە جيهانييەكان بۆ كاری پارتە سياسييە ديموكراتييـــەكان- Minimum Standards for the Democratic Functioning of political parties) لەمبارەوە پرۆفيســـۆر دۆهرتـــی بوونـــی ئـــەم مەرجانـــە لە هەر حزبێكی سياســـی بەپێويســـت دەزانێت كە لەكۆمەڵگـــەی ديموكراتـــی كاربكات: (ا- رێزگرتـــن لە بنەماكانی مافەكانی مرۆڤ، ب- رێزگرتـــن لە پرانســـيپی شـــەرعيەتی هەڵبژاردن، ج-پابەندبوون بەو رێوشـــوێنانەی كە بۆ پرۆســـەی هەڵبژاردن دياری دەكرێن، د- رێزگرتن لە حزبەكانی ديكە و پرانســـيپی ململانێی ئـــازاد، ه- پابەندبـــوون لەرێگرتن لە توندوتيژی و بڵاوكردنەوەی پرانســـيپ و سياسەتە پێشـــنياركراوەكان و دەسكەوتەكان، ز- هاندان بۆ بەشداربوون لە ژيانی سياسيدا، ح- پيادەكردنـــی حوكمڕانی بەشـــێوەيەكی بەرپرســـيارانە)، ئەو جا ئەگەر لێرەوە سەيری ئەم پێوەرانە بكەيـــن (كە دوهرتی وەك لانی كەم ئامـــاژەی پێكردوون) هەســـت دەكەين بوونی ئەم مەرجانە پێويســـتييەكن و ئەگەر حزبـــە سياســـييەكان نەتوانـــن پابەندی ئەم پێوارانـــە بن لە كۆمەڵگە پيـــادە بكەن ئەوا نابنـــە ئەو دامـــەزراوە سياســـييەی كە لە كۆمەڵگەدا تـــا بتوانـــن ديموكراتی بونياد بنيـــن، كەواتە بۆئەوەی حزبە سياســـييەكان بتوانن ئەم پابەندی ئەم پێوەرانەبن، دەبێت لە ژيانی حزبی ناوخۆيی حزبيشدا پابەندبن بەم پێوەرانە و لە ژيانـــی رۆژانەی حزبدا دەبێت پيادەبكرێن، ئەمەش پێمان دەڵێن پێش دەسپێكی پرۆســـەی بونيادی ديموكراتی لەكۆمەڵگە دەبێت پرۆســـەی بەديموكراتيزەكردنی حزبە سياسييەكان دەست پێبكات، يان ئەگەر وڵاتێك لە قۆناخـــی رزگاری نيشـــتمانييەوە بەرەو پرۆسەی ديموكراتی هەنگاوی هەڵگرتبێت، ئـــەوا دەبێـــت هاوشـــان لەگەڵ پرۆســـەی ديموكراتـــی لەكۆمەڵگە دەبێت پرۆســـەی بەديموكراتيزەكردنی حزبە سياســـييەكانيش دەست پێبكات، لەم چوارچێوەيەدا گرنگترين كێشـــە كە رووبەرووی ئەو حزبە سياســـيانە دەبێتەوە كە لـــە ديموكراتيەتی نوێنەرايەتی (پەرلەمانـــی) چالاكی دەكـــەن، بريتيە لە كێشەی نوێنەرايەتی، ســـەبارەت بەم لايەنە گرنگە پرســـيارمان لە پرۆفيســـۆر مانوێل ئۆرۆزكـــۆ كە ئێســـتا يەكێكە لـــە تۆژەرە باڵاكانی كێشەی پەنابەران لە زانكۆی جۆرج تاون پسپۆرو تايبەتمەندە لەسەر كاری پارتە سياسييەكان و حوكمڕانی و ديموكراتی لەسەر دەوڵەتانی ئەمريكای لاتينی و ئەفريقيای

حزبە سياسييەكان كە دەتوانن سياسەتێكی بەهێز دروست بكەن و ببنە فاكتەری بونيادی دامەزراوەی بەهێزی دەوڵەتی

لەپێناو زيادكردنی ئاستەكانی نوێنەرايەتيكردن و فۆرمەلەكردنی هاندان بۆئەوەی گوزارشت لە ئيرادەی گەل بكەن، چاكسازيی نێو حزبە سياسييەكان زۆر گرنگە

گەورەترين خاڵی لاوازی پارتە سياسييەكان ئەوەيە كە لەتوانایاندا نييە هاوسەنگييەک بخوڵقێنن لەنێوان بەرز راگرتنی بەهاكانی ديموكراسييەكان لەگەڵ پيادەكردنيان لە دامەزراوەكاندا

باشور سەبارەت بەکێشەی حزبە سیاسییەکان لــە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئــەم راپۆرتەی گــوڵان بەمجــۆرە رای خــۆی دەربڕی و گووتــی: (پارتــە سیاســییەکان کاردەکەن لەپێنــاو وەدەســتهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیــان، گەورەترین خاڵــی لاوازییان ئەوەیە کە لەتوانایاندا نییە هاوسەنگییەك بخوڵقێنن لەنێوان بەرز ڕاگرتنی بەها دیموکراسییەکان لەگــەڵ پیادەکردنیان لــە دامەزراوەکاندا. زۆربــەی پارتــە سیاســییەکان لــە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا نوێنەرایەتییەکی ئەوتۆ دابین ناکەن بۆ ئافرەتان و چینەکانی لاوان، لەکاتێکدا کە ئافرەتان و گەنجان بەشــێکن لە گەورەتریــن پێکهاتەکانی کۆمەڵگە. بەم شــێوەیە، لەئاکامدا دەکەونە ژێر حوکمڕانیی بازنەیەکی بچووك لە دەســەڵات. هەربۆیە لەپێناو زیادکردنی ئاستەکانی نوێنەرایەتیکردن و فۆرمەلەکردنی هاندان بۆئەوەی گوزارشت لە ئیرادەی گەل بکەن، چاکسازیی نێو حزبە سیاســییەکان زۆر گرنگە. جیهان چەندین ئەزموونی گرنگ و جیاوازی بینیوە لەبواری گۆڕانکاری لەوانە:

یەکەمیان: ڕێژەی ئافرەتان روو لە زیادبوون دەکات لەبــارەی وەدەســتهێنانی پلەکانــی خوێندن و وەرگرتنی پۆستەکانی بەڕێوەبردن لە ئابووری و چالاکییەکانی بەڕێوەبردن.

دووەمیــان: ژمــارەی ئەو کەســانەی کە بڕوانامەکانی خوێندنی باڵا وەدەســت دێنن رووی لە هەڵکشــان کردووە بانگەشە دەکەن بۆ بەهاکانی نوێنەرایەتیکردن.

ســێیەم: ناگونجاندنێکــی فــراوان هەیە لەنێوانی میتۆدە ترادشنەڵەکان لە ئەنجامدان و بەردەوامبوون لەگەڵ سیاسەت (تەعبیئە، مانگرتن، کۆمەڵبوون، ڕێکخســتنی لیست بەنــاوی لایەنگران). هەروەها شــێوازەکانی پێوەندییەکانــی نــەوەی نــوێ برێتییە لە تێکەڵەیەك لە ستایلێکی دیجیتاڵ (نەك تەنیا لەڕێگەی ئەنتەرنێت، بەڵکو بە مۆبایل-یش) کە خــاوەن پرۆتۆکۆڵی نوێیــە لە پێوەندی کۆمەڵایەتی (پێوەندی کورت و راستەوخۆ، بەڵام هــاوکات پەیوەندییەکی چڕ و کاردارو جیهانگیرییە). ئێمە ئەمڕۆ لە ســەردەمێکدا دەژین کە «ســیگموند باومان» ناوی لێ ناوە بە «سەردەمەکانی شلە»، بەشێوەیەك کە لەمجۆرە سەردەمانەدا پرۆسەکانی پتەوکردنی شێوەکانی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی بەپێی پێویســت بــەو خێراییەدا نییە کــە بتوانێت بگونجێت لەگەڵ یان ڕووبەڕووی شەپۆلێکی نــوێ بێتەوە لــە شــێوەکانی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی. ئــەم دۆخــە ژیانێکی خێرا دەخوڵقێنێت کــە تیایدا گەنجــەکان خۆیان ڕادەهێنن بۆئەوەی بتوانن لەگەڵی بگونجێن و بەشێوەیەکی خێراتر لە باوك و باپیرانمان .

چــوارەم: هــەروەك کــە هەمووەمــان دەزانیــن، ئەمڕۆ حوکمڕانی و دەســەڵاتی سیاســی بەشــێوەیەکی بەرچاو دووچاری نۆژەنکردنەوەیەکــی فراوان بــووە، هەروەها هەرەشــەیەکی گەورە لەدژی دەســەڵاتی سیاسی ســەریهەڵداوە لەلایەن چەندین لایەن و دەستەی جیاواز کە ئەوانیش هەر یەکێکیان بانگەشە بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات دەکات،



**مانوێل ئۆرۆزکۆ بۆ گوڵان:**

**زۆربەی حزبە سیاسییەکانی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو نوێنەرایەتییەکی ئەوتۆ دابین ناکەن بۆ ئافرەتان و لاوان، لەکاتێکدا کە ئافرەتان و گەنجان بەشێکن لە گەورەترین پێکهاتەکانی کۆمەڵگە**

ئەمانەش بریتین لە ڕێکخراوە ئینتیقالییەکان (بازرگانەکانــی مــاددە هۆشــبەرەکان، چەتەکان، تیرۆریســتەکان، بازرگانەکانی لەشفرۆشــی)، لەگەڵ مافیا و دەستەکانی تاوان، جگە لــە بزووتنەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنــی و رای گشــتی کــە پێگەکانیان لەبارەی هەڵبژاردن و بەرپرسیارەتی کێشەی خوڵقاندووە لەبەردەم میتۆدە ترادشــنەڵەکانی سیاسەتی گشتی.

پێنجــەم: لەبەرئــەوەی هەڵکشــانێکی جیهانگیری هەیە لە مومارەسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، هەر بۆیە ستانددەرەکانی ژیان بەشــێوەیەکی بەرچاو رووی لە جیهانگیری کــردووە. بڕەکانی تێچوونــی بژێوی ژیان بەشــێوەیەکی نایەکســان رووی لە زیادبوون کردووە، لەســەر ئاســتی جیهانــدا نرخی یــەك دەرزەن هێلکــە لەنێوانی ١,٣ دۆلاری ئەمریکیە لــە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و ئاسیا، لەکاتێکدا ٢,٢ دۆلاری ئەمریکیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا، هاوکات داهاتی مانگانە بریتیە لەنێوان ٢٥٠ دۆلاری ئەمریکی لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان تاکو ٤,٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا. دووبارەی دەکەمەوە پلۆراڵیزمی عادیلانە و بەرپرسیار بەهەمــوو شــێوەکانییەوە تەحەددایەکــی سیاســی ڕاستەقینەیە و بەشــداریبوونێکی سیاســی کاریگەر فەراهــەم دەکات. ئەو پارتە سیاســییانە و ئەو سەرکردانەی کە لە کۆمەڵگەدا پاڵپشتی لە «پلوراڵیزم» دەکەن بەبێ سازشبوون لە ئەرکەکانی دادپەروەری و ئەخلاقی، دەبن بــە هۆکاری بەرهەمهێنانی گۆڕانکاریــی کۆمەڵایەتــی و سیاســی و گرنــگ. ڕۆڵــی ئافرەتان لە سیاســەت پێکهاتەیەکــی گرنگە بــۆ وەدیهێنانی ئەم گۆڕانکارییانە.))

ئەگــەر ســەرنجێکی خێــرا لــەو پێکەوەگرێدانەوەیەی پرۆ فیســۆر ئۆرۆزکۆ بدەین دەبین ئاستی نۆژەنکردنەوەی حزبەکان پێویســتی بەهەنگاوی خێرا و بەشدارییەکی فراوانی گەنجــان و ئافرەتان هەیە، ئەم دوو لایەنە کە ئۆرۆزکۆ لەســەریان هەڵوەستەی پێدەکات، جیاوازییەکە لە نێوان ئاســتی ژیان لــە کۆمەڵگەکانی ئەورووپــا و ئەمریکا کە لەگەڵ دەوڵەتانی تازە پێگەیشــتووی ئاسیا و ئەفریقیا بە ئاســانی هەســتی پێدەکرێت، گۆڕانکارییەکانیــش گرێدەداتەوە بەدیاردەی فرەلایەنی سیاســی لەکۆمەڵگەدا هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرســیارمان لە پرۆ فیسۆر جاســۆن رایفلەر ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی جۆرجیا و تایبەتمەند لە بونیادی دیموکراتی لە وڵاتانی دوای تەنگژە و شەڕ و لەوەڵامدا بەمجــۆرە بەگوڵانی ڕاگەیاندن و وتــی: ((پارتە سیاســییەکان گرنگن بۆ دیموکراســی، پارتە سیاســییەکان خزمەت بە دوو ئامانجــی پێکەوەگرێــدراو دەکەن، یەکەمیان پارتە سیاسییەکان بونیادێك دروست دەکــەن کە پاڵێوراوەکان بەهۆیەوە دەتوانن کار بۆ بەدەستهێنانی پۆستە حکومییەکان بکەن، ئەویش لە ڕێی هاوکاریکردنیان لە چۆنییەتی ئەنجامدانــی هەڵمەتەکانــی هەڵبژاردن و

**لەو کۆمەڵگەیانەی کە لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان خەڵکی بە شێوەیەکی کراوەتر دەتوانن پێوەندی لەگەڵ یەکدا دروست بکەن**

**ئەگەری بەشداریکردنی ئافرەتان لە پارتە سیاسییەکاندا زیاتر دەبێت ئەگەر بوارێکی باشی بەشداری کردنیان لە بوار و ئاستەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا هەبێت**

**پارتە سیاسییەکان بونیادێک دروست دەکەن کە پاڵێوراوەکان بەهۆیەوە دەتوانن کار بۆ بەدەستهێنانی پۆستە حکومییەکان بکەن**

لــە هەمان کاتــدا دابینکردنــی دارایی بۆ هەڵســوڕاندنی ئەو هەڵمەتانــە، لە هەمان کاتــدا هاوکاری کردنیان بــۆ ئەوەی بتوانن پەیام و بەرنامەی خۆیان بە زۆرترین ڕێژەی خەڵك بگەیەنن. ئامانجــی دووەم بریتیە لە ڕێکخستنی کاری ئەندامەکان و هەماهەنگی کردن لە نێوانیاندا لە دەسەڵاتی یاسادانان، یان لە پەرلەماندا، کە ئەمەش ئەرکێکی سەختە و پێویستی بە جۆرێك لە دەسەڵاتی مەرکەزی یاخــود میکانیزمێکی مەرکەزی دەبێت. لەو کۆمەڵگەیانەی کە لە ســەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان خەڵکی بە شــێوەیەکی کراوەتر دەتوانن پێوەندی لەگەڵ یەکدا دروست بکەنــەوە، هەروەها بۆ یەکەمجار ڕاوبۆچوون و دەنگیــان لەبەرچاوبگیرێــت لەلایــەن حکومەتەوە، کە ئەگــەری ئەوە هەیە ئەمە ببێتە پاڵنەر و هاندەریان بۆ ئەوەی چالاکانەتر بەشداری لە پارتە سیاســییەکاندا بکەن بۆ ئەوەی باشتر گوزراشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن، ئەمە شــتێکی سروشــتیە و هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە. بەڵام ســەبارەت بە بواردان بە ئافرەت بۆ ئەوەی بەرێژەیەکی بەرچاو لەپارتە سیاسییەکاندا بوونیان هەبێت، من پێموایە ئەگەری بەشداریکردنی ئافرەتان لە پارتە سیاســییەکاندا زیاتر دەبێت ئەگەر بوارێکی باشــی بەشــداری کردنیان لە بوار و ئاســتەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێسای دامەزراوەیی جیاواز هــەن بۆ ئەوەی پارتە سیاســییەکان کار بۆ زیادکردنی ڕێژەی بەشداری ئافرەتان بکەن، ئەمەش پەیوەستە بە سیستەمی هەڵبژاردنەوە کــە وڵاتەکــە پیــادەی دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە پارتە سیاســییەکان ڕەنگدانەوەی تێڕوانینــی ئەندامەکانیانــن، لــە کاتێکدا تێروانینــی ئەو ئەندامانــەش ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و بەهاکانی کۆمەڵگەکەن. ئەگەر ئێمــە لــەم ڕووەوە لە پارتە سیاســییەکانی ئەوروپا بڕوانیــن ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە زۆرێك لەم پارتانــە زۆر زۆر مەرکەزین، کە ئەمەش شــتێکی ســەیرە. ئەمە لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین حزبە سیاسییەکانی ئەمەریکا لــە زۆر ڕووەوە لاوازن، بــەڵای کەمەوە لە ڕووی هەڵبژاردنــەوە، بەکورتی دەتوانم بڵێم: سەرەڕای ئەوەی ئێمە زۆرجار نارازین لە پارتە سیاســییەکان و سکاڵایان لە بارەوە دەکەین و پێمان وایە کاری خراپ ئەنجام دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا پارتە سیاسییەکان خزمەت بە ئامانجگەلێکی پێویست دەکەن، هەربۆیە باشــترین کارێك حزبە سیاسییەکان ئەنجامی بــدەن بریتیە لە پەرەپێدانی ئەو سیاســەت و بەرنامانەی کە لە ئاستی خواست و ویستی ڕای گشتیدان.))

## حزبە سیاسییەکان و پرۆسەی هەڵبژاردن

کاری ســەرەکی حزبــە سیاســییەکان لــە کۆمەڵگەی دیموکراتی زەمینەســازییە بۆ بونیادی ئیــرادەو فۆرمەڵەکردنی میتۆدی هاندان بۆ بەشــداری سیاسی هاووڵاتیان لە پرۆســەی دیموکراتی وڵات، کەواتە دەکرێت ڕاشکاوانەتر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین و ئاماژە بەوە بکەین کە پارتە سیاســییەکان هەڵدەســتن بــە خاوکردنــەوەی ئاڵۆزییــە



**جاسۆن رایفلەر بۆ گوڵان:**

# حزبە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی ئەندامەکانیانن، تێڕوانینی ئەندامەکانیش دەبێت ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و بەهاکانی کۆمەڵگەکە بێت

سیاســییەکان و دۆزینەوەی ڕێگای گونجاو بۆ کێشــەکانی کۆمەڵگــە و گرێدانەوەی خواســتە لۆکاڵەکانی هاووڵاتیان بە خواستە نیشــتمانییەکانەوە، ئەمەش لەســەر هەردوو ئاست پێویســتی بە بونیادی ئیرادەو هاندان هاووڵاتیان هەیە لە لایەن حزبە سیاسییەکانەوە، هەر بۆیە حزبە سیاسییەکان دەبێت ڕۆژانە لە ئاستی خواستەکانی خەڵك بن و وەڵامدانەوەی پێویستیان هەبێت و لە هەمانکاتدا کەناڵێکیش بــن بــۆ ئــەوەی هاووڵاتیان هاوشــانی خواســتەکانی ڕۆژانەی بایــەخ بە ئامانجە نیشــتمانییەکانی باڵاش بــدات، ڕاگرتنی ئەم هاوســەنگیە و ئامادەباشــی بۆ ئەوەی بەردەوام حزب بتوانیت ئەم ڕۆڵە کاریگەرەی لەکۆمەڵگە بگێڕێت دەکەوێتە ســەر ئەوەی چۆن حزبە سیاســییەکان لە ناو خودی حزبە سیاســەکە کار بۆ ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگیە دەکات، سەبارەت بەم لایەنە گرنگە پرسیارمان لە پرۆ فیســۆر لویس دیڤیدســۆن ئوستادی زانســتی سیاســەت لە زانکــۆی میامی و تایبەتمەند لەســەر پرســی حوکمرانی و دیموکراتی لە لێدوانێکی تایبەتی بەم ڕاپۆرتە وتی: ((بایەخی پارتە سیاسییەکان لەوەدایە کە چەند هەلومەرجێکی بەسوود دەڕەخسێنن. بۆ نموونە سەبارەت بە دەنگدەران، دەنگدەران پێویســتییان بە هەڵبژاردنە بۆ ئەو کەسەی کە حوکمیان بکات، هەر بۆ ئەم مەبەســتەش پێویستییان بەوە هەیە کە هەموو زانیارییەکانی پەیوەســتدار بە تێکرای کاندیــدەکان بزانن بۆئەوەی بتوانن لەنێوانیاندا هەڵبژێرن، بەڵام ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە و کاتێکی زۆری دەوێ بۆ ئەنجامدانی، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان تەنیا بۆ یەك جار نییە بەڵکو پرۆسەیەکی هەمیشەییە و بەردەوام ئەنجام دەدرێــت. هەربۆیە بۆ هاووڵاتیانیش زۆر ئاسانتر دەبێت ئەگەر گرووپ و کۆمەڵە خەڵکانێك هەبن و بانگەشــە بۆ خۆیان بکەن و بڵێــن: «ئەمــە ئێمەین و ئەمــە ناومانە و پرەنســیپەکانمان بریتیــە لــەم خاڵانە». بەمشێوەیە، کار بۆ دەنگدەرەکان زۆر ئاسانتر دەبێت کاتێــك بڵێن بۆ نموونە: «بەڵێ، ئێمە دەزانین کە پارتی سۆشیالیســت بەرگری لە مافــی کرێکاران دەکات و پارتی پارێزگاران بەرگری لە هەنــدێ بەهای ئایینی دەکات ...و تاد.» لەئاکامیشــدا دەنگدەران دەنگ بەو پارتە دەدەن کە بەرگری لە بەرژەوەندی و مافەکانیان دەکات. خاڵی دووەم سەبارەت بە بایەخی پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کە سوودی بۆ کاندیــدەکان هەیــە. کاندیدەکانی پارتە سیاسییەکان لەو ڕاستییە بەئاگان کە لەڕێگە و بەناوی پارتــە سیاســییەکانەوە، زۆر بە ئاسانی دەتوانن پەیامی خۆیان بۆ هاووڵاتیان بگەیەنــن و پرەنســیپ و ئامانجەکانیــان بڵاوبکەنەوە، لەبەرئەوەی ئەو کەســانەی کە خۆیان کاندید دەکەن، خوازیارن بە ناوی پارتە سیاسییەکانەوە خۆیان هەڵبژێرن لەبەرئەوەی پارتە سیاســییەکان ئاســانکارییان بۆ دابین دەکەن لەبــارەی بانگەشــە و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و پشــتگیری و هاوکاری. خاڵی ســێیەم: کاتێك کە هاووڵاتیان بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێرن، لێرەدا بایەخی پارتە سیاسییەکان

**باشترین کارێك حزبە سیاسییەکان ئەنجامی بدەن بریتیە لە پەرەپێدانی ئەو سیاسەت و بەرنامانەی کە لە ئاستی خواست و ویستی ڕای گشتیدان**

**دەنگدەران دەنگ بەو پارتە دەدەن کە بەرگری لە بەرژەوەندی و مافەکانیان دەکات**

**بۆت هەیە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەیت بەڵام مەرجێك ڕێز بنوێنیت بەرامبەر بە سیستەمی دیموکراسیی دەستووری**

**پارتە سیاسییەکانی ئەوروپا جەخت لەسەر هەموو کێشە و لایەنەکان دەکەنەوە، لەو لایەنانەی کە هاووڵاتیان بۆ بیستنی بەپەرۆشن و چاوەڕوانن باس بکرێت**

لەوەدایە کە کەسانی شیاو و خاوەن پرەنسیپ و ئامانجـــی هاوشــێوە دەستنیشـــان دەکەن بۆئەوەی بەنـــاوی پارتەکانیان خۆیان کاندید بکـــەن. بۆ نموونە ئەگەر هات و ٢٠٠ ئەندام بوونیان هەبـــوو لە لیژنەکانی یاســـادانان و دارێژتنی دروســـتکردنی بریـــارەکان و هیچ کامیان کەســـی بەرامبەر نەناسێت یان نەزانێت چۆن کەسێکە یان پرەنسیپ و ئامانجەکانی چییە، ئەو کات زۆر زەحمەتە بەو ئاســـانییە بتوانن بڕیار دروستبکەن.لێرەدا دەخوازم ئاماژە بەوە بکەم بواری پســـپۆڕیی من «ئەڵمانیا»یە، ڕێســـایەك هەیە لە ئەڵمانیا کە دەڵێت: «تۆ بۆت هەیە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەیت بەڵام بە مەرجێك ڕێـــز بنوێنیت بەرامبەر بە سیستەمی دیموکراســـیی دەستووری.» بەو شـــێوەیە، ئەگەر تۆ پارتێکی سیاســـی بیت و بەڵێـــن بدەیت و بڵێیت: «مـــن ڕەزامەندم بـــە پابەندبوون بە یاساکان، ئەگەر هات و بردمـــەوە خزمەت دەکـــەم، ئەگەریش کاتی دەستکێشـــانەوەم هات واز لە دەسەڵات دێنم، هەروەها ئەگەر دۆڕام ڕێز لە یاســـا دەگرم و بەو ڕاستییە قایل دەبم کە دۆڕاوم.» ئەو کات دەتوانی بەشداری بکەیت لە هەڵبژاردنەکان. بەڵام ئەگەر بڵێیت مەبەستت لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنـــەکان ئەوەیە کـــە بیبەیتەوە و سیستەمەکە بروخێنیت و سیستەمێکی نوێ بســـەپێنیت، یان ئەگەر هات و بڵێی ئەگەر دۆڕای هەوڵی لەناوبردنی ڕکابەرەکان بدەیت و هەڕەشـــە بکەیتە ســـەر دیموکراسییەت، هەڵبەتـــە ئـــەو کات ڕێگەت پـــێ نادرێت بەشداری بکەیت.)) سەبارەت بە چۆنییەتی بایەخـــدان بە سیاســـەتی ڕۆژانەی خەڵك و ڕاگرتنی هاوســـەنگیش لەگەڵ سیاســـەتی نیشـــتمانی پرۆفیسۆر دیڤدســـۆن بەمجۆرە ئەم پرســـەی بۆ گوڵان ڕوونکـــردەوەو وتی: (مەسەلەکە پەیوەستە بە سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتەی کە مەبەســـتتانە، کە ئایا خاوەن سیستەمێکی فیدراڵییە، یان وڵاتێکی خاوەن سیستەمێکی مەرکەزی، یان هەرێمی.

خۆی لەڕاستیدا، پێویستە پارتە سیاسییەکان کاربکەن لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکانـــی کۆمەڵگە لەســـەر ئاســـتی لۆکاڵ، لەگەڵ نەهێشتنی جیاوازییەکان کە لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشـــتمانییەکاندا هەیە. بەڵام لەو بوارەی کە من پسپۆڕیم لێی هەیە هیچ جیاوازییەك یان گرژییەك نابینم لەنێوان سیاسەتە لۆکاڵ و نیشـــتمانییەکان. بەڕای مـــن هەردووکیان بەندن لەگـــەڵ یەکتری و

**پێویستە پارتە سیاسییەکان کاربکەن لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی لۆکاڵیەت**

هیـــچ جیاوازییەك لەنێوانیانـــدا نییە، پارتە سیاســـییەکان لە ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخ بە هـــەردوو لایەن دەدەن، بۆ نموونە بایەخ بە سیاسەتە ئابوورییەکان دەدەن کە دەکەوێتە چوارچێوەی سیاسەتی ناوخۆیی و لەهەمان کاتیشـــدا بایەخ بە سیاســـەتی دەرەوە دەدەن کـــە ئەویـــش لەخۆیدا دەکەوێتە چوارچێوەی سیاسەتی نیشتمانی. هەربۆیە، من پێموایە کە هەر یەك لە پارتە سیاسییەکان و بەبێ جیاوازی ستاندەر و پرۆگرامی کاری تایبەت بە خۆیان هەیە لەســـەر ئاستەکانی لۆکاڵ و هەروەها ستاندەر و پرۆگرامی کاریان هەیە لەسەر ئاســـتی نیشتمانی. لەوانەیە لە هەندێك حاڵەتدا پارتە سیاسییەکان هەوڵ بدەن لە جەختکردنەوە لەسەر لایەنێك زیاتر لەوەی جەختبکاتەوە لەســـەر لایەنەکەی تر، ئەویش تەنها بۆ ئەو مەبەستەیە کە دەنگدەرەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و دەنگ وەدەست بێنێت. بۆ نموونە پارتە سیاسییەکانی ئەوروپا جەخت لەسەر هەموو کێشـــە و لایەنەکان دەکەنەوە، بەتایبەتی لەمیانی هەڵبژاردنەکاندا دەبینین بەشێوەیەکی چڕ و زیاد جەخت لەسەر هەندێ کێشـــە و لایەنی دیاریکراو دەکەنەوە ئەویش بریتییە لـــەو لایەنانەی کـــە هاووڵاتیان بۆ بیستنی بەپەرۆشن و چاوەڕوانن باس بکرێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، من هیچ گرژییەك یان جیاوازییەك لەنێوان ئەو دوو سیاســـەتەدا نادۆزمەوە.)) هەر لەم چوارچێوەیەدا سەبارەت بەگرنگـــی هەڵبژاردنەکان وەك ئامانجێك بۆ پارتە سیاسییەکان بۆ گەیشتنیان بەدەسەڵات، پرۆفیسۆر دیڤید نیکرسۆن ئوستادی زانستی سیاســـەت لە زانکۆی یەڵ (Yale) وتۆژەر لـــە ئامـــۆژگای توێژینەوەی سیاســـەتی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی ناوبراو لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئـــەم ڕاپۆرتەی گوڵان بەمجۆرە ڕای خـــۆی خســـتە ڕوو و وتـــی: (ئەگەر مەبەســـتتان ئەوەبێت دەبێت هەنگاوی یەکەم چی بێت بۆ ئەوەی پارتێکی سیاسی بتوانێت ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات، ئەوا من دەڵێم پێویستە پشتیوانییەکەی جەماوەری هەبێت، بە چەشنێك دڵنیابێت کە لە هەڵبژاردنەکاندا متمانـــەی پێـــدەدەن و دەنگی بـــۆ دەدەن. هەروەها دەبێت ئەو کەســـە خۆبەخشـــانەت هەبێت کە هەڵدەســـتن بە ڕێکخستنی خەڵك و بـــە کۆکردنـــەوەی دەنـــگ، بـــۆ نموونە گەورەتریـــن ئیحراجی ئەوەیە تـــۆ بڕیاری ئەنجامدانـــی کۆبوونەوەیەکـــی جەماوەری بدەیت، بەڵام کـــەس ئامادەنەبێت، لە هەمان

**دەبێت پارتە سیاسییەکان سیاسەتی کراوەیان هەبێت بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانێت ببێتە ئەندام تێیدا**

کاتدا پێویســـتە پارتە سیاسیەکە سەرچاوەی دارایی پێویســـتی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵمەتـــی هەڵبـــژاردن ئەنجام بـــدات، بۆ ئەوەی بتوانێت دارایی پێویست بۆ هەڵمەتی پاڵێوراوەکانی دابین بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت کۆبوونەوەی جەماوەری ســـازبدات. هەربۆیە پارتـــە سیاســـییەکان هەوڵـــدەدەن ئەوەندەی مومکینە زۆرتریـــن ئەندامیان هەبێت، واتە بتوانن زۆرترین کەس پەیوەســـت بکەنەوە بە پارتەکەوەو ئەو خەڵکانەش وابەســـتەبوونێکی ســـایکۆلۆژی قوڵیان هەبێت بە پارتەکەوە. کەواتە من هـــاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە دەبێت پارتە سیاسییەکان سیاسەتی کراوەیان هەبێت بۆ ئەوەی هەمـــوو کەســـێك بتوانێت ببێتە ئەندام تێیـــدا، بە پێچەوانەوە حەســـرکردنی مافـــی ئەندامێتی لـــە گرووپێکی دیاری کراودا ئەنجامی باشـــی لێناکەوێتەوە بۆ ئەو پارتـــە. پێموایە دەبێت مافی بوونە ئەندام لە پارتە سیاســـییەکاندا بۆ خەڵکی جێبهێڵرێت، لەبـــەر ئەوەی خەڵکانێك هەن لە سروشـــتی خۆیاندا ئـــارەزوو ئامادەیـــی کارکردنیان لە پارتە سیاســـییەکاندا هەیە، ئەمە لە کاتێکدا کەســـانێکیش هەن بایەخ بە پرس و مەسەلە سیاســـییەکان نـــادەن. ڕەنگە ئەم کەســـانە مەیلیان بـــۆ پارتێکی سیاســـی دیاریکراو هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزو ئارەزووی کارکردنیان نییە لە نێو ئەو پارتانەدا. هەروەها بەشداری ئافرەتان لە سیاسەت و لە چالاکییە سیاسییەکاندا شتێکی حەتمیە، ڕەنگە ئافرەتان ئەولەویەتی جیاوازیان هەبێت لە پیاوان، بەڵام جیاوازیەکە ڕیشـــەیی نییـــە و نابێتە هۆی هێنانە ئارای ئاڵوگۆڕی گەورە لە سیاسەتی وڵاتەکەدا. واتە ئەگەر ڕێژەی گەورەی کەسە سیاســـییەکان لە ئافرەتـــان پێکهاتبوو، ئەوا ڕەنگە پێشنیازی جیاواز-هەروەك ئاماژەمان پێکـــرد جیاوازییەکـــە جیاوازییەکی گەورەو بنەڕەتی نابێت- بۆ ئەو سیاسەتانە بخرێتەڕوو کە دەبێت پەیڕەوبکرێـــن. لەم ڕووەوە من پێم وایە کارکردنی ئافرەتان پێویستی بە دوو لایەن هەیە، یەکەمیان ئەوەیان بوارێك بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی ئافرەتان بە ئاسوودەییەوە ئەم کارە ئەنجام بدەن، هەرچەندە ئەمە کارێکی ئاسان نییە، لـــە لایەکی دیکـــەوە دەبێت نموونەی باڵای ئافرەتان هەبێت لەم بوارەدا بۆ ئەوەی ببنە سەرچاوەی هاندان و گوڕوتین بەخشین بە ئافرەتانی دیکە.

# دڵی کەس عەمباری کەس نییە



**فەلەکەدین کاکەیی**

**(١)**

**کورد گوتوویەتی:**

**( دڵی من عەمباری کەس نییە...)**

واتە: ئـــەوەی دەیزانـــم دەیدرکێنم. زوو یا درەنگ دەیلێمەوە.

هەمیشەش هەروەها بووە

ئیجگار کەمـــە یەکێك پەیـــدا بوویێت تا ئەبەدی نهێنییەکانی شاردبێتەوە. ئەگەر لە کن هەر کەسێکی نەدرکاندبێ ئەوە هیچ نەبێت بە گوێی چەند نزیکێکی خۆیدا چرپاندوویەتی.

**(٢)**

دنیا بە پێچەوانەش دەسورێتەوە.

(سرقایمی، واتە: نهێنی پاراستن) بەهایەکی ئەخلاقی بەرزی جیهانی (جاران )بوو مەبەستم لە جاران تا ٢٠-٣٠ ســاڵ پێش هەزاران ساڵ بـــەرێ وەلی ئێســـتا (قارەمان) ئەو کەســـەیە نهێنییەك بزانـــێ، یا پـــەڕە بەڵگەنامەیەکی نهێنـــی بەدەس بکەوێت، یەکســـەر رۆژنامە و ئینتەرنێت.

ئینتەرنێتیـــش، ماڵـــی بە قـــوڕ بگیرێ، عەمباری کەس نییە، هەرچی بخەیتە زارەوە بێ یەك و دوو بە سەرانسەری دنیای دەگەیەنێت، چونکە گەورەترین( فیتنە گێڕی ) ئەم زەمەنەیە، عەمبارێك بۆ نهێنیەکان نەماوەتەوە!

**(٣)**

زەمەنـــی ئاشـــکرا کۆپـــی و گوتنەوەی نهێنیەکان بەدەســـتی میکاییل گورباشـــۆفی رووسی دەستی پێکرد، ئەو کە بوو بە پێشەوای گەورەترین حیزبـــی فەرمانڕەوایـــی یەکێتی ســـۆڤیەتی جاران، لەناوەڕاســـتی هەشتاکانی ســـەدەی بیســـتەمدا دوو زاراوەی هێنایەوە کە بوون بە کلیلی گۆڕانکارییەکی بێ پێشینە.

**١-** پرۆسترۆیکا، واتە: گۆڕانکاری.

**٢-** گلاسنۆســـێت، واتە: ئاشـــکرا گۆی و شـــەفافییەت، گوربا چـــۆف و هەڤاڵانی بەو باوەڕە گەیشـــتبوون کە سیســـتەمی یەکێتی ســـوڤیەت و سوسیالیزمی ئەو ســـەردەمە، بە بنبەس گەهشـــتووە و، پێویســـتە لە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێت، کلیلـــی گۆڕانکاریش: ئازادییە، ئازادکردنـــی ئازادییە سیاســـییەکانی تاك و کومەڵ بە تایبەتی ئازادی دەربڕین.

نزیکتریـــن رێگەش بۆ کرانـــەوەی ئازادیی بیروبـــاوەڕ و لێکۆڵینەوە: دیالۆگە، دیالۆگیش پێویســـتی بـــە زانیارییـــە، بـــەڵام زۆربەی زانیارییەکان لە تۆی بەڵگەنامە و ئەرشـــیف و کتێبخانەکان شـــاراوە هەڵگیراون، هەر بۆیەش دەبێ زانیارییەکان ئاشـــکرا ببن و.. ئەرشیفە نهێنیەکان بکەونە بەردەست.

ئەوە یەکەمین هەنگاڤی ئاشـــکراگۆیی و رۆشنبینی بوو، لەوێوە وەکو بەربەستی (مارب) لە یەمەنی جـــاران کە کونە مشـــکێك ئاوی بەربەســـتەکەی بەردایەوە و، وردە وردە، پەرەی ســـەند تا گشت بەربەرســـتەکە، رووخا، ئاوەها دیواری ئاســـنینی بڵندی سیستەمی یەکێتی ســـۆڤیەت کەلێنێکی لێکەوتەوە: کە ئەوەندەی نەبرد تەنیەوە و لە ئەنجامدا داڕما.

**(٤)**

(گلاسنۆسێت) سەرانسەری دنیای گرتەوە، چەند رژێمێك نەبێ سفت و قایم خۆیان راگرت، بەڵام زۆرینـــەی رژێمەکانـــی هاوپەیەمانی سۆڤیەت و سوشیالیزم تێکۆ پێکچوون.

لەمـــلاوە، بـــەرەی کەپیتالیـــزم: وڵاتانی ئەمەریـــکا و ئەوروپـــا و هاوپەیمانیـــان، کەموزیـــاد لەگەڵ ئاشـــکرابوونی بەڵگەنامە و ئەرشـــیفەکانیان راهاتبوون، بەشـــی خۆیان نهێنییان هەبوو و هەیە، بەڵام بە ئاســـانی درز دەکەنە دەرەوە و، کەم شت هەیە شاراوە بمێنێ، (نیکسۆن)، سەرۆکی پێشووی ئەمەریکی، لە ئەنجامی ئاشکرا بوونی دیکۆمێنتی سانسۆری ئیدارەکەی لە سەر حیزبی بەرامبەر، ناچار کرا دەس لە سەرۆکایەتی کۆمار بکێشێتەوە، (بیل کلینتون) سەرۆکێکی دیکەی ئەمەریکا خەریك بوو دووچاری هەمان چارەنووس ببێتەوە، ئەویش لەبەر ئاشـــکرابوونی پێوەنـــدی (ئەڤینداریی ) لەگەڵ (مۆنیـــکا ) کارمەندی هـــەرزەکاری جوانی کۆشکی سپی، کە پێچووپەنای هەموو کۆشـــکی سپی و توانا و دەســـەڵاتی سەرەك کۆمـــار نەیتوانی ئەم پێوەندییـــە بە (نهێنی ) بهێڵێتەوە، دیارە دنیا بووە بە ئاوێنەیەکی چەند روو، هەرچۆنی بتەوێ هەموو شـــتت لێوە دیار دەبێت.

**(٥)**

(ویکیلیکس) تازەترین و سەیرترین شێوازی ئاشـــکرایی و ئاشکرا گۆیی یە، کە نهێنیترین نامـــە و نامەکاریـــی نێـــوان دامودەزگاکانی ســـوپای ئەمەریکا و واشنتۆن و دەسەڵاتداران ئیتر بە نهێنی نەماون، هەموو کەوتوونەتە سەر لافاوی ئەنتەرنێت و(بوونە بە ئاوماڵك)(١).

لە هەموو حاڵەتەکانی ســـەدەکانی پێشـــوو و، ســـاڵانی دواییـــدا، دەردەکەوێ، ئینســـان (بە تایبەتی دەســـەڵاتدار) ئەگەر سانسۆری لەســـەر نەبـــێ چ تاوان و خەتـــا و نەنگی و خراپەیەك دەکات، کەواتە: ئاشکراگۆیی جۆرە سانسۆرێکە تا ئینسانەکان بترسن، هیچ نەبێ لە ئابڕووچوون! دوو جۆرە سانســـۆر هەیە کە رەنگە ئینســـان لە ئەنجامی خراپـــە و تاوان گلبداتەوە.

**١-** سانسۆری کۆمەڵگا، کە ڕای گشتی و یاسایە واتە: ترس لە سزا گەورەترین راگرتنی ئینسانە تا نەکەوێتە خەتاو و تاوانەوە، هەروەها ترس لە ئابڕووچوون بەربەستێکی دیکەیە.

**٢-** سانســـۆری ویژدان، کە مرۆڤ بەخۆی تـــا ڕاددەیەکی بەرز خوا پەرســـت بێ و، خۆ بە خۆ لـــە خراپە وپێشـــێلکاری و تاوان دوور بکەوێتەوە، نەك لە ترســـی یاسا و ئابڕووچوون لە نێو خەڵکـــدا، بەڵام ئێجگار کەمن ئەوانەی تەنیـــا ویژدانی خۆیان بە سانســـۆری خۆیان دەدانێـــن، هەندێ جـــار کەســـانی وەهاش لە فشـــاری کۆمەڵگا رزگاریـــان نابێت، کە بە زۆری زۆرداری دەیانخلسکێنێ!!

بە هەرحاڵ، و . لە هەموو حاڵەتێکدا، دڵی کەس عەمباری کەس نییە!

---

**(١) ئاوماڵك:** بەو خاشاك و شتومەکە دەڵێن لافاوی زســـتانان ڕایاندەماڵێ و بەرەو خواروو دەیانبات واتە: ئاوماڵك= ئاوڕاماڵیو....

# نەتەوەیەکگرتووەکان و مادەی١٤٠



**پرۆفیسۆر د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد**

**تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە**

لە ساڵی ١٩٤٥ لە بری کۆمبینی نەتەوەکان کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرێنرا، بارەگاکەشی لە جنێفەوە بۆ نیۆیۆرك گواسترایەوە، گەلانی جیهان هەناسەیەکیان وەبەرهاتەوەو کاتێ لەناو گێژەنی دوو جەنگی جیهانییەوە وەدەرهاتن کە ماوەی هەڵگیرسانیان هێندە نەدەبوو، وێرانکاری و دارمانیان خستە نێو هەموو دنیاوە، زۆر گۆڕانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەرهاویشتەی ئەو دوو جەنگەبوو ...تا ئێستاش کەم نین ئەو وڵاتانەی بەدەست دەرهاویشتەکانیەوە دەناڵێنن .

بێگومان دەرکەوتنی نەتەوەیەکگرتووەکان لەو کاتانەدا هیوای گشت گەلان بوو تا ئاستێك دابنێت بۆ ململانێ هەرێمایەتیەکان وکێبەرکێ دەوڵەتیەکان، گەلان پێکەوە کۆبکاتەوە لەسەر کاری ئاوەدانکردنەوەی ئەو وێرانییەی بەهۆی جەنگەکانەوە دروست بوو بوو، ئەو تێڕوانینەش کەسانی بیرمەندو سیاسەتمەداری وەك سپایکمانی هاندا لە کتێبی جوگرافیای ئاشتەواییدا بۆ زامن بوونی ئاشتی و ئارامی جیهانی تەبەنای سێ خاڵ بکات ..

١ ـ پێکهێنانی هێزی زاتیی دەوڵەت و پەرەپێدانی

٢ ـ هاوکاری هاوبەش لە نێوان دەوڵەتاندا

٣ ـ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی نزیك بە کۆمبینی نەتەوەکان ..

بەڵام ڕێڕەوی ڕووداوەکانی دوای جەنگە گەورەکان دنیای ڕاپێچ کردە ناو جەنگی ساردەوە و چەندین کارەساتیان بۆ گەلانی دنیا هێنا بە تایبەتیش لە ناو وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا، لە بری ڕووبەڕووبوونەوەی تەوەرە گەورەکانی شەڕ لە بەرانبەر یەکتر، شەڕەکایان خستە ماڵی وڵاتانی ترەوە، هەندێك وڵاتی ئەوروپیشی گرتەوە

نەتەوەیەکگرتووەکان لەبری کوژانەوەی فتیلەی ئەو شەڕانەی بوو بوونە هۆی تەنگژەی گورە کەچی گرفتەکانی ئاڵۆزتر دەکرد و تەمەنی درێژتر دەکردنەوە و وڵاتە یەکگرتووەکان گرفتەکانی بۆ یەکلانەکراونەتەوە بە نموونە گرفتی هەردوو کۆریا وکشمیر ئەفغانستان و فەلەستین ولوبنان و ئێرانی گرگرتوو وەك خۆیان ماونەتەوە

گرفتەکانی نێوان وڵاتانی ئەمریکای لاتین و خۆرهەڵاتی ئەوروپا لە هەڵایسانی بەردەوامدان و نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئاستیاندا دەسەوسانە و چارەسەری کۆتایی لا نییە، هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ئەوەی بە بشێك لە عێراق حسابی بۆ دەکرێت لەو ئاکامانەی un وە بە دوور نەبووە بەتایبەت کە لە دوای ٢٠٠٣ عێراق پابەندی بەندی حەوتەم کراوەو هێڵێکی گەرمی بۆ دروست بووە لەسەر ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم، بەهۆیەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە کاتی دانان و دەنگدان بۆ دەستووری عێراقی مادەی ١٤٠ی بۆ تەرخان کرا، مادەی ناوبراو لە دوای مادەی ٥٨ی تایبەت بە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی هات کەلەساڵی ٢٠٠٤ دانرابوو، تێیدا هاتبوو (( گێڕانەوەی دەرکراوان و کۆچپێکراوان بۆ شوێنەکانی خۆیان پێویستە، هەروەها گەڕانەوەی عارەبە هاوردەکانیش بۆ ئەو جێگانەی لێوەی هێنراون و، قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانیان )) و ((چارەسەری ئەو گۆڕانکارییانەی لە سنووری خۆجێی کراون و ئاماری گشتی جێبەجێبکرێت )) و ڕاپرسی بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵکی ئەو ناوچانە بکرێت و لە هەمان مادەدا هاتووە لە کاتی دەرکەوتنی ناکۆکی لە جێبەجێکردندا هانا دەبرێتە بەر دادگایەکی بێلایەن یان داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکرێت کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی پایەبەرز بۆ ناوبژیوانی دیاری بکات ))


ئەوەش یەکەمین ئاماژەبوو بۆ ڕۆڵی پێویستی un لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، لە ڕاستیدا دوای ئەوەی مادەی ٥٨ خرایە دەستوورەکەی ساڵی ٢٠٠٥لە ژێر ناوی بەندی ١٤٠ ڕوونی زیاتری بەخۆوە دیت کە لە سێ قۆناغدا دیاری کرا لەوانەش ((ئاساییکردنەوە، ئامار، ڕاپرسی ))هەموو ئەمانەش لە بنبانێکی زەمەنی دیاریکراو کە کۆتاییەکەی تا ساڵی ٢٠٠٧ ە، زۆربەی پێشبینیەکانی ئەو کات وابوون کە هەر لە ساڵ ٢٠٠٥ ەوە مادەی ١٤٠ جێبەجێ دەبن، بە تایبەت لە دوای لێدوانەکانی نووری مالیکی کە ئاماژەی دا بە جێبەجێکردنی خاڵەکان تا تەمووزی ٢٠٠٦کە قۆناغی ئاساییکردنەوە کۆتایی دێت، مانگی تشرینی یەکەمیش بۆ سەرژمێری هەر وەك بڕیار وابوو لە دوای تێپەڕینی ١٠ ساڵ بەسەر دوا سەرژمێری پێشوودا ئەمە بکرێت و ئاماری کەرکوك و ناوچەکانی کە لەسەرین بۆ مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ ئەنجام بدرێت ..

بەو شێوەیە حساباتی خانەکان هاوکوفی حساباتی نەردەکان نەبوون، بۆیە سەرژمێری گشتی دانیشتووان دواخرا، هەموو ئەو کاتانەش کە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دیاری کرابوون شکستیان پێهێنران و ئومێدێك لە ئاسۆدا نەمایەوە بۆ جدییەتی دەسەڵاتی جێبەجێکار لە وەفای خۆی بەرانبەر بەڵێنەکانی کە دابوونی ..

لەگەڵ سووربوونی لایەنی کوردی (لە کاتی بە فیرۆدراودا ) لەسەر پێویستێتی پابەندبوون بە دەستوورەوەو جێبەجێکردنی ماددەکە لە ئان و ساتی خۆیدا کەچی گرژی کەوتە نێوان هەردووحکومەتی هەرێم و ناوەندەوە . ڕێگەی خۆش کرد بۆ un تا ببێتە لایەنی ناوبژیوان بۆ هەردوو لایەن . لایەنی کوردی بەم دیفاکتۆیە ڕازی بوو، بۆ یەکەمین جاری لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ڕووخاوی پێشوو ساڵی٢٠٠٣، بە دەستنیشان کردنەوەی ماوەیەکی زەمەنی شەش مانگی وەك دوا مۆڵەت و پەرلەمانی کوردستانیش ددانی پێدا نا، حکومەتی ناوەندیش هەناسەی ئۆخەی دایەوە چونکە باش دەزانێت هاتنەناوەوەی un لەسەر ئەم گرفتە واتە دەروازە کردنەوە بۆ درێژبوونەوەی ماوەی زیاتر و زیاتریش، بە تایبەت لەم کاتانەدا کە عێراق بەناو تەنگژەکانی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی زۆردا تێدەپەڕێت و ئەوانەش هاندەری چارەسەر نین بۆ یەکلاکردنەوەی گرفتەکان لەگەڵ جەمسەری کوردیدا، وەك چاوەڕوانیش دەکرا شەش مانگەکەی کە پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر دابوو تەواو بوون بێئەوەی un هیچ هەنگاوێکی کردارەکی بنێت ! ساڵانی پێشووش گەواهیدەرن لەسەر ئەوەی قۆناغی یەکەمی مادەکەش نەبڕدراوە ! ئەمە وێڕای دواخستنە بەردەوامەکانی ئاماری گشتی دانیشتووان کە بە بێ سەرژمێری ناگەین قۆناغی ڕاپرسی ..

فشارە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان هاوشانی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانە و ڕۆڵیان هەیە لە نەخشە دانان بۆ شێوازی پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند . ئەمەش پاڵی نا بە حکومەتی هەرێمەوە بە بنبانی زەمەنی کراوە ڕازی بێت بۆ جێبەجێ بوونی مادەی ١٤٠ دەستووری، بۆ بە دوادا چوونی ڕۆڵی un و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بە ناوچە جێناکۆکەکان گونجاوترە ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەڵسەنگێنین بەو گۆڕانانەی لە کاروانی جێبەجێ بوونی مادەی ١٤٠ ڕوودەدەن، پێش هەمووشیان هەڵسەنگاندنی هێشتنەوەی سەقفی زەمەنی نادیار و بیانووهێنانەوەو درێژکردنەوەی وادەی جێبەجێکردنی خاڵەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، بەمانەش لە داهاتوودا نازانرێت پێوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێم بەرەو کوێدەچێت، ئەنجامەکەشی دەکەوێتە ئەستۆس هەردووئەمیندارە گشتییەکەی دیمستۆرا و دی میلکرت ..

# تێڕوانینێکی چەوت بۆ کۆنفیدراسیون



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

تەنانەت لەناو دەستەبژێری رۆشنبیر و سیاسیشمان، وەک لەلێدوان و نووسینەکاندا دەردەکەوێ، هەیە مانای کۆنفیدرال نازانێ. ئەم نەزانینە لەوەدا رەنگ دەداتەوە کەکاتێک مەسەلەکە دێتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی داخوازییە نەتەوەییەکان، داوای کۆنفیدرالی دەکرێ. لێرە مەسەلەکە وەک ئەوە وایە کەکۆنفیدرالی قۆناغێکی باڵاتری فیدرالی بێـو وەک چۆن کورد داخوازییەکانی لەئۆتۆنۆمییەوە گەیاندە ئاستی فیدرالی، دەتوانێ بەهەمان شێوە لەفیدرالییەوە بیگەیەنێ بەکۆنفیدرالی.

لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە رەنگدانەوەی نەزانییە. کۆنفیدرالی سیستمێکی سیاسییە لەنێوان دەوڵەتاندا دێتە دی نەک لەنێوان هەرێمەکاندا و پێکهێنانی ئەم سیستمە نە دەوڵەتێکی تازەی لێ پەیدا دەبێ نە کەسایەتیی نێودەوڵەتیی دەوڵەتانی ئەندام دەسڕێتەوە.

کۆنفیدرالی قۆناغێکی باڵاتری فیدرالی نییە و مێژووی سیستمە سیاسییەکان نموونەی وای تێدا نییە کەفیدراسیۆنێک لەڕەوتی پەرەسەندنیدا بوو بێ بەکۆنفیدراسیۆن. لەم خاڵەدا کورد بەتەوای لنگاوقوچ لێی تێگەیشتووە، چونکە زۆربەی کۆنفیدراسیونەکان لەڕەوتی پەرەسەندنیاندا بوون بەفیدراسیون و ئەمەش زۆر لێکۆڵیاری هانداوە بەو چەشنە بۆ مەسەلەکە بچێ کە لەو مۆدێلانەدا کۆنفیدراسیون رێی بۆ پەیدابوونی فیدراسیون خۆش کردووە و لەم رووەوە پشت بەنموونەی بەهێز دەبەستن وەک ئەوەی کە لەسویسرەو ئەمریکا روویداوە، کاتێک لەهەردووکیاندا کۆنفیدراسیونەکان بوون بەفیدراسیون.

لەکاتێکدا کۆنفیدراسیون هەلومەرجێک بۆ تێکهەڵکێش بوونی دەوڵەتان و بوونیان بەهەرێم لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵدا دەڕەخسێنێ، هیچ فیدراسیونێک کۆنفیدراسیونی لێ پێک نەهاتووە. لەڕاستیشدا، دەوڵەتی کۆنفیدرال لەجیهاندا نییە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەر ئەزموونی ئیماراتی لێ دەرکەین، پێش پەیدابوونی فیدراسیون لەعێراقدا، ئەزموونی فیدراسیونی بەخۆوە نەدیوە لەم رووەوە ناوچەکە ئەزموونی دەوڵەمەندی لەبواری پەیدابوونی فیدراسیوندا نییە. لەدەوروبەریشدا، هەموو ئەزموونە فیدرالییەکان ئەزموونی شکستخواردوون، وەک ئەوەی کە لەئەسیوپیاو لیبیا دەبینرێن. بەڵام لەبواری کۆنفیدراسیوندا ناوچەکەمان ئەزموونێکی بەرێژە دەوڵەمەندتری هەیە کەخۆی لەچەند کۆنفیدراسیونێکدا دەبینێتەوە وەک کۆنفیدراسیونی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی عەرەب لەنێوان میسر و سووریا و یەمەن (١٩٥٨)، کۆنفیدراسیونی هاشمیی نێوان عێراق و ئوردون (١٩٥٨)، کۆنفیدراسیونی دەوڵەتانی عەرەب لەنێوان میسر و سووریا و لیبیا لەحەفتاکاندا. لەباکووری ئەفریقیاش دوو هەوڵی دروستکردنی کۆنفیدراسیون لەنێوان لیبیاو تونس و لەنێوان لیبیاو مەغریب هەیە. عێراقیش هەوڵێکی وای بەخۆوە دیوە، کاتێک لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨دا عێراق و سووریا کەوتنە هەوڵدان بۆ یەکخستنەوەی هەردوو باڵی حزبی بەعس و یەکخستنەوەی هەردوو دەوڵەت لەچوارچێوەی کۆنفیدراسیونێکدا کەسەرۆکەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر بێ و پایتەختەکەی دیمەشق بێ. ناسیونالیستانی عەرەب ئومێدیان لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو کە لەداهاتوودا کۆنفیدراسیونەکە پەرە پێ بدەن و بیکەن بەفیدراسیونێکی پێکهاتوو لەدوو هەرێم کەیەکێکیان عێراقەو ئەوی تر سووریایە.

گەورەترین کۆنفیدراسیونی ئێستای جیهان یەکێتیی ئەوروپایە کەهەر دەوڵەتێک لەچوارچێوەیدا قەوارەی نێودەوڵەتی و سیستمی سیاسیی خۆی پاراستووە ئەوروپاییەکان بەو هیوایەوەن کۆنفیدراسیونەکە لەداهاتوودا ئەو بەرهەمەی لێ بچنرێتەوە کەببێ بەفیدراسیون و دەوڵەتێک بەناوی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا، بەپێودانگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەیدا ببێ. عەرەبەکان و هەروەها ئەفریقییەکانیش ئومێدی پێکهێنانی کۆنفیدراسیونیان هەیە.

ئەمە، بەپێچەوانەی ئەوەی کەکورد بیری لێ دەکاتە، بەو مانایە دێ کەکۆنفیدراسیون رێگەیەکە بەرەو فیدراسیون و هیچ فیدراسیونێک بەو سەرەنجامە نەگەیشتوە کەببێ بەکۆنفیدراسیون. ئەو لنگاوقۆچییەی کە سەیری مەسەلەکەی پێ دەکرێ، زادەی نەزانینێکە کە لەدەستەبژێری رۆشنبیر و سیاسیی کورد ناوەشێتەوە.

# خـــانەقین.. شــــارەکەی لەیلا قـــ

خانەقین ئەو شارە گرنگەی کوردستانە، کە بە درێژایی مێژووی گەلەکەمان خەبات و قوربانی زۆری داوە، لە قۆناغە مێژووییەکاندا رووبەرووی هێرشـــەکانی (جینۆســـایدو تەعریب و تەرحیل )بۆتەوە. گرنگی ئەم شارە تەنیا لە مێژووە پڕ لەخەبات و سەروەرییەکەیدا نییە، بەڵکو لە قۆناغی ئەمڕۆی گەلەکەماندا بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیش رۆڵ و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە..

رووبەرە فراوانەکەی ئەم شارە کە ١٨٠ کیلۆمەترە، هەر لە مەندەلی و شارەبانەوە درێژ دەبێتەوە تا سنووری شارەوانی کەلار و ناحیەکانی سەعدیە و جەلەولا و قۆرەتو و مەیدان و بەمۆ و قەرەتەپە و جەبارە لەخۆدەگرێت، یەکەمین قۆناغی ئەنفال لە ساڵی ١٩٧٥ لەخانەقینەوە دەستی پێکردوو زیاتر لە ١٦٠ گوند راگوێزران و خاکەکەی تەعریب کرا، بەرادەیەك لەناوەندی شاریش هێرشەکانی تەعریب و راگواستن زۆر بەتوندی دەستی پێکرد، ئەمەش هەر لەبەرئەوەی زۆربەی دانیشتووانی خانەقین کوردن و پێگەی جیوگرافیای شـــارەکەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ئەم شـــارە لەمێژووی کۆن و نزیکدا دەروازەی عێراق بووە بۆ رۆژهەڵاتی ئاسیاو، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە پیترۆڵ و غاز و کانزاکانی ترە، ئەم جگە لە بەپیتی خاکەکەی کە بۆ کشـــتوکاڵ لەبارە، لەدوای پرۆســـەی ئازادی عێراق





# ــاسم چاوەڕێی ئاوڕ لێدانەوەیە

و گەڕانەوەی زۆربەی دانیشـــتووانەکەی بۆ
زێــدی خۆیان کەچی گوندەکانی بەتەواوی ئاوەدان نەکرانەوە وتا ئێســـتاش
لە کەمترین خزمەتگوزاری بێ بەشـــن، تەنانەت ســـامان و داهاتی ئابـــووری ناوچەکەش بۆ ئاوەدانکردنەوەو پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزاری نییە؟ بۆچی داهات و دەستکەوتی مەرزی سنووری ئێران بۆ ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری شارەکە و بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری نەبێت؟کێ لە پشت پیلانی تێکدانی پێوەندی نێوان پێکهاتەکانی شارەکەدایە؟

لە دوای پرۆســـەی ئازادی عێراق ئیدارەی شارەکە بوو بە ئیدارەیەکی کوردی، ئێستا بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا قایمقامێکی کورد ئیدارەی شـــاری خانەقینی گرتۆتە دەســـت، بەمەبەســـتی ئاگاداربوون لە بارودۆخی ناوچەکەوئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان چەند پرســـیارێکمان ئاراســـتەی (محەمەد مەلا حەسەن) قایمقامی شاری خانەقین کرد و لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بەرێزیان بڵاودەکەینەوە..





**کەسانێک لە بۆسەدان تا پێوەندی نێوان پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و تورکمان لەشاری خانەقین تێک بدەن؟**

**حکومەتی کوردستان بودجەی بۆ شارەکەمان تەرخان نەکردووە**

## بەعەقڵییەتی خراپ مامەڵە لەگەڵ خانەقین دەکرێت

لەدەستپێکی قسەکانی قایمقامی خانەقیندا جەختی لەسەر ئەو دژایەتییە کردەوە کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە رووبەرووی شاری خانەقین دەبێتەوەو بەرێزی لەمبارەیەوە پێی وابوو: بەعسییەکان بەتەواوەتی ژێرخانی ئەم شارەیان وێرانکردبوو، ئێستاکەش بەپێی ئەو بارودۆخە سیاسی و ململانێیەی لەسەر شارەکە هەیە، نە حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەمان بۆ تەرخان دەکات، نە حکومەتی عێراق بە عەقڵییەتێکی سەردەمانە مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، بەپێچەوانەوە عەقڵییەتی حکومەتی بەغدا لە جاران شۆڤێنیترو دوژمندارترە، لەلایەکی ترەوە حکومەتی کوردستان و پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش بەرامبەر بە خانەقین کەمتەرخەمن بەپارتەکانی ناو دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشەوە، لەکاتێکدا کە خانەقین و ئەم ناوچەیە بۆ هەرێمی کوردستان ستراتیژییەتە و بوونی ململانێی تەسکی حزبایەتی لەم شارەدا بەخراپ بەسەر بارودۆخی شارەکەو ئیدارەکەی دەشکێتەوە، من تێناگەم چۆن دەبێت حزبەکان رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سلبی لە ناوچە دابڕاوەکانی سەر هەرێمی کوردستان ببینن؟ ئەم ناوچەیە ئەو شێوازە خراپەی ململانێیانە هەڵناگرێت و کاریگەری سلبی لێدەکەوێتەوە.

## بە لامەرکەزی زەوی لەخانەقین دابەش کراوە

چەند گلەیی و رەخنەیەك سەبارەت بەچۆنیەتی دابەشکردنی زەوی لەم شارەدا هەبوو، کاتێك ئەم پرسیارەمان لەقایمقامی خانەقین کرد لەوەڵامدا وتی: لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و ئاوەدانکردنەوەی شارەکە هەندێ کارم بەلامەرکەزی کردووەو تێیدا سەرکەوتوو بووم بۆ نموونە زەویمان بەسەر هاووڵاتییان دابەشکرد لەم کارانەش پەشیمان نیم، بەڵام زۆر جار میدیای ئەهلی و میدیای حزبەکانیش بە سلبی ئەمانەیان گواستۆتەوەو باسیانکردووەو هەوڵدەدەن لە هەیبەتی ئیدارەی شاری خانەقین کەم بکەنەوە، بەڵام من بەرگری ئەو بارودۆخەم کردووەو شانازی بە ئیدارەکە و شارەکەم دەکەم، گەرچی بەراشکاویی دەڵێم خانەقین سێ ئیدارەییە، دەبێ دڵی هەر سێ لا رازی بکەین، حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان لەلایەك و لەناو خۆشمان ململانێی حزبایەتی هەیە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی زەحمەت و قورسە، سەرەڕای ئەو زەحمەتییەش توانیومانە لەناو خانەقین تەعریب هەڵبوەشێنینەوەو بە توانا و حیکمەتێکی تۆکمە بەبێ ئەوەی خوێنیش برژێت توانیومانە ستراتیژییەتی کوردبوون و کوردستانییەتی شارەکە رابگرین، بەڵام گرفتەکە لێرەدا کۆتایی نایەت چونکە زەمانەت بۆ داهاتوو نییەو بوونی (١٨٠) کیلۆمەتر سنوور لەگەڵ ئێران و گەڕانەوەی ئاوارەکانمان لە ئێران و شارەکانی دیکەی عێراق ئەمە وایلێکردووە لەخانەقین رۆشنبیری و فەرهەنگی جیاجیا هەبێت، ئەمەش پێویستی بە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ناوەند و سەنتەری جۆراوجۆر هەیە بۆ تێگەیشتنێکی باش و هاوبەش و رێکوپێك بۆ خەڵك، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارانەش پێویستیمان بە بودجە هەیە، بەڵام لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە لەم بودجەیە بێبەش کراوین، وەکو قەزای خانەقین یەکێکین لەو پێنج قەزایانەی کەسەر بە پارێزگای دیالەیە ئەو ناوەندەش لە ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ کە حکومەتی ئینتقالی بوو بەرادەیەك شاری دیالە حکومەتی تێدا نەبوو، لەساڵانی (٢٠٠٥، ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧) تەنیا لە(١٠٪)ی دیالە بەدەست حکومەتەوە بوو، ئەمەریکا پارێزگاری لێ دەکرد، ئەم پارێزگایەش ناوەندی بڕیار و بودجەی من بووە کەچی بۆ من هیچی بۆ نەکردم، بۆیە کاری ئیدارەکەم بە لامەرکەزی جێبەجێ کرد و لە لامەرکەزیشدا دەبێ هەندێ سەرپێچی ئەو سیستەمە بکەی کە دەسەڵاتی ناوەند لە حکومەت پەیڕەوی دەکات، بەم لامەرکەزییەش توانیومانە تەکانێك بدەینە بەرەو پێش بردن و بونیاتنانەوەی ژێرخانی شارەکە، زۆرجار و هەندێ کار هەیە بە بڕیار جێبەجێ ناکرێت و پێویستی بەهاوکاری و پاڵپشتی داراییە، بۆیە داوامان کردووەو هەوڵمانداوە لەڕێگای هەندێك رێکخراو هەیە بۆ باشترکردنی ژێرخانی خانەقین کارو ئیش و هاوکاریمان بکەن، بەداخەوە لە ئەنجامی هەندێك عەقڵییەتەوە نەیانهێشت

## محەمەد مەلا حەسەن قایمقامی خانەقین بۆ (گوڵان):

# هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان و پارتە سیاسییەکانیش بەرامبەر بە خانەقین کەمتەرخەمن

ئەوانیش هاوکاریمان بکەن، دەنگی خۆشم گەیاندۆتە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان کە پێویستە لە جیاتی ئەو جوانکاری و هەندێ کار هەیە کە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان دەیکەن با بێن کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ خانەقین و ناوچە جێناکۆکەکانی تر بکەن، چونکە لەسەر ئەم ناوچە کوردستانیانە قوربانیدان و خوێنێکی زۆرمان داوە.

### لە سستی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) تەنیا نەیارانی کورد تاوانبار نین!

سەبارەت بە چۆنییەتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخەو چارەسەرکردنی گرفت و کێشەی سێ ئیدارەیی لە خانەقین قایمقامی خانەقین پێی وابوو: بەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەنگاوی گەورە و پراکتیکی باش دێتە پێش بۆ بەهێزکردن و باشکردنی ژێرخانی ناوچەکە، بەڵام ماوەیەکی زەمەنی بەسەر جێبەجێنەکردنی ئەم ماددەیە تێپەڕی و دەبێ کێ لێی بەرپرس بێت! ئێمە ناتوانین تەنیا نەیارانی کورد تاوانبار بکەین، بەڵکو خۆشمان لێی بەرپرسین و کەمتەرخەمین، هەندێ جار ئەمری واقیعە تۆ بۆچی ماوەی دیاریکراوت بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دانەناوە، یا ئەو براکوردانەی لە لیژنەکانی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) دانراون سست و لاوازن و وادەزانن هەموو ماددەی (١٤٠) تەنیا (١٠) ملیۆن دینارەکەیە، ئەمەش کارێکی زۆر خراپەو تێگەیشتنێکی ترسناکە، چونکە واتاو مەفهومی ماددەی (١٤٠)زۆر گەورەترە لە (١٠) ملیۆن دینار قەرەبوو، چونکە ١٠ ملیۆن دینارەکە دەڕوات و کۆتایی دێت، بەڵام زەمانەت چییە و ترسەکە هەر دەمێنێت و کێ زەمانەت دەدات لە ماوەیەکی تر دووبارە دانیشتوانی ئەم ناوچانە ئاوارەو ماڵوێران نابنەوەو عەقڵیەتێکی دیکەی (سەدام حوسێن) دروست نابێتەوە، زەمانەت چییە مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوەو لەپێشتر خراپترمان بەسەر نەیەت و هەمان رەفتاری جینۆساید و تەرحیلمان رووبەروو نەبێتەوە.

### دواخستنی سەرژمێری درێژەپێدانی تەعریبە

دواخستنی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی هەنگاوێکی دوژمنکاری شۆڤینییەکانی عێراق بوو، کە تێیدا سەرکەوتوو بوون و مەبەستیان بوو قەبارەی راستەقینەی کورد لە عێراق و بەتایبەتی لەناوچە جێناکۆکەکان نەزانرێت و کوردستانییەکانی ناوچە جێناکۆکەکان نەگەڕێنەوە بۆ باوەشی نیشتمان و چارەنووسیان بەنادیاری بمێنێتەوە، بەمەش بێ ئومێدییەك لەلای کوردەکانی دانیشتووی ئەو ناوچانەی لێدەکەوێتەوەو رەنگە کۆچی پێچەوانە بەشێوەیەکی فراوان دەست پێبکاتەوە لەمبارەیەوە بەڕێزیان وتی:

من لەگەڵ ئەوەم سەرژمێری بکرێت و لە پاشان ناوچە و خەڵکەکەدا هێور و ئاسایی ببینەوەو دوایی لەم ناوچانە ریفراندۆم بکرێت و خەڵك خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات کە لەسەر کوردستان دەبێت یا لەسەر عێراق، ئەوە بەپێی یاساو دەستوور چەسپێنراوەو بڕگەو ماددەی دەستوورییەو هەر دەبێت جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەوەی دەبینین و سەرنجی دەدەین ئەوان خاوەنی ئەو عەقڵییەتە شۆڤێنییە بن ناهێڵن سەرژمێری بەشێوەیەکی سروشتی و ئاسایی بکرێت، چونکە ئێستاکە لە عێراق چەندین کەس ولایەن عەقڵیەتی شۆڤینیەتیان هەیە و نایانەوێت کار بە ئاقاری باش و زانستییانەدا بڕوات، عەقڵییەتەکەیان بەشێوەیەکە تەنانەت ناوی کورد و کوردستان و تا ئەو رادەیەی فیدراڵیەتیشیان پێی قبوڵ نییە و قسەکەی ساڵح موتلەگ لەلام زۆر راستگۆیانەبوو بەراشکاوی دژایەتی خۆی بۆ کوردستانییەکان دەربڕی و وتی:(( دەستم شکاوە. کوردی چی و فیدراڵی چی..))، ئەمە قسەی هەموو شۆڤێنییەکە، ئەگەر دەستیان بڕوات لە جاران خراپترمان پێدەکەن. بەڵام لەمێژوودا هەروابووە دەسەڵاتی سیاسی و سەرکردایەتی کوردیی لە پاکی خۆماندا باوەڕ بە بەرامبەر دەکەین، گەرچی ئەم بۆچوونەی من رەها نییە رەنگە دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی لەمن باشتر لە کارەکە بزانن و رەچاوی لایەنی ناوخۆیی و ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەر بکەن، بەڵام هەندێك جار پێویستە بڕیاری شۆڕشگێڕی هەبێت (مەبەستم توندوتیژی نییە)، جێبەجێنەکردنی ماددەی

**ململانێی حزبە سیاسیەکان بەخراپ لەسەر بارودۆخی ئیدارەی شاری خانەقین کەوتۆتەوە**

**میدیای ئەهلی و حزبیی هەوڵدەدەن لە هەیبەتی ئیدارەکەی خانەقین کەم بکەنەوە**

**خانەقین سێ ئیدارەیە و دەبێت دڵی هەر سێ لاش رازی بکەین**

دەستوور دەگێڕمەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە لیژنەکان دانراون بەتایبەتی برا کوردەکانمان کە نازانن هەست و ئازاری ئێمە چییە و لە چ ئاستێکدایە .

## کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە سەعدیە و جەلەولا زیانی گەورەی لەگەڕانەوەی خاکی کوردستان دا

ماوەیەکە دەنگۆی بە عەرەبکردنی ناوچە جێناکۆکەکان هەیە، زانیاری و ئامارەکانیش چەند راستییەکیان دەرخستووە، کە لە ئاکامی نائارامی و هەڕەشەکردن لەکوردەکان و خراپبوونی باری بژێوی ژیان خانەقین(واتە کوردستانی ) لەدەست دەدەین لەمبارەیەوە محەمەد مەلا حەسەن دەڵێت: گەرچی لەخانەقین و ناوەندی شارەکە بۆ کەس نییە لە شوێنێکی دیکە بێت و تێیدا نیشتەجێ بێت و لەگەڵ ئەنجومەنی خانەقین بەسەر ئەم دیاردەیە زاڵبووین، بەڵام لەئاکامی بوونی هەلی کار و ئیش و ئەو فرسەتەی لەلای ئێمە پەیدابووە عەرەبێکی زۆر ڕوودەکەنە ناوچەکە، لەلایەکی دیکەوە بۆ دامەزراندنی خەڵك لە پۆلیس و ئاسایش و بوارەکانی دیکە خەڵکانێکی زۆر ڕوویان لە شارەکە کردووە، زۆربەیان خەڵکی دەمارگیرو شۆڤێنین و لەهەموو کەس پتر رق و کینەیان بەرامبەر بە خانەقین و خانەقینییەکان هەیە. ناحیەی سەعدیە و جەلەولا دوو ناحیەی سەرەکی ناکۆکن سەر بە قەزای خانەقینن، کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەم دوو ناوچەیە زیانێکی زۆر گەورەی بە کورد گەیاند، ئەم دوو شوێنە بەهۆی سیاسەتی حزبی بەعس و تەعریبکردن کوردیان تێدا کەمە و عەرەبیش چ بە نیشتەجێکردن چ بە زاوزێ زیادیان کردووە، بۆیە ریفراندۆم لێرەدا بکرێت کورد دەیدۆڕێنێت، لەبەر ئەوەی ڕێژەکەمان

**با لە جیاتی ئەو جوانکارییەی لەشارەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت بێن کاروپرۆژە بۆخانەقین و کەرکوک بکەن**



**ئەو برا کوردانەی لە لیژنەکانی ماددەی ١٤٠ دانراون لاواز و سستن**

و کەمی خزمەتگوزاری، دووبارە کوردەکان کۆچی پێچەوانە بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەست پێکردووە، لەبەرامبەردا عەرەبەکان نەگەڕاونەتەوەو پێدانی ١٠ ملیۆن دینار وەکو قەرەبووکردنەوە سوودێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ گەڕانەوە و مانەوەی کوردەکان لەسەر زێدی باوباپیرانیان، بەتایبەتی لە ناوچەکانی سەعدیەو جەلەولا، لەلایەکی ترەوە کشانەوەی هێزی پێشمەرگە گورزێکی کاریگەر بوو بەر ناوچەی خانەقین کەوت، بەرادەیەك بارودۆخەکە وایلێهات گەر بێتوو ریفراندۆم بکرێت زۆر ناوچەی لە سەعدییە و جەلەولا و زۆر شوێنی دیکە برا عەرەبەکان بۆ کارکردن دێن ئەوان نەیەن کەس لەم شارە نییە بەردێك بخاتە سەر بەردێك و لەشارەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم حاڵەتە هەیە، بەوەی خەڵکی خۆمانمان هەمووی دامەزراندووەو کەس ئامادەنییە هەندێك کاری کرێکاری و خزمەتگوزاری بکات، بۆیە ناچار لە ناوچەکانی خوارووی عێراقەوە عەرەبێکی زۆر دێن بەڵام لەم حاڵەتانەش ئێمە زۆر ئاگادارو چاوکراوەین و ناهێڵین نیشتەجێ بن. لە پاش کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو هاتنی (جیشی عیراق) کە یەك سەربازی کوردی تێدا نییە زۆر کەم بۆتەوە، هۆکاری نەگەڕانەوەی کوردەکان لەبەر بارودۆخی ئەمنییەو لە پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگەش پتر بارودۆخەکە لەم دوو ناحیە بۆ کوردەکان لەبار نییە و هەلی کاریشی نییە ژێرخانی هەردوو ناحییەکە بە جارێك رووخاوە.

## هیچ بەرنامەیەک نییە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان

هەڵبەتە بۆ رووبەڕووبونەوەی هەموو قەیران و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەیەك پێویستی بەوە دەکات بە بەرنامە و پلان کار بکرێت، ئەمەش پێویستی بە بناغەی یاسایی و پاڵپشتی ماددی هەیە لەمبارەیەوە

قایمقامی خانەقین وتی:
لەساڵی (١٩٧٥)ەوە گوندەکانمان تێکدراوەو هیچ بەرنامەیەکیش نییە بۆ ئاوەدانکردنەوەیان و بە جوتیار دەڵێن بۆ گوندەکەت بگەڕێوە، من نازانم گوندنشینەکان بچنەوە چی بکەن؟ لە کاتێکدا گوندەکان ئاوەدان نەکراوەتەوەو بەرنامەی باشیان بۆ دانەنراوە تاوەکو گوزەرانی گوندنشینەکان باش بێت، (٣٥) ساڵە جوتیار زەوییەکەی جێهێشتووەو نەوەیەکی تازە دوور لە کاری جوتیاری دروست بووە، نامۆبوون لەنێوان جوتیار و زەویەکەی دروست بووە، ئەگەر ئیمتیازات حکومەتی عێراقییەوە ئەگەر لەلایەن حکومەتی کوردستانیشەوە بکرێت ئەمە یاسایی نییە، ئەم گرفتانەو دەیان گرفتی تر هەمووی ئەرکە لەسەر ئیدارەی قەزای خانەقین، بەڵام کەمن یاسا رێگام پێنەدا ناتوانم چارەسەری گرفتەکان بکەم، سەرەڕای ئەمەش ئەگەر دەسەڵاتم هەبێ هەنگاو دەنێم و چارەسەری زۆر گرفت و کێشە دەکەم، گەرچی ئەم هەنگاوو بڕیارانە پێویستی بەبڕیارو دەسەڵاتی بەرزترەو پێویستە هەنگاوی پراکتیکی و جیددی بۆ بنرێت.



خانەقین و مەندەلی، گەرچی ئەمڕۆ ئامادە نین تەنیا یەك شەو لە خانەقین بمێننەوە، تا ئێستا کاربەدەستانی هەرێم سەردانی خانەقینیان نەکردووە، وەزیرێك بە کۆمەڵە پاسەوانێکەوە دێ و پاڵەپەستۆیەکی زۆر دروست دەکەن و ناهێڵن دوو قسە بکەین و دەگەڕێنەوە، ئەمە نەهاتنی لەهاتنی باشترە، دەبێ وەزیرو بەرپرس پێشمەرگانە لەم ناوچەیە دایبکوتێ و سەردانی ناوشارو گەڕەك و خەڵك بکات و گوێ رابگرێت بزانێ داخوازی خەڵکەکە و شارەکە چییە و چی بکرێت و چی پێوسیتە بۆ ئەوەی







و کاریان بۆ نەکەین لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گەڕانەوەی گوندنشینەکان سەرکەوتوو نابین، گرفتێکی یاسایی زۆر ماوەو چارەسەرنەکراون بۆ نموونە ئێمە لەسەر حکومەتی کوردستان نین و (عقدی) زەوییە کشتوکاڵییەکان تا ئێستا بەناوی عەرەبەوەیەو نەتوانراوە بگەڕێنرێتەوە سەر خاوەنەکەی خۆی، ئێستاکە عەرەبەکان (عقدی) بەکاری دەهێنن وەکو بەڵگەیەکی یاسایی دژی خاوەنی زەوییەکان کە کوردن، کاتێك (عقدی) زەوییە کشتوکاڵییەکان کە بەناوی جوتیاری کورد نەبێ لە هەموو ماف و داواکارییەکی بێبەش دەبێت لەلایەن

## سەردانی وەزیرەکان بۆ خانەقین هیچی لێنەکەوتۆتەوە

گلەیی و رەخنەیەکی زۆر لەلایەن ئیدارەی خانەقین و بگرە خەڵکی خانەقینیشەوە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وەزیرەکان و کاربەدەستانی باڵای حکومەت کرا، تاکو ئەمڕۆش بەڵێن و قسەکان نەچۆتە بواری پراکتیکییەوە، بگرە کاتێك سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن، تەنیا بۆ کاری ئیعلامییە، قایمقامی خانەقین پێی وایە: ئەو برا وەزیر و بەرپرس و سیاسیانەی کورد کە تا دوێنێ گیانی خۆیان کردبووە قوربانی و فیداکاری بۆ شنگال و زەمار و ژێرخانەکەی بەگشتی چاك بکرێتەوە؟ بە هاتن و گەڕان و مانەوەی وەزیر و بەرپرس لە ناوچەکە مەعنەویات لەلایەن خەڵکە دروست دەبێت و دڵمان پتر گەشە دەکات و ئینتیمای کوردستانی و کوردایەتی پتر دەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان کاروپڕۆژەی بۆ ناوچەکە کردووە، بەڵام ئەمەش لەئاست پێداویستی و داواکاری خەڵکەکە نییە، بۆیە پێویستە بودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەم ناوچانە دابنرێت بەپێچەوانەشەوە لەبێ بودجەیی و ئیمکانات گرفتەکان چارەسەر ناکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی پەرلەمانی

**به وشک کردنی ئەڵوەن گرفتی ئاوی خواردنەوەو گرفتی کشتوکاڵیمان بۆ دروست بووه**

**تەنیا یەک نەخۆشخانه له شاری خانەقین هەیه، ئەویش پێویستی به نۆژەن کردنەوەیه**

کوردستانمان کردووەو گفتوگۆمان لەگەڵ حکومەتی کوردستان کردووه بۆ دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ ناوچەکەمان لەلایەکی دیکه برا وەزیر و بەرپرسەکانی کوردستان هەقیانه، چونکه خانەقین له سەر حکومەتی عێراقه و هەندێ کاروپرۆژه بۆ هەندێ شاروناوچه دابڕاوەکان دەکرێت گەرچی ناوچەی ئێمه و خانەقین بەو پێیه کاری بۆ نەکراوه و پێویسته زەمانەت بۆ خانەقین مسۆگەر بکەین، چونکه ئەم شاره زیندووەو زۆر ناکۆکی و ململانێی لەسەرەوه، لەم میزانییەی لەلایەن ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی تەرخانکرا بۆ گەرمیان یەك دینار بەر ئێمه نەکەوت، داواکارم ئەمجاره بودجەیەك بۆ شاری خانەقین دابین بکرێت.

وشك کردنی ئاوی ئەڵوەند ئەو زەنگه مەترسیداره بوو کە هەڕەشەی له خانەقینییەکان و کوردستان کرد، تەنانەت گرفتی کەمئاوی بۆ دانیشتوانی شارەکه دروست کردوو زیانی به بەروبوومی زەوییه کشتوکاڵییەکان گەیاند لەمبارەیەوە بەڕێزیان پێیان وابوو:

چەند ساڵه ئاوی سەرەکیمان ئاوی ئەڵوەند بووه، بۆ خواردن و بۆ کشتوکاڵ به تەنیا نزیکەی (١٣٠٠) دۆنم باخمان هەبوو و سوودی لەئاوی ئەڵوەند وەردەگرت و سەدان دۆنم بەراو جوتیار دایدەچاند بەئاوی ئەڵوەند ئاو دەدراو گوزەران و ژیانی ئەو خێزان و جوتیارانەلەسەرئەم‌کارانەبوو، گەرچی حکومەتی ئێران ئاوەکەی گرتەوەو ئاوی ئەڵوەند وشکی کرد، گرتنەوەی ئاوەکەش له مانگی (٦ تا ١٠) یه ئەمەش وەرزی کاروچاندنەو بە زیانی ئێمه تەواو دەبێ و ئاوی ژێر زەمینەکانیش کەم دەکاتەوە. ئەو گلەیی و داوایانەمان گەیاندۆته حکومەتی ناوەندی و هەرێم، حکومەتی عێراق بڕیاری داوه بەنداوێك دروست بکات، ئەمەش سێ ساڵ دەخایەنێت وکەناڵێکی ئاودێری کۆنمان هەیه که لەساڵانی شەستەکان کراوه که له ئاوی سیروان ئاوی بۆ دێت و جوتیار سوودی لێوەردەگرێت،بەڵام ئێستاکه کۆن بووەو سوودی تەواوی لێوەرناگیرێت، بۆیه بۆ خواردنەوه دیسان گرفتمان بۆ دروست دەبێ چونکه تا دەگاته شار ڕێژەی ئاوەکه کەم دەبێتەوەو ئەمەش تەنیا بۆ (١٠) هەزار کەس کراوه که سوودی لێوەربگرێت ئێستا خانەقین (١٥٠) هەزار کەسه و ئاوی خواردنەوە له خانەقین یەکجار پیسه و پرۆژەکه کۆنه و ئاوەکه تەنیا کلۆری تێدەکرێت و دابەشی سەر ماڵان دەبێت و ئەم ئاوه جێگای مەترسییه بۆ جۆرەها نەخۆشی و تەندروست نییه و خەڵکەکه بەم ئاوەش ڕازییه زۆر کات ئەم ئاوەش نامێنێت تاوەکو بە هاووڵاتییانی بدەین و چەند ڕێکخراوێکی بیانی پیشکنینیان بۆ ئاوەکه ئەنجامداوه، بەپێی ئەم پشکنینانەش دەرکەوتووه تەنانەت بە کەڵکی ئاژەڵیش نایەت .

نەبوونی کارەبا له وەرزی هاوین و ئەگەری کەوتنەوەی گرفتی بێکارەبایی له وەرزی زستان و هاوینی داهاتوو ئەو مەترسییه که بەڕێزیان لەم دیدارەدا بۆ تیمی گوڵان باسی کرد و وتی: چەند جار لەگەڵ حکومەتی عێراقی هەوڵمانداوه که وێستگەیەکی غازی دابنێین و سوود لەو غازه وەربگرین که لەلای خۆمان بە خۆڕایی به فیرۆ دەچێت و ئێستا ئێمه کارەبا لەم هێڵه وەردەگرین که له ئێرانەوه دێت و دەڕوات بۆ بەعقوبه، بەڵام ئێمه بەشی خۆمانی لێوەردەگرین، گەرچی ئەمەش زەمانی نییه لەبەر ئەوەی ڕۆژانه دەیانەوێت لێمان ببڕن و ئێمەش پێی لەسەر دادەگرین تاوەکو بڕی خۆمان وەربگرین، من وا چاوەڕوانی دەکەم له وەرزی زستانی ئەمساڵ بێ کارەبا بین، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی وێستگەکەی خانەقین زۆر کۆنه و ئەگەری لەکارکەوتنی لەناکاوی لێدەکەوێتەوە.

لەکۆتایی دیدارەکەدا بەڕێز محەمەد مەلا حەسەن قایمقامی خانەقین ئاماژەی بە بوارەکانی پەروەردەو تەندروستی و وەبەرهێنان و ماستەرپلانی شارەکه کرد و وتی: لەخانەقین (٧٧) قوتابخانەی کوردیمان هەیه و گرفتمان هەیه، چونکه خەڵکه ئاوارەکەی خانەقین که له بەغدا و شارەکانی دیکه ژیاوه زمانی عەرەبی دەزانن و حەز دەکەن له قوتابخانەی عەرەبی بن و متمانەش نییه ئایا خانەقین دەگەڕێتەوه سەر هەرێمی کوردستان و زمانی دایك تێیدا بەردەوام دەبێت یا دەکەوێته ژێردەسەڵاتی بەغدا و عەرەب، بۆیه خێزانەکان بیر له دوارۆژی



منداڵەکانیان دەکەنــەوە، ئەمەش مافێکی ڕەوای خۆیانــە، هەروەها ســێ کۆلێژی (پەروەردەی وەرزشی و زانست و ئاداب) و دوو پەیمانگاش لەخانەقین هەیە، بەڵام یەك قوتابی خەڵکی خانەقین لێیان وەرناگیرێت، چونکە سەر بەوەرگرتنی ناوەندی بەغدایە، ســەرەڕای ئەمەش قوتابیــان لە کۆلێژ و پەیمانگا دەردەچــن یەکێکیان لە خانەقین دانامەزرێن، ســەرەڕای ئەمەش خوێندنی کــوردی لە خانەقین زۆر باشــە و پترە لە ناوچەکانی دیکە و گرنگیشــی پێدەدەین، لــە بــواری تەندروســتیش تەنیــا یەك نەخۆشــخانەمان هەیە ئەویش هاوچەرخ و وپێشــکەوتوو نییە، تا بە باشــترین شێوە بــە پێــی پێداویســتی شــار و ناوچەکە خزمەت بگەیەنێت و پزیشــکی تایبەتمەند و پســپۆڕی بەپێــی تایبەتمەندییەکان و نەخۆشییەکان نییە و هەموو جۆرە چارەسەر و نەشتەرگەرییەکی لێ ئەنجام نادرێت.

## شەهرستانی پاڵاوگەی خانەقینی گواستەوە

لەلایەکی دیکەوە وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکان نایەن لە شــاری خانەقیــن کاربکەن و تا ئێســتا لە کوردســتانەوە کــەس نەهاتووە لەم شــارە وەبەرهێنان بکات، لە عێراقیش عەقڵییەتی وەبەرهێنــان نییەو لە خانەقین کارگە و پرۆژەی تێدا نییە و ئەو کارگانەی هەشــبوون گوازرانەوە. بۆ یەکەمجار نەوت لــە عێــراق لە خانەقیــن دۆزرایــەوەو پاڵاوگەیەکــی نەوتــی لێ بــوو بە بڕیــاری حکومەتی عێراق حوســێن شەهرستانی وەزیری نەوت هەڵگیراو گوازرایەوە بۆ شوێنێکی دیکەی عێــراق، تا ئەم وەبەرهێنان و پرۆژانە نەبێت هەلی کار نابێت، لەلایەکی دیکە دەرچووی زانکۆ و پەیمانگامان هەیە دایانامەزرێنن و نە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجانیش گرفت لە شاردا دروســت دەکات و بەغدا داهاتــی ناوچەکەش بۆخــۆی بەتایبەتی ســنووری ئێران- خانەقین بۆخۆیان دەبەن لە بری ئەوەی پرۆژەی گەورە بۆ شــارەکە ئەنجام بدەن.

ئێســتا کۆمپانیایەکــی بەلجیکی هاتووە ماستەر پلانی خانەقین دادەنێت و بڕی دوو ملیارد دیناری لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بــۆ تەرخانکراوە و هەر ئێســتا مانگێکی دەستکردیان بە کرێگرتووە بۆ جێبەجێکردنی ماســتەرپلانەکە، بەمەش لــە زۆر گرفت رزگارمان دەبێ، نزیك مانگێك بەر لە ئێستا (٩٨٠) پارچە زەویمان بەخەڵکەکە داوە، ئەمەش بەپێــی بەرنامە و تاوتوێکردنی وەزارەتی پلاندانانــی عێراقەکە کە دەڵێ هێشتا شــاری خانەقین دوو لە سەدی کەمترە لە ڕێژەی نیشتەجێبوون و هەرچەندە لە ڕووی یاسایی تاپۆ ناکرێن، بەڵام سیستەمێکە وەکو ئیدارەی خانەقین جێبەجێمان کردووە و بەمەش قەیرانی نیشتەجێبوون تارادەیەك لە شارەکە چارەســەر کردووە. مەبەستیش لەم زەوی دابەشــکردنە زەمانەتە بۆ خەڵکەکە و باشترکردنی گوزرانی خەڵك، هەرچەندە بەپێی پێویست نەمانتوانیوە کارێکی ئەوتۆ بۆ بنەماڵەو کەســوکاری شەهیدان ئەنجام بدەین، بەڵام هەمیشە ئەوان جێگای ڕێز و تەقدیرن، هەرچەندە تارادەیەکیش توانیومانە خزمەتیــان بکەین و بە وارســی یەکەمی شــەهیدان پارچە زەوییەکیــان بۆ دابین بکەین.



# هونەر سەلیم لەدیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا:



# نەتەوەیەک بە مەرد و جوامێر دادەنێم کە لە رووبەرووبوونەی کەڵچەرو شارستانیەکاندا تەعدا لە نەتەوەی دراوسێی نەکات

## دەربڕینی سیاسی لە بەرهەمەکانی (هونەر سەلیم)ی سینەماکاردا

ماجید نووری ـ پاریس

لە دوایەمین رۆژی پێشەنگای نێودەوڵەتی کتێب لە فرانکفۆرت، کاتێك بە کامێرایەکی مینی DV-HANDycam وێنەی پارتێشنەکانی ناو هۆڵەکانی کتێبخانەکەم تۆماردەکرد، لای پارتێشن و بەشی چاپەمەنییەکانی فەرەنسایی هاوێنەی کامێراکەم کەوتە سەر ئەلبوومێکی رەنگینی بەرگ ڕوخامی، کامێرام دوورخستەوەو دەستم برد بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی، هەر لە بەراییەوە وێنەی برایانی (لۆمێر)ی تێدا نەخشێنرابوو، کە لە٢٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٩٥ز لە پاریس بە ئامێری سینەما تۆگرافی یەکەمین فیلمی سینەماییان نیشانی بینەران دابوو، رەنگە لەم رۆژانەدا یادی ١١٥یەمین ساڵەی لەدایك بوونی ئەم تەکنەلۆژیا مەزن و پەرجوو ئامێرە لە زۆر شوێن و کونجی دنیادا بکرێتەوە، هەر کەمێ لەملاترەوە بەسەر ڕەفی پارتێشنێکەوە، وێنەیەکی رەش وسپی (ئالان دیلۆن)ی ئەکتەری ناوداری فەرەنسی لەپاڵ کۆمەڵێ ئەکتەری جیهانییەوە بەبەرگی کتێبێکەوە بوون، لەوێدا بەپشت مێزێکەوە مازمۆزێلێکی فەرەنسیی دانیشتبوو، پرسیاری ئەوەم لێکرد داخوا ئەلبومێکیان هەبێت وێنەی فیلم و پاڵێوراوان و ئەو ئەکتەرو دەرهێنەرانەی تێدابن کە لە ڤیستیڤاڵە نێودەوڵەتیەکاندا خەڵاتیان چنیوەتەوە، ئەو کیژە بە پەنجە شووشەییەکانی ئاماژەیەکی کرد تا بچمەلای پیاوێکی کەشخەی جەنتلمانی کەڵەگەت کە لەگەڵ چەند کەسێکی یابانیدا بە زاری ئینگلیزی خەریکی گفتوگۆ بوون، دوای ئەوەی ئیزنم لێ وەرگرتن، هەمان پرسیارم لەویش دووبارەکردەوە، وتی بۆ وێنەی کێ دەگەڕێی ؟؟ وتم وێنەی دوو فیلمی کوردی (پەڕینەوە لە غوبار)ی شەوکەت کورکی و (کیلۆمەتر سفر)ی هونەرسەلیم،پێی وتم بەداخەوە نایانناسم، بەر لەڕۆیشتنم بانگی کردمەوەو ئاماژەی پێمدا کەمێك چاوەڕێی بم، وتم بۆ نا، هەمووی سێ دەقیقەی نەبرد چاوە شینەکانی غلۆر بوونەوە سەر لاپتۆپەکەی بەردەمی و ئینجا بەخەندەیەکەوە سەری هەڵبڕی و وتی لێرەدا تەنیا ئەوەندە زانیاریم چنگ کەوت، چەند ساڵێك بەری ئێستا دەرهێنەری فیلمێك بەو ناوەی تۆ بۆی دەگەڕێی (کیلۆمەتر سفر)ەکەیان، لە بەشی پێشبڕکێی ڤیستیڤاڵی کان (خەڵاتی شۆڤالیێ) زێڕینی پێبەخشراوە، لەدوای سوپاس و گۆڕینەوەی سەرلەقێی رەزامەندی چەند هەنگاوێك لەو پیاوە زانیاری بەخشە دووركەوتمەوەو لەناو مۆبایلەکەمدا کەوتمە پشکنین تا ژمارەی (فەرهاد پیرباڵ)م دۆزییەوەو دوای سڵاولەیەکترکردن وتم (هونەر سەلیم) چۆن بدۆزمەوە تا دیمانەیەکی لەگەڵ سازبکەم ؟؟ وتی لە پاریسە و بە مۆنتاژکردنی فیلمێکی تازەو تەعمیرکردنەوەی ماڵەکەیەوە سەرقاڵە، لەدوای گفتوگۆیەکی کورت و خێرا، ژمارەو ناونیشانی وی پێدام و هەرهەمان رۆژ لەرێی سەنتراڵ تراینی پاریس ـ برۆکسلەوە بە ترانزێت و بە شەمەنەفەر، ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتمە پاریس، لەبەر وێستگەکەدا چڕەدوکەڵ و هەرای مانگران ئاسمانی تەی دەکرد، لە بەرانبەر وێستگەی نۆردهارت ؛کامێرام بەرزکردەوەو لەنکاوڕا بوو بە مەحشەرێ هەر مەپرسن، لە دوای وێنەگرتنی مانگرانی پاریس، بەزەحمەت خۆم گەیاندە ناو کافیتریایەکی پاریسیانە لە نزیك ڕۆیلاڤایر ، هێشتا لێواری کوپی قاوەم بە دەمەوە بوو هونەر سەلیم و خاتوونێك بەناوی (یاسەمین خەزنەوی) کە دواتر زانیم ئەو خانمە بەڕێزە چوارەمین یاریدەدەری فیلمە تازەکەیەتی بە ناوی (گەر بمری. دەتکوژم) و بە گەیشتنی ئەوان بۆ کافتریا،جانتایان لەگەڵم هەڵگرت و چووینە کافیتریایەکی بێدەنگ و بێ هەرای ناو کۆڵانە تەسکەکانی پاریسەوە، هەر بە کامێرا مینی دیڤیەکەی خۆم کە (خاتوو یاسەمین)ڵێی وەرگرتم، دیالۆگێکی دوو کاتژمێری بۆ تۆمارکردین، ئەمەی لێرەدایە پوختەی دیمانە دوو کاتژمێرییەکەیە.

**سیناریۆکانم چیرۆکی کەڵچەرو فەرهەنگ و ئەو خاک و ئاوەیە کە منی تێدا لە دایک بووم**

**ترادسیۆن و کەڵچەری پاریسە وا رایاهێناوم هیچ دەمامکێکی دەستکرد بۆ هەستەکانم نەپۆشم و هەستەکان لەو قارەمانانەی فیلمەکانمدا بدۆزمەوە**

**هەر وەک چۆن مرۆڤەکان بەسەرهاتی جیاجیایان هەیە، نەتەوەکانی سەر زەویش بەسەرهاتی جیاجیایان بەسەردا هاتووە**

**گـــوڵان:** ســـەرەتا ئـــەوەم لـــە یاد مـــاوە لە توێژینەوەیەکـــدا بـــەم شـــێوەیە کرۆنۆلۆژیای فیلمەکانـــی تـــۆ ریزبەندی کرابوو ـ شـــێرۆ، بستێك ســـنوور، بووکی کوردســـتان، تەنیایی رەها، قاچاغچییەکانی خـــەون، ڤۆدگالیمۆن، کیلۆمەتر زیرۆ، دۆڵ ..تاد

وا هەســـت دەکەم تۆ لەدوای کیلۆمەتر زیرۆوە دەتەوێت بە سیاســـیانە فیلمی کوردی نیشانی بینەرانـــت بدەیـــت، واتە لـــە هەوڵدایت رەوتی سینەمایەکی سیاســـی بۆ بەرجەستەکردنەوەی کێشـــەی کورد و مەحروم بوونـــی گەلێك لە مافە ڕەواکانی دابمەزرێنی، بۆ نموونە هەرگیز ئەو دیمەنە ســـینەماییەی فیلمێکت کە (جوان حاجـــۆ) رۆڵی تێدا دەگێـــڕا لەبەرچاومان بزر نابێـــت کاتێ لە فیلمـــی (دۆڵ)دا بە کوردی گۆرانی دەچڕێت و ئەفســـەرێکی تورکی بۆ نازڵ دەبێت و گەفی لێدەکات چیتر بە کوردی گۆرانی نەڵێت ؛ لەزۆرگرتەو دیمەنی تریشـــدا ئەم سۆزەی تۆ بۆ نەتەوەکەت لە کارەکتەرەکانتدا رەنگیان داوەتەوە.

**هونەرسەلیم:** بە دیدو تێڕوانینی خۆم ستایل بۆ زمانی سینەمایی ستاندارد هیچ گرنگ نییە، ئەوەی گرنگ بێت ئەو چیرۆك و سیناریۆیەیە کە دەرهێنەر بۆ زمانی ســـینەمایی فۆرمێلەی دەکاتەوە ؛ من دەق لە کەس وەرناگرم، هەرخۆم سیناریۆکان ئامادە دەکەم، سیناریۆکانم چیرۆکی کەڵچەرو فەرهەنگ و ئـــەو خاك و ئاوەیە کە منی تێدا لە دایك بووم، منێکی کورد کە چاوم لە کوردســـتان هەڵێناوەو بەشێکی خۆڵی ئەوێم، یەکێکم لەو دەیان ملیـــۆن کوردەی کە دیرۆك و جوگرافیاو پیلانەکانـــی نێودەوڵەتی زوڵمیان دەرهەق کردون ؛ هەموو شـــتێکی کوردستان لە زاکیرەمدایە بە نەهامەتییەکانی . شادییەکانی . ساتە سەیرو سەمەرەکانی، ئەمانە ئۆتۆماتیکیەن لە کاتی نووسینی سیناریۆکەدا لە پێشمدا زیت دەبنـــەوە، منیـــش بێ ئـــەوەی دەمامکیان بۆ دابنێم، بە شـــێوازی تر و بە زمانی سینەمایی دەریاندەبرم، ترادسیۆن و کەڵچەری پاریسە وایان رایانهێناوم لەســـەرئەوەی هیـــچ دەمامکێکی دەســـکرد بۆ هەســـتەکانم نەپۆشم و هەستەکان لـــەو قارەمانانـــەی فیلمەکانمـــدا بدۆزمەوە، ئینجـــا هەر وەك چۆن مرۆڤەکان بەســـەرهاتی جیاجیایـــان هەیـــە، نەتەوەکانی ســـەر زەویش بەسەرهاتی جیاجیایان بەسەردا هاتووە، گرنگ ئەوەیە ویست و هەستە دەروونیەکانی قارەمانی فیلم بەبـــێ وەڵام لای بینـــەران بەجێنەمێنن، پێویستە دەرهێنەر سنوورەکانی بینین و ناسینی کارەکتەرەکان بۆ بینەران ســـادەو ئاسان بکاتەوە کـــە چ رەهەندو ناواخنێکی مرۆڤانەیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە.

**گـــوڵان:** پێم وایـــە گـــەر فیلۆلۆژیانە وێنەو گرتـــە ســـینەماییەکانت (دال)ێ بن، ئەوا بۆ ئـــەو وڵاتانەی کوردیان بەســـەر دابەشـــکراوە بە (مەدلـــوول) ێك گوزارشـــتی وێنەکانتیان تێدەگەیەنیت و پێیان دەڵێیت تا کورد داگیرکراوو چەوســـاوە بێت( ئەم دۆڵە هەرگیز نابڕێتەوە)، دەکرێت بڵێم ئەمە بۆ خۆی ستایلێکی تایبەتی سیاســـییە یان شەقڵێکی (هونەر سەلیم)ییە بۆ سینەمای کوردی ؟؟

**هونەرسەلیم:** دەبێت بمبوری کە پێت بڵێم من وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ ســـینەمادا دەکەم، وەك مرۆڤێکی هونەرکار نەك وەك سیاسی پیشەگەر، رەنگە سیاســـیش ئەتەکێـــت و رێگەی خۆی هەبێت بۆ مامەڵەکـــردن چ لەگەڵ دەوروبەردا و چ لەگـــەڵ مرۆڤدا، کـــە دەڵێم وەك مرۆڤ مەبەستمە بڵێم ئیتر ئەم مرۆڤە لە هەر رەگەزو نەتەوەیەك بێت بەلامەوە فەرق ناکات، ئەوەی بە لامەوە گرنگە مرۆڤ بە کارەکانی کە ئەنجامیان دەدات زیان بە کەســـانی تر نەگەیەنێت،خوای دەکرد بەســـەر شـــەقامەکانەوە خۆی ڕووت و قووت دەکردەوە، کاتێك تۆم گەیاندەوە ئوتێل بە چاوی خۆت ئەو کیژو کوڕە عاشـــقەت بینی کە لە نـــاو ئوتومبیلەکەیانـــدا یەکتریان ماچ دەکرد و سایدێکی شەقامەکەیان گرتبوو، کاتێك ئوتومبیلی پۆلیس گەیشتە تەنیشتیان دەبوایە شـــۆفێرەکەی غەرامە بکردایە بەڵام کە دیتی لە ناو عیشوەی عیشقدان بێ سەرزەنشت کردن بەجێی هێڵان، ئەمە بۆ پیاوێکی یاسا کە باش دەزانێـــت ئەرکەکانی خۆی چییە، بەڵام بەندی یاســـایی بەسەر خۆشەویســـتیدا فەرز ناکات، مەرج ئەوەیە ئەو دووانە ئازاری کەسی تر نەدەن، مەرجـــە بۆ هونەرکاریش کە کارەکەی لە کاری پۆلیس ناســـکترە بیری خۆی بە تۆبزی بەسەر کەســـانی تردا فەرزنەکات؛ کلێشەی پێشوەختە و حازربەدەســـت بەســـەر کەسدا نەســـەپێنێت، بەخۆشەویســـتی لە دەوروبەر بڕوانێت، هەر ئەم رێســـایەیە کە شـــمولی نەتەوەکانیش دەکات، نەتەوەیـــەك بە مەرد و جوامێـــر دادەنێم کە لە رووبەڕووبوونەی کەڵچەرو شارستانیەکاندا تەعدا لە نەتەوەی دراوســـێی نەکات؛ جێی شـــانازی منە لە فەرەنســـا کە دەڵێم گەلی کورد هەرگیز بەهۆی جیـــاوازی نەتەوایەتییەوە، تەعدای لە هیچ نەتەوەیەکی دراوســـێی خـــۆی نەکردووە گرنگتریش ئەوەیە ئەندامانی نەتەوەکەم لە ناو خۆشیاندا هەر وا بن بۆ یەك، بەڵام وەك وتم بۆ سینەماکارێکی وەك من لەم تاراوگەیەدا ئەو چیرۆکانە گرنگن کە کاری سینەماییان لەسەر دەکرێت، هێندە سانا نییە دۆزینەوەی چیرۆك بۆ کارێکی سینەمایی، رێبازی سیاسی و ستایلی هونەری کارکردنەکەش زۆر پێویست نین ..

**گوڵان:** باشە زۆر جار لە کوردستانەوە دەیبیستم کە لە وڵاتانی خۆرئاوادا بەهۆی باڵادەســـتی تەکنەلۆژیای ژمارەیی بەسەر هونەری سینەمادا دیمەن و گرتە سینەماییەکانیان سەرنج راکێشتر کردون، ئەم بۆچوونە لـــە بەرانبەر فیلمەکانی تۆش وتـــراون، گوایە ئێفێکتـــی دیجیتاڵی و کۆمپیوتەرو کامێرای پێشکەوتوو رۆڵیان هەیە لە پێشکەوتنی بواری سینەماییدا ؟؟تۆ خۆت چەند ســـوودت لەم پێشکەوتنەی ئێرەی پاریس وەرگرتووە ؟؟

**هونەرســـەلیم:** فیلم وەك شـــیعر وایە، شیعری ناوازە گەر بەسەر پشتی پاکەتێکی جگەرەشەوە بنووسرێت هەر دانسقەیە، شیعری ئاست نزمیش با لەسەر کانزای زێڕیش بنووسرێتەوە خۆ هیچ لە ئاســـتی شیعرەکە بەرز ناکاتەوە، با بەرزترین مۆدێلی کامێراشم هەبێت چ سوودێکی دەبێت گەر گۆشەکانی وێنەگرتنەکانم سەقەت بن، فیلمساز بەر لەوەی هەرچاوی لەســـەر وەدەستکەوتنی تەکنەلۆژیـــای نوێ بێت، زۆر باشـــترە بیر و روانین و خەیاڵەکانی بە سینەماییانە تێرو پاراو کردبێت،خۆ گەر بەهرەشی نەبێ کامێراش وەك ئامێرێکی بێ رۆح ســـفر دەبێتەوە،بەڵام باشترە بەهرەکەی زانســـتانە پەروەردە بکات تا پێبگات وپێ بزانێت چۆن گرتەو جووڵانەوە و مۆسیقاو دیالـــۆگ و هەموو وشەبیســـتراوەکانیش هەر ماناو مەبەســـتێکی تایبەتیان هەبێت سەرەنجام پێویستە لەگەڵ ئامانجی سەرەکی فیلمەکەیدا گونجاوبـــن، رووداوو شـــوێنکات و شـــتەکان هاوســـەنگ بکات بە هێزی رۆحی فیلمەکە، دەرهێنەرلەبری ئامێری باش خەیاڵێکی هزریی باشی پێویستە، تا وێنەکانی پێ بخولقێنێت، من خەیاڵی لۆژیکیم پێویستە تا بیرۆکەی سیناریۆ بخولقێنم، وەك دەرهێنەرێکیش هەموو شـــتێکی دەوربەرم کارم تێدەکەن، ئینجا ماوەیەك شتەکان لە بیردەکەم ودواتر لەنەســـتمدا سەیڤ دەبن و بە شـــێوازی تر و جیاواز لەو شێوازە واقیعیەی روویانداوە، بە کامێرا دەیانڕوێنمەوە ..

**گوڵان:** باشە مەرج نییە تۆ لە فیلمێکدا پەیامی خۆت لە رێی جاڕدان و خوتبەو ئامۆژگارییەوە بە بینەران بدەیت و فێری وانەکانی رەوشـــتیان بکەیت ؟؟

**هونەرســـەلیم:** کەس لـــە ئاســـمانەوە بەمنی رانەگەیانـــدووە ببمـــە پەیامبـــەری خەڵکی، نەمامۆستام و نە مەلای مزگەوت، نە بیرمەندو نـــە تیۆرریژی رەوشـــت و بیر و بـــڕوا دەکەم، هیچ حەقم بەســـەر شـــێوازەکانی بیرکردنەوەی خەڵکییەوە نییە، رەنگە پەتاتەو عەشقی کیژێك و تیراژیدیای میللەت و گریانی منداڵێك هەر یەکە و بەشـــێوازێك بموروژێنن و پێکەوە لەسەر خوانی فیلمێـــك کۆیانبکەمەوە، کاتێك زوڵمی

حوکمدارێك لـــەوەدا ببینمەوە کـــە بەزۆرەملێ فرمان بەسەر خەڵکیدا دەدات ئیتر چۆن منیش بە چ حەقێك بیرو رای خۆم بەســـەر بینەراندا بسەپێنم؟!

خەڵکی بـــۆ زاڵبـــوون بەســـەر گرفتەکانیان ئازادن لەوەی چۆن هۆشـــیارانە یان گەوجانە هەنگاو دەنێن، با چاوەڕوانی ســـینەما نەکەن چارەســـەریان بۆ بدۆزێتەوە، گـــەر ئەمە ببێتە ئەرکـــێ لە ئەرکەکانـــی فیلم واتـــە روانینی خەڵکی ئاڵۆزدەکەیـــن، بەڵام کە لە گرتەیەکدا کورســـییەکم بە بەرەواژی دانـــاوە تۆی بینەر چاوەڕێی راڤەکردن لە منەوە نابێت بکەیت ..

**گـــوڵان:** ئەی راڤەکردنی گرێچن و رۆیشـــتن لەگەڵ کەشی گشتی سیناریۆو بەرجەستەکردنی کەسایەتیەکانی ئەکتەرەکان کاری کێن ؟؟

**هونەرســـەلیم:** برا (خەندەیەکی سەیری کرد لە مەغزای نەگەیشـــتم) مەرج نییە هونەرمەند هەموو جۆرە ستیلێکی بۆ لۆجیکاندنی شتەکان پێ بێت، نەریالیزم نەکلاســـیك نەدەربڕینخوازی بەمانـــە کار ناکـــەم ؛ من کە شـــەش ســـاڵ جارێك ئامـــادەم لەگەڵ رۆژنامەیەکی کوردیدا دیمانەیەك بکەم ئا لەم خاڵە دەترسێم، پرسیاری ئەوەم لێبکەن وەك ســـینەماکاری کورد ئەرك و پەیامم چی بێت ؛ئایا رێبازو ستایلی کارکردنم چیـــن، ئەمانـــە وتنەوەیان کۆن بـــوون، رەنگە وەڵامەکەم غروری زۆر کەس تێر بکات کە دەڵێم لۆجیکاندنی شتەکان و رووداوەکان نەکاری منن نەخولیای کارەکانیشمن، راستە هەموو تاکێك لە ناو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنانەدا پێویستی زۆری بە سادەکردنەوەی ژیان و شتەکانی دەوروبەرێتی، ئەمـــە لەکاتێکدا لەناو وڵاتە ئیســـلامیەکاندا لەبری تاك، ئومە پیـــرۆز کراوە، ئازادییەکانی تاك دەکرێنە قوربانی ئومە، لە ئومەتێکیشـــدا خۆشبەختی نابینم کە شـــتەکان لە تاك ئاڵۆز بکات، گرێ وگۆڵ بۆ هەڵســـوکەوتی ئازادانە بدۆزنەوە ؛ ســـنوور ودیـــوار و مەحرەمات بۆ ئازادییەکان هەڵچنن، رەنگە ئەمە بابەتی فیلمێك بێت و ئەرکی من بێت ســـیناریۆی بۆ بنووسم، هەر وەك رۆمانـــی ((تفەنگەکەی باوکم)) کە بۆ پازدە زمانی زیندووی جیهانی وەرگێردراون، پێویستە سینەما ببێتە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی بەمەش ئینترۆپۆلۆجیکانە روانینی دەرهێنەری دەوێـــت تا بە قووڵی رۆبچیتـــە ناو رووداوەکان بەڵام بە سادەیی لە وێنەدا دەریان ببڕیت ..

**گوڵان:** راستە. فکرە قووڵەکان بە زمانی سادە بوترێن خۆشـــن، بوارم بدە منیش بە سادەییەوە پێت بڵێم ئەنارشیزمێکی نەرم و ئاشتیخوازێکی گەرم دێیتە بەرچاوم !!

**هونەرســـەلیم:** ئازادیـــت لەوەی چـــۆن دێمە بەر چـــاوت، نامەوێت بـــازووی فکری خۆم بەدیاربخەم، فشە ناکەم، بێم سەعاتێك باسی ئەو هەموو شێواز و ستایلی کارکردنەی هونەرت بۆ بکەم، نا، ئەوانەی ئەم کارەش دەکەن با کەمێك خۆیان فش بکەنەوەو خۆیان بن نەك کەســـانی تر، بیـــردۆزی نەگۆڕ لە ســـینەمادا نییە، بە زۆر شـــێوە دەتوانرێت باس لە خەباتی مرۆڤ بکرێت دژ بە کارەســـاتەکانی کە لەسەر زەوی غرور دروستیان دەکات، ئەوانەی بە قسەی زلی کەسانی تر خەڵکی ســـەرقاڵدەکەن کارتۆنێکی بۆشـــن، حەق نییە میدیای کـــوردی بکرێتە مینبەری کارتۆنە بۆشەکان ..

**گوڵان:** بەو حوکمەی تۆ نیگارکێشیشی، لەوانەیە رەگەزە وروژێنەرەکانی بینین، یان کارتێکەرەکانی چاو جار هەبێ میزاجی دەرهێنەرو تەکنیککار بگۆڕن .ئەوانە کاریگەرییـــان هەیە لای کارە هونەرییەکانت؟؟

**هونەرسەلیم:** هەموو شتێك کاریگەری لەسەرم هەیـــە ؛ هیچ شـــتێکیش کاریگـــەری نییە، گەرسیناریۆی باش یان چیرۆکی کوردی باش هەبن، ئەوانی تر لـــە کاتی وێنەگرتندا خۆیان دروست دەبن ..

**گوڵان:** بەرلەوەی بێمە پاریس د. فەرهاد پیربال بە تەلەفون پێمی وت ســـەرقاڵی مۆنتاژکردنی فیلمـــە تازەکەتـــی، دەکرێت لـــەم بارەیەوە بۆ خوێنەرانی گوڵان شتێك باس بکەی ؟؟

**هونەرسەلیم:** دوا کارم نەك دوایەمین، فیلمێکە بە ناوی (( ئەگەر بمری . دەتکوژم )) ماوەی دیمەنەکانی ئـــەم فیلمە ســـەعات و نیوێکە، ئێســـتا هەندێ وردەکاری لـــە مۆنتاژدا ماوە، دوو کەناڵی ئاسمانی فەرەنسی سپۆنسەری ئەم فیلمەن و تەنیا مافی نیشـــاندانیان لە شاشەی خۆیانەوە لێ وەرگرتووم، کاتێ باسی فیلمەکەم بۆ کردن هەڵیانســـەنگاندو دەرختەیەکیان بۆ کرد تا بزانن بە چەندو چۆن دروســـت دەکرێت، بەڵام تەنیـــا ئەو مەرجە لای مـــن هەبوو کە کوردســـتان و کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان ئازادبن لەبڵاوکردنەوەو پەخش کردنی فیلمەکە بە خۆڕایـــی، هەرچەند گلەییشـــم لە کەناڵە کوردییەکان هەیە، هێندەی گرنگی بە سەماکار و گۆرانیبێژانی عارەب و تورك و فارس دەدەن ئەوەندەش پێشخســـتنی هونـــەری کوردییان لا مەتڵەب بوایە شـــتێکی باشیان دەکرد، چونکە ئەمیان لە پێشـــترە بۆ ئەوان، ئێستا ئەم فیلمە بۆ دیالۆگە کوردییەکەی ژێرنووســـی زمانی فەرەنســـی کراوە و بانقێکی ئەهلی حکومەتی فەرەنساش بە رێکخستنی کارە داراییەکانی ئەم فیلمە هەستاوە، سیناریۆو دەرهێنانی هەر هی خۆمە و چوار یاریـــدەدەری دەرهێنەرم هەیە بە ناوەکانـــی : ئۆلیڤیا و نومابیا و دکتۆر ئیلماز ئوزدیل و یاسەمین خەزنەوی، یاسەمینم لە ناو سەدان هونەرکاری ئەو بوارە هەڵبژاردوە چونکە پشوو درێژە و بە گشتی لە هونەری سینەمایی تێدەگات ..

ئەکتەرێك بە ناوی (جۆناســـان زەکایی) رۆڵی فیلـــپ دەگێڕێت ئەم ئەکتـــەرە لە دوا فیلمی رۆبـــن هوودی ریدلی ســـکۆت یەکێك بووە لە ئەکتەرە ســـەرەکییەکان، (گوڵشفتە فەراهانی) رۆڵی سیبا دەگێڕێت، ئەمیش لەگەڵ دیکابرۆ لە فیلمی درۆی دەوڵەت رۆڵی کارای هەبوو، ئەکتەری بـــە تواناش (جـــەن بیرکین) رۆڵی جنیفەری هەیە کۆمەڵێـــك ئەکتەری ناوداری کوردیشـــی تێدایە لەوانـــە (نەزمی کریك) کە ئێستا دانیشتووی ئیستەنبولە هەروەها (ئوست نۆژەن) حیکایەتخوانە،( مەنداراس سامانجێلار) یش رۆڵێك دەگێڕێت، دوو کەناڵە فەرانسییەکە رۆژانە زیاتر لە بیست ملیۆن بینەریان هەیە، واتا من بە فیلمێکی کوردی ـ فەرەنسی کەڵچەری کوردی بە میوانیی دەخەمە ناو بیســـت ملیۆن ماڵـــەوە، ئـــەو دوو کەناڵە پـــلان و بەرنامەی زانستیان و هەیە بۆ هەڵبژاردنی کاری باش لە پارە بەخشین درێغی ناکەن، وەك هەندێ کەناڵی لای خۆمان نین کە یاریزانێکی وەك رۆناڵدینۆ دابەزێننە ئاســـتی یاریزانێکی لاکۆڵانەکانەوە و لەپاڵ یەکتر ریزیان بکەن، خۆ گەر ئەمەی من دەیکەم بەسیاســـەتکردنی سینەمای کوردیشی ناو بنێی دیارە ئەم سیاسەتە چ بەرژەوەندییەکی کوردانەو هونەرییانەی لە پشتە .

**گوڵان:** دوا پرســـیارم ســـەبارەت بە (خەڵاتی تارکۆفسکی ) یە، دەمەوێ بزانم لە بەرانبەر چ فیلمێکت ئەم خەڵاتەت پێ بەخشراوە ؟

**هونەرســـەلیم:** ئـــەوە یەکێکـــە لـــەو خەڵاتە جیهانیانەی کە لە بەرانبەر سەرجەم بەرهەمەکانم پێیان بەخشـــیوم و بە تایبەت لە دوای فیلمی (بن بانەکانی پاریس ..) کە لە ئەوروپا زۆریان لەســـەر نووسیوە و ســـەدایەکی بەرفراوانی لە نـــاو بینەرانی فیلم و رەخنەکاران داوەتەوە، هەر چەندە رای بینەرم لەلا پەســـەندترە وەك لە رای رەخنەکار ..

**گوڵان:** هاتنم بۆ پاریس و دانیشـــتنم لەگەڵ بەڕێزت لە دیتنی مۆزەخانەی لۆڤەر گرنگترە.

**هونەرســـەلیم:** رێزم بە ستافی گۆڤاری گوڵان بگەیەنە و بە هیوام ئەم رۆحی خزمەت گەیاندنە بە هونەرو بوارەکانی تری کە ســـوود بە کورد دەگەیەنن هەر وا زیندووبن چ لای ئێوە چ لای هەموو ماسمیدیای کوردستان ..

***

**تێبینی:** لە زۆر کاتی گفتوگۆدا کە دەمەویست باس لە فیلمەکانی تری بکات، دەیوت ئەو پرسیارە با تەرك بێت، باشترە لە بینەرانی بکەیت، چونکە وا فێر نەبووم لەسەرهەموو وردەکاری کاری پێشوو یان داهاتووم روونکردنەوە بدەم ..

یەکێکم لەو دەیان ملیۆن کوردەی کە دیرۆک و جوگرافیا و پیلانە نێودەوڵەتیەکان زوڵمیان دەرهەق کردون

رەنگە پەتاتەو عەشقی کیژێک و تیراژیدیای میللەت و گریانی منداڵێک هەر یەکە و بەشێوازێک بموروژێنن و پێکەوە لەسەر خوانی فیلمێک کۆیانبکەمەوە

سینەما دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و ئینترۆپۆلۆجیکانەیە، روانینی دەرهێنەری پێویستە تا بە قووڵی رۆبچێتە ناو رووداوەکانەوە